عەباس عەبدولڕەزاق

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
PATRIOTIC UNION OF KURDISTAN
مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری - بۆردی هۆشیاری

# ڕاگەیاندن و هونەر لە شۆڕشی نوێدا

## بۆردی هۆشیاری

ئۆرگانێکی هۆشیاری و رۆشنبیریی سیاسییە، لە چوارچێوەی مەکتەبی راگەیاندن و هۆشیاری، بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی پێنجەمین کـۆنگرەی (ی. ن. ك) لە ساڵی ٢٠٢٣ دامەزراوە.

ئەرکەکانی بریتین لە: دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی فیکری و سیاسی و حزبی، لەبەر رۆشنایی بنەما فیکری و سیاسییەکانی پەیڕەو و پرۆگرامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ئاشتی و مافی چارەی خۆنووسین، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسی، سیکۆلاریزم، مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی، تاوتوێکردنی پرسەکانی بیری هاوچەرخ و رەوتە فیکرییە نوێیەکان، دابینکردنی ئەدەبیاتی رێکخراوەیی، ئەرشیفکردن و دووبارە چاپکردنەوەی بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەرهەمەکانی سەرۆك مام جەلال، نووسینەوەی مێژووی (ی. ن. ك) و شۆڕشی نوێ و رۆڵی لە بوژاندنەوەو درێژەپێدانی گیانی خەبات و بەرگری.

عەباس عەبدولڕەزاق

# ڕاگەیاندن و هونەر لە شۆڕشی نوێدا

» ڕاگەیاندن و هونەر لە شۆڕشی نوێدا
» نووسین: عەباس عەبدولڕەزاق
» دیزاین: کەمال حامد
» تیراژ: 500 دانە
» ساڵی چاپ: 2025
» چاپ: چاپخانەی پیرەمێرد
» زنجیرە : (560 - 74)

لە بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە سپاردنی (1586) ی ساڵی 2025 پێدراوە

لەبڵاوکراوەکانی بۆردی هۆشیاری - بەشی ئەرشیف و مێژوو
مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

www.hoshyary.com inf@puknow

# پێشکەشە بە:

پێشکەشە بە:

– (نەجـات خـان)ی خێزانـمو منداڵەکانـم، کـە ڕۆژانـی سـەختی ڕوداوی ئـەم فیلمـە دیکۆمێنتاریەیـان کێشـاوە، تووشـی ڕاونـانو دەربەدەریـی بـوون بۆئـەوەی لەخەبـاتو تێکۆشـان بـەردەوام بـم.
– مامۆسـتایانو خوێندکارانـی بەشـی ڕاگەیانـدن؛ کـە یەکـەم بـەردی بناغـەی کۆلێژێکـی ڕاگەیاندنـی کوردییـان دانـا.
–ئـازاد خانەقینـی گیانـی شـاد کـە هاوکاریـی زۆری کـردم لـە زانیارییەکانـی کـە لەبـەر دەسـتی بـوو.

## پێشەکی:

ئـەم توێژینەوەیـە کـە دەیبینیـن یەکێکـە لـەو فیلمانـەی کـە زۆربـەی زۆری وێنەکانی دۆکۆمێنتن، کاتی خۆی بەچەند ئامێرێکی سادە تۆمار کـراوە، ئێسـتا بۆتـە سـەرچاوەی دۆکۆمێنتاریـی شۆڕشـی نوێخـوازی گەلەکەمان. دەزگای ناوەندی ڕاگەیاندن لەسالانی سەختی خەباتیدا چەندیـن گۆڕانکاریـی بەسـەردا هاتـووە بـەڵام خزمەتێکی گـەورەی بـە هونـەرو ڕاگەیاندنی کوردی کـردووە.

هەنـدێ سـەرچاوە لـەدوای ڕاپەرینەکانـی گەلـی کوردسـتان خرایـەڕوو زۆر بـەوردی لەسـەر ئـەو هەوڵانـەی کـە لـەو سـەردەمە درابـوو، گونـد بەگونـد چاپخانـەکانو ڕادیـۆ و دامـوو دەزگاکانـی ڕاگەیانـدن پێیـدا دەڕۆیشـتنو ڕۆڵـی کاریگـەری خـۆی بەجێدەهێشـت.

بەشـی سـینەما لـەو سـەردەمانە کـە مـن خـۆم یەکێـک بـووم لـە ئەندامەکانـی ئـەم فیلـم و بەڵگەفیلمانـەی وێنـەی بەجێهشـتووە، دەکرێت بڵێیـن یەکـەم جـارە لەشۆڕشـی گەلـی کوردسـتاندا کامێـرا هاوشـانی چـەک بەشـانی پێشـمەرگەوە بێـت.

بێگومـان بۆکارێکـی وا کـە سـەرچاوەی پێویسـتو فیلمـی پێویسـت لەبەردەسـتدا بـێ، گیروگرفتێکـی زۆر دروسـت دەکات، ناتوانیـن بـەوردی ئامـاژە بەهەمـوو لایەنەکانـی بابەتەکـە بدەیـن، بۆیـە لێـرەدا پەنـام بردۆتـە بـەر خشـتەی بابەتەکـە کـە لەسـەرچاوە نوسـراوەکاندا هاتـووە، چاوپێکەوتنـی ئـەو کەسـانەی کـە بەشـداربوون.

**ئەم فیلمە لەسێ بەش پێکهاتووە:**

بەشـی یەکەم: چاپخانـەو چاپەمەنیەکانیـان. زیاتـر سـودم لـەو فیلمـە دۆکۆمێنتاریانـەی کـە کاتـی خـۆی وێنـەم گرتـووە، بەتایبەتـی وێنـەی ئەرشـیفی بڵاوکـراوەکان:

بەشیدووەم: ڕۆڵی گرنگی رادیۆ

بەشی سێهەم: ئەدەبو هونەر

هیوادارم کە ئـەم توێژینەوەیـەش وەک هـەر هەوڵێکی تـری بەرچاوی نێو هەوڵـە زانسـتییەکانی بـواری راگەیاندن بتوانێت کەلێنێکی بچووکی نێو زانیارییەکانی راگەیاندنی کوردی پڕبکاتەوە.

## فیلمی دۆکۆمینتاریی بۆچی؟

فیلمـی دۆکۆمینتـاری[1] Documentery ، ئـەو فیلمانـە دەگرێتـەوە کە زیاتر لـە شـوێنو کاتی خـۆی ئەنجام دەدرێت، واتـە کەسانی راسـتەقینە لەنـاو ڕووداوێکی واقعی بەبێ نواندن.

لـە فیلمـی دوکۆمینتاریـی زیاتـر جەخـت لەسـەر ناوەرۆکـە بەبـێ ئـەوەی گرنگی زۆر لـە شـێوازو جۆری وینەگرتـن بدرێت، چونکە ئەو بابەتـەی لـە ڕوداوێکـی ڕاسـتەوخۆدا وێنـە بگیرێـت بێگومـان سـەرنج ڕاکێشو جێی بایـەخ دەبێت.

ناوەڕۆکی فیلمی دۆکۆمینتاریی لە بـوارە جیاجیاکانـەوە سـەرچاوەی گرتـووە وەک کۆمەڵایەتـی، زانسـتی، مێژوویـی، هەواڵـی ... هتـد یـان پێداچونەوەیەکـی ورد لـە چوارچێـوەی دیاریکـراوی بابەتێکـدا.

ئامانجـی سـەرەکی فیلمـی دۆکۆمێنتاریـی گەیاندنـی زانیـاریو بەرزکردنـەوەی ئاسـتی هۆشـیارییو پەروەردەیـی و توێژینەوەیـی

---

[1] فرانکیۆ جیمس بیپۆر، تەرجەمەی بیژن أشتەری – فەرهەنگ واژەهای فیلم.

دەبێت.

ئێستا لە سەردەمی گەشەکردنی تەکنەلۆجیاو سەرهەڵدانی گلۆبالیزم وێنە دەبێتە سەرچاوەی گرنگی ڕاگەیاندن، هەروەها دەبێتە هۆیی سەرەکی بۆ ڕاستگۆییو زانیاریی پێویست.
سەرهەڵدانی فیلمی دۆکۆمینتاریی دەگەڕێتەوە بۆ پێداویستییەکانی مرۆڤ لە زانستی سروشتو تێگەیشتن لە میللەتان، بۆیە دەبێت لێرەدا ئاماژە بۆ فیلمە بەناوبانگەکەی (فەرەهایتی)[2] بکەم کە چەندین ساڵ لە قوتبی (باشوور) وێنەی دابونەریتو ململانێی مرۆڤ لەگەڵ بەستەڵەکو جوانی سروشتدا گرتووە، بۆیە فیلمی (نانۆکی قوتب) بەیەکەمین فیلمی دۆکۆمینتاریی دەژمێردرێت.
هەروەها ئامانجی فیلمی دۆکۆمێنتاریی جگە لە هۆشیاری، گەیاندنی زانیارییەو کاریگەریی هەبووە لەسەر گۆڕینی سیستەمی سیاسیو ئابوریو پەروەردەییو ڕۆشنبیری گشتیو تەندروستیو هتد. دۆکۆمینتارە بەریتانییەکان لە ساڵەکانی ١٩٢٠ ز لەسەردەستی (جان کریرسن) سەری هەڵداو کاریگەریی زۆری هەبووە لە دروستکردنی ڕای گشتی.

## بایەخی فیلمی دۆکۆمنتاری

بایەخی فیلمی دۆکۆمینتاریی دەگەڕێتەوە بۆ بنەما سەرەکییەکانی ڕۆڵی وێنەو کاریگەریی بەسەر بینەردا، وەک (ئالان پارت) ئاماژەی پێدەدات (ئەو وێنانەی کە لە بەردەستماندایە واقیعە بەڵام ئێستا بەو شێوەیە نییە)[3] بێگومان ئەم بۆچونە ئەوەمان بۆ دیاری دەکات کە ئێمە دەتوانین لە ڕێگەی ئەو وێنە دۆکۆمینتاریانەوە توێژینەوەی

---

[2] فەرەهایتی-دەرهێنەری بەناوبانگی.
[3] داریوش نوروزی، سید أحمد پایداری – فیلمی کوتاه سینمای مستقل.

ورد لەسـەر مێـژووی هـەر بابەتێک کـە لەوێنەکـەدا هەبـێ ئەنجـام بدەیـن، ئەمـە جگـە لـەوەی لـەم سـەردەمەدا لـە چرکەیەکدا دەتوانیـن لـە ڕێگـەی وێنـەی نێـردراوەوە ئاگادارییـو زانیاریـی تـەواو وەرگریـن لەسـەر ڕوداوە گرنگەکانـی جیهـان، لێـرەدا ئەوەمـان بـۆ دیاریـدەکات کـە وێنـە زمانێکـی ئاسـانە بـۆ تێگەیشـتنی زۆربـەی چیـنو توێژەکانـی کۆمـەڵ، دەتوانـن سـودی لێوەربگـرن بۆیـە لێرەدا گرنگی بابـەت دەبێتـە کاری سـەرەکی دۆکۆمێنتـار وەک (جـان کریرسـن)[٤] دەڵێـت : (فیلمـی دۆکۆمینتاریـی دەسـتکەوتی داهێنانـی واقعییەتـە).

ڕۆڵـی فیلمـی دۆکۆمینتاریـی دەستنیشـان کردنـی دیاردەکانـەو ئاڕاسـتە کردنیانـە بـە بـەرەو ئامانجـەکانو هۆشـیارکردنەوەی تـاکو ئاگادارکردنـەوەی ئاڵوگۆڕەکانـی دەوروبـەری.

ڕیکلام[٥] وەک ژانرنکی گرنگی دۆکۆمێنتاریی، بەهۆی بەربڵاوبونی پانتایی کاریگەریی لەسـەر بینـەران، وێنە گەشـەی کـردو ڕۆڵـی گرنگی دەبینـی لـە هەمـوو بوارەکانـی ژیـان. لەبـەر ئـەوە سـینەمای ئینگلیـزی سێ بنەمـای سـەرەکیو پێویسـتی بۆ دۆکۆمینتـارەکانو گەشـەکردنیان دانا:

١- گەشـە کـردنو کامڵ بوونـی دیموکراسـی سیاسـیو گەشـەکردنی ئاسـتی هۆشـیاریی کۆمەڵایەتـی.

٢- سـەرهەڵدانو گەشـەکردنی ڕاگەیانـدنو ئامرازەکانـی گەیاندنـی زانیـاری بەتایبەتـی دوای ئـەوەی کـە ڕۆژنامـەکان توانیـان بەتیراژێکـی زۆر لەچـاپ بدرێـت ئازادانـەو ڕاسـتگۆیانە زانیارییـەکان بـڵاو بکەنـەوە لـە گەشـەکردنی سـینەماو ڕادیـۆ.

٣- گەشـەکردنی ڕیـکلامو پەیوەنـدی گشـتی بـۆ ڕێکخسـتنی شـێوازی ژیـانو دەسـەڵاتی یاسـاو دروسـت بوونـی ڕای گشـتی لـە نـاو کۆمـەڵ، لـە ڕێـگای ئامرازەکانـی گەیانـدنو نزیکبوونـەوەی بیـرو ڕاکان

---

٤ جیم هیلر –الن لاول– پژوهژهای دەر سینەمای منستند.

٥ کریستین میتز، نشانەشناسیسینما، ترجمە:روبرت صافاریان.

بـووه بەشـێکی گرنگـی کۆمەڵـگای مۆدرێـن.
لەگـەڵ داهێنانی( TV) لـە کۆتایی چلەکاندا ژانری فیلمی دۆکۆمێنتاریی ڕەگـەزە سـەرەکییەکانی گەشـەکردنی بەدەسـتهێنا:
١- فراوانبوونی چوارچێوەی بینەران.
٢- پشتگیریی دارایی و دابینکردنی بودجەی تەرخان کراو بۆی.
بەدامەزراندنـی کەناڵـە جیاجیاکانـی (TV) کـە بوونـە سـەرچاوەی سـەرەکی بابەتەکانـی فیلمـە دۆکۆمینتارییـەکان، بـوو بـە ژانـری سـەرەکی ئـەو کەناڵانـە. تەنانـەت دەتوانیـن تەلەفزیـون ناوبنێـن بـە (سـندوقی دۆکۆمێنتاریـی)،[٦] بەرهەمەکانـی بـوو بـەکاڵاو بـازاڕی پەیداکـرد.
لەگـەل گەشـەکردنی بوارەکانـی ژیانـی ڕۆژانـەو پێویسـتی سـەردەم وگەشــەکردنی تەکنەلۆژیـا ژانـری دۆکۆمینتاریـی لەکەناڵەکانـی تەلەفزیـۆن شـێوازی جیـاوازی لـە خۆگـرتو لـق وپۆپـی جـۆراو جـۆری لێبـۆوەوە کـە لـە چوارچێـوەی ئـەم بنەمایانـە دیـاری دەکرێـن:

### ١- هەواڵی ڕۆژنامەوانی:

ئـەم بوارانـە دەگرێتـە خـۆی (هـەواڵ، لێکۆڵینـەوە، بەدواداچـون، چاوپێکەوتـن و لێدوانـی ڕۆژنامەوانـی).

### ٢- کۆمەڵناسی:

جەخـت لەسـەر پرسـەکانی کۆمەڵایەتـیو دابونەریتـی گروپـە جیاجیاکانو میللەتـان دەکاتـەوە، فیلمـی دۆکۆمینتاریـی وەک تۆێژینەوەیـەک بـەکار دێت بۆ لێکۆڵینـەوەی بـارە جیاجیاکانی ژیانی ڕۆژانـەی دانیشـتوان وبـاری ڕامیـاری وجوگرافیـا وگەشـەکردنی کۆمـەڵ.
وەک لـە فیلمـی (نانۆکـی قوتـب) کـە دەرهێنەرەکـەی (فەرهایتـی)ە کـە باسـی داب ونەریتـی دانیشـتوانی ناوچەیەکـی قوتبـی دەکات.

٦ فرانکیو جیمس بیپۆر، فرهنگ واژهای فیلم، ترجمە: بژن اشتری.

**٣– پەروەردەیی:**

دۆکۆمینتاریی کارەکانی بەمەبەستی پەروەردەیی ئەنجام ئەدرێت وەک (لێکۆڵینەوە زانستییەکان، دیاریکردنی ئاستی هۆشیارییو نەخوێندەواریی لە وڵاتاندا)، ئەمە جگە لەوەی دەبێتە هۆکاریک بۆ پەروەردەو فێرکردنی زانستی، بۆیە ساڵانە (UNCEF) بودجەی تایبەتی تەرخان کردوە بۆ ئەم فیلمە دۆکۆمینتاریانە، ئێستا بواری پسپۆری هەیە لە کەناڵەکانی (TV)دا، وەک پەروەردەیی، زانستیو وەرزشی. هەروەها لەلای خۆشمان چەند کەناڵێک تایبەتمەندی پسپۆری خۆیان دیاریکراوە وەک (TV) پەروەدەو (TV) وەرزش.

**٤–گۆڤار:**

بۆیە ئەم بەشەی بەرنامەکانی (TV) بەگۆڤار ناوزەد دەکرێت ئەو شێوازانەی زیاتر لەگۆڤار دەچێ، کە تێکەڵە لەدۆکۆمینتارو فیلمی کورتو فیلمی هەواڵیی، یان ئەو بەرنامانە کەچەند بڕگەیەکی جیاواز پێکدێنێت، یان بابەتی چاوپێکەوتن و ریپۆرتاژ و میوانداریی لەناو ستۆدیوو پەیوەندی لەگەڵ جەماوەری دەرەوەی کەناڵی جیاوازدا. لێرەدا دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە تەکنیکو شێوازی فیلمی دۆکۆمینتاری بەهەمان شێوەی فیلمی(داستانی) لە گۆڕاندایە، بێگومان ئەم شێوازانە هەریەکەو کومەڵێک مێژووی تایبەتی خۆی هەیە زیاتر جەخت لەسەر ناوەڕۆک دەکاتەوەو کەمتر گرنگی بەتەکنیک دەدات، لایەنێک لە گۆرانکارییەکانی دۆکۆمینتاریی لە شێوازی دەربڕینی دیالۆکەکانەو چۆنێتی خستنەڕو و دروستکردنی کەشی مشتو مڕ (مجادلە) لەبارەی ئایدۆلۆژیایە، ئەمەش هەمیشە لە گۆڕاندایە.

## بەشی یەکەم

# چاپخانەکان و بڵاوکراوەکانیان

## چاپخانەکانو بڵاوکراوەکانیان:

ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک) لە ساڵەکانی دامەزراندنو پێشتریشدا بەردەوام بووە، بۆ یەکەم جار پێش دامەزراندنی ڕادیۆ تەنها لە بڵاوکراوەو (ڕاگەیاندنی سەربازی) و هەندێناملیکەی ڕێکخستنی نهێنیدا خۆی بینییەوە، کە زۆربەی چاپەمەنیەکان لە شێوەی جیاجیا بەچاپ گەیشتوە، بۆ نموونە لەدەرەوەی وڵات وەک (سوریاو لبنانو ڕۆژئاوا)، لە ناوەوەی وڵاتیش لە شارەکاندا بەشێوەی نهێنی بەسودوەرگرتن لە ئامێرەکانی ڕژێم لەفەرمانگەکان.

پاش دەسپپێکردنی خەباتی چەکداریی، دروستبوونی ناوچەی ئازاد لەشاخدا، چەندین چاپخانە کاری کردووە لەشوێنی جیاجیا بەم شێوەیەی لای خوارەوە: [٧]

١- ڕاگەیاندنی کۆمەڵە ١٩٧٠-١٩٧٥.
٢- ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک) لە دەرەوەی وڵات ١٩٧٥-١٩٩١.
٣- ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک) لەناوەوەی شارەکاندا ١٩٧٥-١٩٧٦.
٤- چاپخانەی مەرکەزی (شەهید ئیبراهیم عەزۆ) ١٩٧٦-١٩٩١.
٥- ڕاگەیاندنی بزۆتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و(ی.ش.ک).
٦- چاپخانەی (شەهید جەعفەر عەبدولواحید) ١٩٨١-١٩٨٨.
٧- چاپخانەی کۆمەڵە ودەزگای ڕۆشنبیری کۆمەڵە ١٩٨١-١٩٨٨.
٨- چاپخانەی (شەهید عەبدولخالق مەعروف) ١٩٨٤-١٩٨٨.

---

٧ ئازاد خانەقینی، مادینا.

## ١- بڵاوکراوەکانی کۆمەڵە (م.ل) ١٩٧٠-١٩٧٥

بڵاوکراوەکانی کۆمەڵە لە(بەغداد، کەرکوک، سلێمانی) دەرچوون وهەندێ لەو بڵاوکراوانە بەدەست نوسراونەتەوە، ئەوانی تر بەئامێری سادەو هەندێ جار سودیان لە چاپخانەی (م.س) پارتی دیموکراتی کوردستانی وەرگرتووە، کۆمەڵە توانیان بەشێوەی نهێنی چەندین نامیلکە بەچاپ بگەینن سەرەڕای بارودۆخی نائارامی ئەو سەردەمە بەپێی زانیاریی بەڕێز فەرەیدون عەبدولقادرو ئاسۆی شێخ نوری.[٨]

**ئەم بابەتانە چاپکراوە:**

**ا/ بڵاوکراوەکانی کۆمەڵە لە شاری بەغداد:**

١- نامیلکەی دەستنوسی کۆمەڵە (مارکسی لینینی کوردستانی عێراق) لە حوزەیرانی ١٩٧٠ دا بڵاوکراوەتەوە بەیەکەمین بڵاوکراوەی کۆمەڵە دەژمێردرێت لەبەغداد بە تایپی ڕۆنیۆ (م.س) پ.د.ک تایپ و ڕۆنیۆ کراوە.

٢-لێکۆڵینەوەیەک لەسەر (هەڵسەنگاندنی وەزعی کوردستان) لەتەمووزی ١٩٧٠

٣-نامیلکەی(حول تقيم السلطة فی العراق) نوسینی مام جەلال لەتشرینی یەکەمی ١٩٧٠ بڵاوکراوەتەوەو بە دەست نوسراوە.

٤-نامیلکەی(حول تأميم النفط فی العراق) نوسینی مام جەلال بە دەستنوس بڵاوکراوتەوە.[٩]

٥-دەربارەی پەیمانی عێراق -سۆڤیەتی ١٩٠١

---

٨ پرۆژەی ئەرشیفی شۆڕش.

٩ دەستنوسەکەی کاک فەرەیدون عبدالقادرەوە نوسراوە.

### ب/ بڵاوکراوەکانی کۆمەڵە لەشاری کەرکوک:

لـە سـاڵی ١٩٧٢ کۆمەڵـە کاری ڕاگەیاندنـی گواسـتەوە بـۆ کەرکـوک، لـەوەی بـە مەبەسـتی چاپکردنی (احسـان نجـم الدین محی الدین) ناسـراوە بە(ابـو شـهاب) لەکۆمپانیـای نەوتـی کەرکـوک بـە تۆڕنـە چاپخانەیەکـی بچوکـی دروسـت کردبـوو بـە شـێوەیەک هەسـتی پـێ نەدەکـرا.

١- ژمارەیەکی ئاڵای سـوور: بە قـەوارەی فولسکاب، (٣٠-٤٠) لاپـەرە بـووە، فەریـدون عبدالقـادر تایپـی کـردوەو ابـو شـەهاب ڕۆنیـۆ، لەماڵـی فەرەیـدون عەبدولقـادر لـە گەڕەکـی ئـازادی کەرکـوک بەچـاپ گەیشـتوە. لەکوتایـی سـاڵی ١٩٧٢ بڵاوکراوەتـەوە.

٢-ژمـارەی ٢-٣ ئـاڵای سـوور: بـە قـەوارەی ١/٢ فولسـکاب ژمـارەی لاپەرەکانی نەزانـراوە، لەلایـەن فەرەیدون عەبدولقادر تایپ کـراوە وە ئەبـو شـەهابو حەمیدە سـوور کاری ڕۆنیۆیـان ئەنجـام داوە بـە دەسـتی مـەلا عەبدولڕەحمـان پێنجوێنـی چاپکراوە لەسـاڵی ١٩٧٣ بـە چـاپ گەیشـتووە. ئـەم سـێ ژمارەیـە لـە ژێـر چاودێـری و سەرپەرشـتی شـەهیدی نەمـر (شـەهاب شـێخ نـوری)دا بـووە.

### ج/ چاپخانە وبڵاوکراوەکانی کۆمەڵە لە سلێمانی:

لـە سـلێمانی دوو تایـپو ڕۆنیۆیەکـی پارتـی دیمۆکراتـی کوردسـتان (م.س) لـە ژێر زەمینێکی نهێنی لـە ماڵی مامۆسـتا (نـەوزاد هاشـم صدیق) لـە گەڕەکـی عەقـاری حەشـار درابـوو، ئیـشو کارەکان لـەم ژێـر زەمینـە ئەنجـام ئـەدران بـە دەسـت پێکردنـەوەی شـەڕی ١٩٧٤ لەگـەڵ میـری ئـەم تایـپو ڕۆنیۆیانەیـان لـە شـوێنی خـۆی مایـەوە، پـاش هەرەسـی شـۆڕش گۆیزرایـەوە بـۆ ماڵـی ئاسـۆی شـێخ نـوری) لەمامۆسـتایان ودواتـر کـە ئاسـۆی شـێخ نـوری دەسـت گیـر کـرا مامۆستا(حەسـەن حسێن)ناسـراو بـە شـێرکۆ جـدی چاپخانەکـەی گواسـتەوە بـۆ گەڕەکـی مەجید بـەگ ئـەو

بڵاوكراوانەی كە بەم ئامێرانە ئەنجام دراوە بریتین لە :[10]

١- وەرگێرانی بابەتی فەلسەفیو تیۆری (ماركسی و لینینی).

٢- بەیاننامەیەك لەسەر كارەساتی قەڵادزێو شەهیدبوونی (هیوا)و دەستەیەك لە هاورێیانی.

٣- بەیاننامەیەك لەسەر (بەرگری خەڵكی كوردستان و سەركردایەتی بزوتنەوەكە.

## بڵاوكراوەكانی (ی.ن.ك) لە دەرەوەی ووڵات ساڵی ١٩٧٥–١٩٩١:[11]

١- **بەیاننامەی دامەزراندنی (ی.ن.ك)** نوسینی مام جەلال لەدیمەشقی پایتەختی سوریا لە ١٩٧٥/٥/٢٢ لەرۆژنامەكانی سوریاو ڕادیۆی دیمەشقەوە بە زمانی عەرەبی بڵاوكرایەوە. دواتر مام جەلال لە ئوروپا لە گەڵ هەندێ كەسایەتی قسەی كرد، ئەو رەخنانەی چاك كردەوە كە لە سەر باس كردنی پارچەكانی تری كوردستان بۆی زیاد كرا لە ١٩٧٥/٦/١ لە ئەوروپا بڵاوكرایەوەو وەرگێرایە سەر چەند زمانیكی تر

أ /عومەر شێخ موس- وەریگێرا بۆ ئینگلیزی

ب/ د. كەمال فوئاد – بۆ ئەلمانی

ج/ حەسەنی قازی – بۆ فارسی

د/ كەمال بۆرقای – بۆ توركیو لە رۆژنامەی (كویس گو یرلك) بڵاوی كردەوە.

ئەم بەیاننامەیە بە یەكەمین بڵاوكراوەی (ی.ن.ك) لە بواری ڕاگەیاندنو چاپەمەنیەكان دادەنریت.

---

١٠ ئاوات قارەمانی، چاوپێكەوتنی: عەباس عەبدولڕەزاق (بەكاسێت) ساڵی ١٩٨٨.

١١ مام جەلال، بیرەوەری رۆژنامەنووسی، دیداری: هاوار مستەفا خان.

**٢- الاتحاد الوطني الكردستاني لماذا؟**

نوسینی مام جەلال بەزمانی عەرەبی لە تشرینی دووەمی ١٩٧٠ بڵاوبوەتەوەو وەرگێراوەتەوە سەر زمانەکانی تر.

**٣- الشرارة لسان حال الاتحاد الوطني الكردستاني:** حەوت ژمارەی لە شام دەرچووە. ناوەکە پێشنیازی مام جەلال بوو ئەوەش لە یەکەم رۆژنامەی (ئایسکرا) وەک مام جەلال ئاماژەی پێ ئەدات «الشراره« پێم وابێ پێشنیازی من بووە کە لە «ئایسکرا» کەی لینینەوە وەرگیراوە کە وەختی خۆێ لینین ئەو رۆژنامەیەی دەرکرد. خۆێ لە بنەرەتدا «ئایسکرا»ش هی لینین نەبوە بەڵکو پیش ئەویش هی دیسمبەریە دیموکراتیەکانی رووس بووە).[12]

(الشرارة) حەوت ژمارەی لە شام دەرچووە.[13]

ژمارەی (١) لە تشرینی دووەمی ١٩٧٥ دەرچووە.
ژمارەی (٢) لە کانوونی دووەمی ١٩٧٦ دەرچووە.
ژمارەی(٣) لە ئازاری ١٩٧٦ دەرچووە.
ژمارەی (٤) لە حوزیرانی ١٩٧٦ دەرچووە.
ژمارەی(٥) لە کانونی یەکەمی ١٩٧٦ دەرچووە.
ژمارەی (٦) لە کانونی یەکەمی ١٩٧٧ دەرچووە.
ژمارەی (٧) لە ساڵی ١٩٧٧ دەرچووە.

---

١٢ مام جەلال لە بیرەوەری رۆژنامەنوسی، دیداری: هاوار مستەفاخان.
١٣گۆڤاری (نڤار)، ژمارە (١)، ساڵی ١٩٩٨.

### ٤- ڕیبازی نوێ:

ئورگانی (ی.ن.ک) لە شام دوو ژمارەی لێدەرچووە هەروەها مام جەلال لە بارەی ڕێبازی نۆی دەڵێت: (ڕێبازی نوێ زۆربەی، کاک نەوشیروان سەرپەرشتی دەکرد و وتار و نووسینی تێدا بڵاودەکردەوە دوایی وردەوردە پەرەی سەندو ماوەیەک مامۆستا جەعفەر بەشداریی تێدا دەکرد دواتر ئەرسەلان بایز).[١٤]

ژمارەی (١) لە کانونی دووەمی ١٩٧٦ دەرچووە.

ژمارەی (٢) لە تشرینی دووەمی ١٩٧٦ دەرچووە.

٥- نامیلکەی (مشروع المنهاج والنظام الداخلي للاتحاد الوطني الكردستاني) ئەیلولی ١٩٧٦.

٦- بەیاننامەی (النصر للثورة العراقية الديمقراطية المندلعة فى جبال كردستان العراق) الهيئة المؤسسة اواسط ايلول ١٩٧٦.

٧- البلاغ الختامى لاجتماعات اللجنة القيادية فى دورتها الاولى اواسط ايلول ١٩٧٧.

٨- بەیاننامەی (يا دعاة الحرية وانصار حقوق الانسان ارفعوا اصواتكم دفاعا عن حقوق الانسان فى العراق ١٩٧٧/١٠/٤)

٩- بەیاننامەی (حول الجريمة الاخيرة لفلول القيادة البارزانية الخائنة) ١٩٧٧/١١/٥.

١٠- شەهید بوونی ئیبراهیم عەزۆو هاوڕێکانی (لجنة الاعلام الخارجي الاول).

١١- نامیلکەی (حول الحركة التحررية للشعب الكردى فى كوردستان العراق من وثائق الاتحاد الوطنى).

١٢-الاتحاد (نشرة دورية يصدرها اوك، فرع اوروبا، العدد الاول

١٤ مام جەلال، بیرەوەری ڕۆژنامەنووسی، دیداری: هاوار مستەفا خان.

حوزەیـران ١٩٧٦).

١٣- THE SPARK (الشـرارة) ئـورگان (ی.ن.ک) بـووە بـە زمانـی ئینگلیـزی لـە لەنـدەن سـەرەتای ١٩٨٠ ناوبـە نـاو بڵاوكراوەتـەوە.

١٤- ئـاڵا، گۆڤارێكـی سیاسـی بـوو لقـی ئەمریـكای (ی.ن.ک) دەری كـردووەو ژمـارەی (١) ی هاوینـی ١٩٧٩ و ژمـارەی (١٢) دوا ژمـارەی كۆتایی ١٩٨٣ بە زمانی كوردیو ئینگلیزی بڵاوكراوەتەوە.

١٥-الاتحـاد، رۆژنامەیەكـی سیاسـی مانگانـە بـووە بڵاوكـراوەی (ی.ن.ک)بووە لە ئەوروپا (٨) لاپەرە ژمارە (١) مانگی ١٩٨٢/١ ژمارە (١١) مانگـی كانونـی یەكەمـی (١٩٨٣) بـە زمانـی عەرەبـی لـە هۆڵەنـدا بڵاوكراوەتـەوە لـە ژمـارە ( ٣ ) بـە دواوە بـە صـوت الاتحـاد لـە سـەری نوسـراوە (نشـرة دوريـة يصدرهـا الاتحـاد الوطنـي الكوردسـتاني فـرع أوروبـا).

١٦-ئەسـتێرەی كوردسـتان سـاڵی ١٩٨٩ لـە ئەمریـكا بـە كـوردیو عەرەبـی بڵاوكراوەتـەوە.

١٧- يتاتيل (الشرارة) بەزمانی فەرەنسی لە پاریس دەرچووە.

١٨- دپرفۆنكە (الشرارة) بەزمانی ئەڵمانی لە ئەڵمانیا دەرچووە.

## ڕاگەیاندنی (ی. ن. ک.) لە ناو شارەكاندا:[١٥]

### ١٩٧٥- ١٩٧٦

ڕاگەیاندنـی (ی. ن. ک.) ١٩٧٥/٦/١٣ – ١٩٧٦ پـاش هـەرەس هێنانـی شۆڕشـی چەكداری هاوڕێیانـی كۆمەڵـە توانیـان لەگـەڵ چەنـد پارچـە چەكێک تایپێكی برازەری دادگای شـۆڕش لـە پێنجوێن بشـارنەوە، دواتـر گەیاندرایـە سلێمانی، لـە گەراجەكەی جەمالـە ڕەش جێگیر بـوو بۆ مـاوەی سـاڵێک لـەوێ شـاردرایەوە، لـەو ماوەیـەدا چەندیـن جـار جێگۆڕكـێو مـاڵ

١٥ ئاوات قارەمانی، چاوپێكەوتن بەكاسێتی دەنگ لەلایەن عەباس عەبدولڕەزاق، سەقز، ١٩٩٠.

بەماڵی کردووە، وەک ماڵی ئاوات قارەمانی لە (سەرشەقام)، ئەحەی عارف، شەهید شەماڵ (شوانە)، شێخ شەماڵی باخ (گوندی باخ).

جگە لەو چاپە هەندێ جاریش بە تایپو ڕۆنیۆی فەرمانگە حکومیەکان بە نهێنی ئیشو کاری چاپەمەنی دەکرا.

شەهید ئارام (شاسوار جەلال) سەرپەرشتی بە چاپ گەیاندنی دەکرد، زوربەی بڵاوکراوەکان لە ماڵی ئاوات قارەمانی ئەنجام ئەدرا. ئەوانەی بەشدارییان لە کاری چاپ دەکرد ئەمانەبوون:

(ئارام، ئازاد هەورامی، حەمە سەعید، مەلا بەختیار، ئاوات قارەمانی، سوارە)، لە مانگی تەموزی ساڵی ١٩٧٦ غەریب هەڵەدنی تاپیەکەی گەیاندە هەڵەدن لە دۆڵی جافایەتی، بە دەست پێکردنی خەباتی چەکداریی قورسایی ڕاگەیاندن گواسترایەوە بۆ شاخ، ئەمە جگە لەوەی لە ناو ڕێکخستنەکانی (ی. ن. ک.) لە شار دوای ئەم قۆناغە دەیانناملکە چاپ کرا.[١٦]

## چاپخانەی ناوەندی(ی. ن. ک)
## شەهید ئیبراهیم عەزۆ ١٩٧٦- ١٩٩١

سەرەتایەک بۆ گەشە کردن:

ئارام جەختی لەسەر بوونی ڕاگەیاندنو دەزگای چاپ دەکردەوە بۆ ئەو مەبەستەش چەند ئەندامێکیان دەستنیشان کرد، یەکێک لەوانە (حسێن کەریم) ناسراو بە (حەمە سەعید) بوو لەبەر ئەوەی شارەزایی چاپ کردن بوو، لەگەڵ ئەمانە (سیروان تاڵەبانی، شێخ شەماڵی باخ، ملازم ئەنوەر مەجید سوڵتان)دا؛ پەیوەندیان کرد بەمەفرەزە سەرەتاییەکانی کۆمەڵەوە.

---

١٦ ئازادی سەگرمە، چاوپێکەوتن بەکاسێتی دەنگ لەلایەن عەباس عەبدولرەزاق، سەقز، ١٩٨٩.

تایپەکـە لەگـەڵ مەفـرەزەی سـالار عەزیـز بـوو لـە ماڵـی عەبدولقـادر هەڵەدنـی باوکـی غەریـب هەڵەدنـی شـاردرابووەوە، دەزگای ڕاگەیاندنـی (ی. ن. ک.) ئـەو دەمـە پێـک هاتبـوو لـە :

١- تایپێکی بچووک لەناو جانتایەکی ڕەش
٢- ڕۆنیۆییەکی دەستی بچووک.

یەکـەم بـارەگای ڕاگەیاندنـی (ی. ن. ک.) لـە تەنگـەی مادێنـا بـوو، تەنگـەی مادێنـە دەکەوێتـە بەرامبـەر گونـدی هەڵـەدن لـە دۆڵـی جافەتـی و شـوێنێکی یەکجـار سـەختە، بۆیـە لـەو تەنگەیـەدا تایپـو ڕۆنیۆکەیـان شـاردەوە پـاش ماوەیـەک گوازرایـەوە بـۆ گـەورە دێ، لـەوێ (ئەحمـەد صالـح، حاجی ئیسماعیل گەورە دێی) لەناو ڕەزەکانی ماڵی (حاجی ئیسماعیل) جێگایان بۆ دابین کرد، لە ئەیلولی ١٩٧٦ بۆ چەند مانگێک برایە گوندی (زەروون) پاشان گەڕاندیانـەوە بۆ گەورە دێ، زۆربەی بڵاوکراوەکان لە ڕێگـەی مەفرەزەکانـی پێشـمەرگەو لـە گوندەکانـدا بـڵاو دەکرانـەوە بەشـی ڕێکخسـتنی شـاریش لـە ڕێگـەی (شـێخ سـدیق) دەنێردرانـەوە لـە ڕێگـەی (بابـا ڕەسـوڵ شـێخ سـمایل) لـە قەیوانـەوە ڕەوانـەی نـاو شـار دەکـرا.

### ١- چاپخانەی ناوەندی(ی. ن. ک.) ساڵی ١٩٧٧:

هێزەکانـی ناوچـەی سـلێمانی بـە سەرپەرشـتی (شـەهید عەلـی عەسـکەری‌و سـالار عەزیـز) کـە ژمارەیـان ٧٥ پ. م. بـوو بـە جەولـە چوونـە ناوچـەی مەنگورایەتی بۆیـە (حەمـە سـەعید)یش تایـپو ڕۆنیۆکـەی گواسـتەوە لـە کونێکـی بچکۆلانـە لەماڵـی (حاجـی ئیبراهیـم) لـە هـەواری کانـی کنیـر شـاردەوە. هـەر لـەوێ بەلاغـی عەسـکەری ژمـارە(١،٢) ی چـاپ کـرد مرەکـەب‌و پێداویسـتیەکانی چـاپ حاجـی ئیبراهیـم لـە ڕێگـەی

قاچاخـەوە لـە سەردەشـت دابینـی دەكـرد، لەسـەر داوای شـەهید ئـارام ڕاگەیانـدن گوێزرایـەوە بـۆ بـەری قـەرەداغ، لەكاتـی پەڕاندنـەوەی تایـپو ڕۆنێوكـە سـەربازەكانی ڕژێـم ئینزالیـان كـرد بۆیـە بـە ناچـاری لەنـاو ڕەزەكانـی (جـەلال چۆخماخـی) شـاردیانەوە. حەمـە سـەعیدو شـەهید غەریبو شـەهید حامید یاخسـەمەری سێ ڕۆژ بە شـاخەكانەوە مانـەوەو پـاش كشـانەوەی هێزەكانـی ڕژێـم تایـپو ڕۆنێوكەیـان بـرد بـۆ گونـدی (سـونگرو مێولاكـە) پاش چەند ڕۆژێكی پڕ لـە ناڕەحەتی گەشـتە گونـدی (گوڕباز) لـە بـەری قـەرەداغ لەوێش لـە ماڵی (مام صالح) باوكی (مەولـود گوڕبـازی) یەكـەم ژمـارەی ئـاڵای شـۆڕش ئۆرگانـی كۆمەڵـەی ماركـس لینینی كوردستان دەركرا، دواتر ڕاگەیاندن گوازرایەوە بۆ حەشـارگەكەی ماڵـی (علـی تەنگیسـەری) لـە گونـدی تەنگیسـەر بڕیـار بـوو ژمـارە دووی ئاڵای شـۆڕش چـاپ بكرێت بـەڵام بـە هـۆی شـەهیدبوونی ئارام بـە چـاپ نەگەیشـت، ئـەو كادیرانـەی لـەو سـاڵەدا لـە ڕاگەیانـدن كاریـان كـردووە:

١- حەمـە سـەعید _ بەلاغـی عەسـكەری ژمـارە یـەكو دوو خـۆی بـە تەنهـا تـەواوی كـرد.

٢- شەهید ئارام _ ئاڵای شۆڕشی ژمارە یەكی نوسیو ڕایكێشا.

٣- مەولود گوڕباز _ ئاڵای شۆڕش ژمارە یەك.

٤- ئاوات قارەمانی _ ئاڵای شۆڕش ژمارە یەك.

٥- شـەهید مامۆسـتا حەمـە ئەمیـن (شـەماڵ) لـە ئاڵای شـۆڕش ژمـارە یـەك خۆشـنووس بـووە.

٦- بڵاوكراوەكان لە سەر پەڕەی فولسكاب چاپ كراوون.

### بڵاوکراوەکانی چاپخانە لە ساڵی ١٩٧٧

| ز | بابەت | نووسین | تیراژ | ژ/ل | بەروار |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بەلاغی عەسکەری ژمارە (١) | عەلی عەسکەری | ٦٠٠ | ٢ | تەمموز |
| ٢ | بەلاغی عەسکەری ژمارە (٢) | ئارام | ٥٠٠ | ٢ | ئەیلوول |
| ٣ | ئاڵای شۆرش ژمارە (١) ، (ئۆرگانی کۆمەڵە) | ئارام | ١١٤ | ٨ | ئەیلوول |
| ٤ | شۆڕشی کوردستان سەرکەوتوانە ساڵێك لەتەمەنی تەواو دەکات (بەیاننامەی کۆمیتەی سەرکردایەتی وولات) | ئارام | - | ٢ | ئاب |

بەشەهیدبوونی کاک ئارام لە ١٩٧٨/١/٣١ ژمارە دووی ئاڵای شۆڕش دەرنەچوو هەربۆیە هەردوو ڕۆنێکەش لە حەشارگەکەی ماڵی (عەلی تەنگیسەری) لە تەنگیسەر مایەوە تاوەکو ئێستا هیچ چارەنووسی ئەو تایپو ڕۆنێویە نەزانراوە.

**ساڵی ١٩٧٨:**

حەمە سەعید پەیوەندی کرد بەو هێزەی (نەوشیروان مستەفا) ەوە، کە لە شارباژێڕ بوون لەوێشەوە بەرەو نۆکانو ناوزەنگ کەوتنە ڕێ. لەوێش بە تایپێکی برازەرو ڕۆنێویەکی (ڕیکس ڕۆتەری)، کە لەشەڕەکانی (قەیوان ماوەت)دا گیرابوون جارێکی تر چاپخانە دەستی بەکار کردەووە.

هێزەکانی (ی.ن.ک.) بۆ ناوچەی سێ سنور بەر یەککەوتن سەرکردایەتی لە قەندیل جێگیر بوو چاپخانەش واتە تایپو ڕۆنێوکەی (حەمە سەعید) لە (گوێزێو) دۆڵە کۆگە مایەوە پاشان لەسەر داوای (نەوشیروان مستەفا) گوازرایەوە بۆ (دەرای گورگان) لە قەندیل لەوێش لەنێو چادرێکدا کە بە چادری کاک نەوشیروان ناسرابوو جارێکی تر چاپخانەکە کەوتەوە گەڕ دوای ئەوەی بە ئاسانی دەتوانرا

پێداویستیەکانی چاپ لە سەردەشت لە ڕێگەی قاچاخ دابین بکرێت.

دوای کارەساتی هەکاریو لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٨ سەرکردایەتی گەڕایەوە (خڕی نێوزەنگ) و بەپێی بڕیارێکی (م.س.) دەزگای ڕاگەیاندنی (ی. ن. ک.) فازیل کەریم (مامۆستا جەعفەر) کرا بە لێپرسراوی ڕاگەیاندنو لە گوندی زەڵێ لە خانویەکی دوو ژوریماڵی (حەمە وەتمان) ڕاگەیاندن دامەزرا.

**بڵاوکراوەکانی چاپخانە لەساڵی ١٩٧٨**

| ز | بابەت | نووسین | ژ/ل | تیراژ | بەروار |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پەیڕەوی ناوخۆی بزوتنەوەی سۆشیالیست (نامیلکە) | – | ؟ | ؟ | ئازار |
| ٢ | هەواڵنامەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلی کوردستانی عێراق لە ماوەی دوو ساڵدا (هەواڵنامەی ژمارە یەکە) | نەوشیروان مستەفا | ٥٤ | ٧٠٠ | تەمموز |
| ٣ | هەواڵنامەی کوردستانی عێراق ژمارە (٢) | نەوشیروان مستەفا | ١٧ | ٦٠٠ | ئاب |
| ٤ | هەواڵنامەی کوردستانی عێراق ژمارە (٣) | نەوشیروان مستەفا | ٢٢ | ٦٠٠ | ئەیلوول |
| ٥ | تاقی کردنەوەی خەباتی ڕابردوو و ئەمڕۆی گەلەکەمان | – | ؟ | ٤٠٠ | تش. یەکەم |
| ٦ | کۆڤاری کۆمەڵە ژمارە (١) | ناوەند | ٣٠ | ؟ | پاییزی٩٧٨ |
| ٧ | ڕاگەیاندنی کۆبونەوەی فراوانی کادرانی کۆمەڵە (شینێ) | نەوشیروان مستەفا | ؟ | ؟ | ؟ |

**وێنە دۆکۆمێنتارەکانی فیلمەکە ساڵی ١٩٨٥ لە ناو فیلمەکە**

## ساڵی ١٩٧٩

لەم ساڵەدا بۆ ڕاپەڕاندنی ئیشو کاری چاپخانە هاوشانی حەمە سەعیدو پێشمەرگەی مەفرەزەی سەرەتایی (هاوڕێ جبار) لە هەموو کارەکاندا بەشدار بووە و دەتوانین بڵێین بۆ؟ ساڵی ١٩٧٨و ١٩٧٩ ئەم دوو هەڤاڵە کادری سەرەکی چاپخانە بوون هەندێ جار عبعەبدوڵڵاو ئاواتی شێخ جەنابو پێشمەرگەکان هاوکاریان دەکردن.

بەسەرکەوتنی شۆڕشی نوێخوازی گەلی کوردیش لە هەموو

بوارەکانـدا گۆڕانکاریـی گـەورەی بەسـەردا هـات، هاتووچـۆی شـارەکانی ئێـران لـە بـەردەم کادرو پێشـمەرگەکان کرایـەوە کەرەسـەی پێویسـت بـۆ چاپخانـە دابین کرا (تایپی IBM و ئۆفسـێتێکی یـەک ڕەنگ) هەروەهـا لـەو ماوەیـەدا لـە ئێـران چەنـد نامیلکـەو بڵاوکراوەیـەک چـاپ کـرا.

بەهـاری سـاڵی ١٩٧٩ بـە سـەرەتای گەشـەکردنو پەرەسـەندنی ڕاگەیانـدن دادەنرێـت.

هەر لە هەمان ساڵ لە (٢٠) ی ئازار هاوشـانی چاپخانە ڕادیۆی (ی. ن. ک.) یەکـەم جـار دەسـتی بـە پەخشـی بەرنامەکانـی کـردوو تاڕادەیەکیـش ئەرکی سـەرشـانی چاپخانـەی کـەم کـردەوە.

پـاش بۆردومانـی بارەگاکانـی سـەرکردایەتی لـە سـەرەتای نیسـاندا چاپخانـەو ڕادیـۆ گوازرانـەوە بـۆ گونـدی مامـەوڵا لـە کوردسـتانی دیـوی ئێـران لـە زسـتانو سـەرما جارێکـی تـر گەڕایـەوە زەڵـێ.[17]

بڵاوکراوەکانی چاپخانە لە ساڵی ١٩٧٩

| ژ | بابەت | نوسین | ئەندازە | ژ/ل | بەروار |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ڕێبازی نوێ ژمارە/١ خولی ٢ | ڕاگەیاندن | فولسکاب | ٨ | تەمموز |
| ٢ | الشرارة ژمارە/١ خولی٢ | ڕاگەیاندن | فولسکاب | ٨ | تەمموز |
| ٣ | چەند ژمارەیەکی هەواڵنامە | ڕاگەیاندن | فولسکاب | ؟ | ؟ |
| ٤ | چەند ژمارەیەکی بەلاغی عەسکەری | م.ع/ی.ن.ك | فولسکاب | ؟ | ؟ |
| ٥ | گۆڤاری کۆمەڵە ژمارە/٢ | ناوەندی کۆمەڵە | فولسکاب | ٢٤ | زستانی١٩٧٩ |
| ٦ | لەیادی شەهیدان (شهاب، انور، جعفر) | ناوەندی کۆمەڵە | ١\٤ فولسکاب | ؟ | ١٩٧٩/١١/٢١ |
| ٧ | پێنج وتاری عەسکەری | — | ١\٤ فولسکاب | ؟ | ؟ |
| ٨ | شەری پێشمەرگانە | ؟ | ١\٤ فولسکاب | ؟ | ؟ |
| ٩ | گۆڤاری کۆمەڵە ژمارە/٣ | ناوەندی کۆمەڵە | فولسکاب | ٥٢ | زستانی١٩٧٩ |
| ١٠ | پەیڕەوی ناوخۆی (ه.پ.ك) | م.ع/ی.ن.ك) | ٨ × ١٠سم | ٢٠ | ١٩٧٩/٧/٧ |
| ١١ | گۆڤاری کۆمەڵە ژمارە/٤ | ناوەندی کۆمەڵە | فولسکاب | ؟ | ؟ |
| ١٢ | گۆڤاری کۆمەڵە ژمارە/٥ | ناوەندی کۆمەڵە | فولسکاب | ٣١ | هاوینی١٩٧٩ |
| ١٣ | گۆڤاری کۆمەڵە ژمارە/٦ | ناوەندی کۆمەڵە | فولسکاب | ٣٢ | پاییزی ١٩٧٩ |

١٧ ئەرسەلان بایز ئیسماعیل، ڕاگەیاندنی شۆڕشی بزووتنەوەی شیعری کوردی، ٢٠٠١.

## ساڵی ١٩٨٠

ئـەم ساڵە سـاڵی گەشـەکردنی چاپخانـە بـوو، بـارەگای راگەیانـدن (چاپخانـەو رادیۆ) لـە گوندی توژەڵە جێگیر بوو، لـە هاویندا لـە ژێر چادرو کەپردا بوون بۆ زستانیش چەند ژووریێک بەبەردو قوڕ دروست کران، ژمارەی کادرەکانی زیادی کرد، لـە ڕووی چاپو بڵاوکراوەدا تا ڕادەیەک پوختتـر بـوون لـەڕووی چۆنایەتیـەوە ڕۆڵـی کادری لێهاتـووی چاپخانـە (هۆشیار عابد) زۆر دیارەو لـە سـەر دەستی ئـەو چاپخانـەو بڵاوکراوەکان لـەڕووی هونەرییـەوە گەشـەکردنێکی بەرچاویـان بـە خۆوەبینـی.

هـەر لـەم سـاڵەدا چاپخانـەی مەرکـەزی (ی.ن.ک) بەنـاوی ئەندازیـارو پێشـمەرگەی شـەهیدی مەفرەزە سـەرەتاییەکان (شـەهید ئیبراهیـم عـەزۆ) ەوە ناونـرا.

لـەڕۆژی ١٩٨٠/٧/٩ سـەعات ١٠:٣٠ سـەر لـە بەیانـی هەشـت فڕۆکـەی جەنگـی عێـراق بەدرێژایـی ئـەو ڕۆژە سـێ جـار بۆردوومانـی بارەگاکانـی سـەرکردایەتییان کـرد، بـارەگای راگەیاندنیـش لـەو هێرشـانەدا بـێ زیـان نەبـوون لەوانـە (بورهـان مصطفـی- فەرهـاد)ی تایپیـش، کـە کادرێکـی چالاکی چاپخانە بوو شـەهیدکراو (حەمە سـەعیدو هـاوڕێ جبار) بریندار بـوونو چەندیـن ئامێـرو کەرەسـەی چاپخانـە فەوتـان لەوانـە:

- لـە ناوچوونـی ڕۆنێیەکـی (ریکسـت ڕۆتـەر) کـە لـە سـاڵی ١٩٧٧ەوە ئیشـیئەکرد.
- لە ناوچوونی ئۆفسێتو دفلۆبەرێک.
- سووتانی وەرەقەو چادرەکانی چاپخانە.

لـە بارەگاکانـی راگەیانـدن یسـپۆرییو تایبەتمەنـدی کارەکان نەبـوو هـەر کادرێـک هەمـوو کارێکـی دەکـرد وەکـو (تایـپ، رۆنێـو، راکێشـان، هەڵەبـڕی) هەروەهـا ئیشو کاری ڕۆژانـەی بارەگاکـەش وەک دارهێنـانو چێشـتلێنانو ئێشـگگرتنیش هـەروا بـوو.

## بڵاوكراوەكانی چاپخانە لەساڵی ١٩٨٠

| ژ | بابەت | نووسین | ئەندازە | ژ/ل | بەروار |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ژمارە ١٢ ی هەواڵنامە | مەكتەبی راگەیاندن | ٢\١١ فولسكاب | ٤٤ | كانوونی یەكەم |
| ٢ | چەند ژمارەیەكی بەلاغی عەسكەری | م.ع/(ی.ن.ك) | فولسكاب | - | - |
| ٣ | لەیادی دووەمین ساڵرۆژی شەهید بوونی ملازم حسن خۆشناو و هاوڕێكانی | ؟ | ؟ | ؟ | ؟ |
| ٤ | بەیاننامەی دامەزراندنی ١٠ ساڵەی كۆمەڵە | ناوەند | ١٥×١٠ | ١٧ | حوزەیران |
| ٥ | بەیاننامەی دامەزراندنی ٥ ساڵەی (ی.ن.ك) | (ی.ن.ك) | ؟ | ؟ | حوزەیران |
| ٦ | ژمارە (١) ی بزوتنەوە (ئۆرگانی بزوتنەوە) | ب.س.ك | ٢\١١ فولسكاب | ٣٢ | كانونی ٢ |
| ٧ | ژمارە (٧) ی كۆمەڵە (ئۆرگانی كۆمەڵە) | ناوەند | ١٦×٢٠ | ؟ | ؟ |
| ٨ | ژمارە (٨) ی كۆمەڵە (ئۆرگانی كۆمەڵە) | ناوەند | ١٦×٢٢ | ٣٦ | هاوین |
| ٩ | ژمارە (١) ی گۆڤاری (الخنادق) | راگەیاندن | ½ فولسكاب | ؟ | ؟ |
| ١٠ | درۆ و دەلەسەكانی بنەماڵەی بارزانی | - | ؟ | ؟ | ؟ |
| ١١ | دەربارەی شەڕی پارتیزانی (كۆمەڵە) | و.ابو بكر خۆشناو | ¼ فولسكاب | ؟ | شووبات |
| ١٢ | جۆش دانی خەبات دژی ئیمپریالیزم و فاشیزم و نۆكەرانیان بۆ سەربەخۆیی دیموكراسی و ئۆتۆنۆمی | مام جلال | ١٩×١٤ | ٨٤ | نەورۆز |
| ١٣ | ئەرك و ئۆناغەكانی كۆمەڵە | ؟ | ؟ | ؟ | ؟ |
| ١٤ | ئەرك و فرمانەكانی هاوڕێی كۆمەڵە | ؟ | ؟ | ؟ | ؟ |
| ١٥ | لە چلەی شەهید جمیل رەنجبەر | راگەیاندن | ؟ | ٤٠ | ؟ |
| ١٦ | بەشێك لە سەرەتاكانی شەڕی پێشمەرگانە | م.ع / ی.ن.ك | ١٠×١٦ | ١٦ | كانونی٢ |
| ١٧ | رژێمی فاشست بەكام ڕێگا دەروخێنرێ | مەكتەبی راگەیاندن | ١٧×١١ | ٣٢ | ئەیلوول |
| ١٨ | هەڵبژاردەیەك لە نووسینەكانی شەهید ئارام | ناوەند | ٢٣×١٦ | ٧٣ | كانونی٢ |
| ١٩ | دیوانی دووەمی شەهید جمیل رەنجبەر | جمیل رەنجبەر | ؟ | ؟ | ؟ |
| ٢٠ | بەیاننامەی (ی.ن.ك) بۆ دامەزراندنی نووسەران | (ی.ن.ك) | ؟ | ؟ | ؟ |
| ٢١ | بەیاننامەی دامەزراندنی (جوقد) | راگەیاندن | ½ فولسكاب | ؟ | ؟ |

### ساڵی ١٩٨١

لەم ساڵەدا گۆڕانكاریی بەسەر چاپخانەدا هات، چاپخانەی مەركەزی لەڕووی كار كاركردنەوە تایبەتمەندێتی وەرگرت هەربۆیە لە كارەكان بەتەنها ئەركی چاپ كردنی بڵاوكراوەكانی (ی.ن.ك) كەوتە سەرشان.

دوای تەواو بوونی كۆنفرانسی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان لە سەرەتای حوزەیرانی ١٩٨١ بڕیاری دامەزراندنی دەزگاییەكی

راگەیاندنی تایبەت بە کۆمەڵە درا. لە بارەگای ناوەندی کۆمەڵە لە نێوزەنگ بە چەند ئامێریکی بچۆکی چاپ، چاپخانەی کۆمەڵە دامەزرێنرا.

هەر لەم ساڵەدا (دوو فۆتۆ ستینسڵ، چوار رۆنێو، یەک تایپی برازەر) بۆ چاپخانەی مەرکەزی دابین کرابوو.[18]

پایزی ئەو ساڵە مامۆستا جەعفەر سەفەری کرد بۆ هەندەرانو لە جێی ئەو ئەرسەلان بایز بوو بە لێپرسراوی راگەیاندن.[19]

**بلاوکراوەکانی چاپخانە لە ساڵی ١٩٨١**

| ز | بابەت | نووسین | ئەندازە | ل/ژ | بەروار |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دوو ژمارەی کۆتایی هەواڵنامە | راگەیاندن | ½ فولسکاپ | ؟ | سەرەتای ١٩٨١ |
| ٢ | ژمارە (٢و٣) ی الخنادق | راگەیاندن | ½ فولسکاپ | ؟ | ؟ |
| ٣ | ژمارە (٩) ی گۆڤاری کۆمەڵە | ناوەند | ٢١×١٥ | ٥٤ | زستان |
| ٤ | ژمارە (١) ی گۆڤاری پێڕوو (یەکێتی نووسەران) | نووسەران | ٢١×١٦ | ٧٤ | ئازار |
| ٥ | خۆرگێڕان (کورتە چیرۆک) | فاضل سید کریم | ½ فولسکاپ | ٢٣ | ئەیلوول |
| ٦ | ژمارە (١) ی نووسەری کوردستان | ی. نووسەران | ½ فولسکاپ | ٨٣ | ئاب |
| ٧ | ژمارە (٢) ی نووسەرانی کوردستان | ی. نووسەران | ½ فولسکاپ | ١٢٢ | تشرینی٢ |
| ٨ | قیادە مؤقتە لە چ بەرەیەکدا وەستاوە ؟ | ی.ن.ك | ½ فولسکاپ | ٦٨ | - |
| ٩ | دەربارەی حزبی سەربەخۆی چینی کرێکارانی کوردستان | ؟ | ؟ | ؟ | ؟ |
| ١٠ | تۆ و ئارام (١١) ساڵە دانەگیرسێن (شیعر) | حسێن بەفرین | ¼ فولسکاپ | ٣٠ | - |
| ١١ | گوڵ باران (شیعر) | حسێن بەفرین | ¼ فولسکاپ | ٤٥ | - |
| ١٢ | بانگەوازی کوردایەتی | مام جلال | ١١×١٧ | ٣٤ | - |
| ١٣ | فریاگوزاری سەرەتایی و هەندێ لە نەخۆشییە بلاوەکانی کوردستان | د. حسان لطیف | ½ فولسکاپ | ٣١ | تەمموز |
| ١٤ | کارەساتی هەکاری (چاپی یەکەم) | نەوشیروان مصطفی | ½ فولسکاپ | ٣٧ | تەمموز |
| ١٥ | فەلسەفە و زانست و جوڵانەوەی نوێ | ئالە | ½ فولسکاپ | ٨٥ | مایس |
| ١٦ | دەربارەی پێوەندی سەرکردایەتی بارزانی بە ئیسرائیل و موسادەوە | ی.ن.ك | ½ فولسکاپ | ٧٧ | مایس |
| ١٧ | رەخنە و رەخنە لە خۆگرتن | حاجی مەمۆ | ½ فولسکاپ | ٣٠ | مایس |
| ١٨ | رووبارێکی خوێناوی (شیعر) | جمیل رەنجبەر | ½ فولسکاپ | ٤٥ | تەمموز |
| ١٩ | ژمارەی (٢) ی گۆڤاری بزوتنەوە | پ.س.ك | ½ فولسکاپ | ٣٤ | زستان |
| ٢٠ | چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی جەنگی پارتیزانی | م.ع / ی.ن.ك | ½ فولسکاپ | ٦٤ | ئایار |

١٨مادین ئازاد خانەقینی.

١٩ پرۆژەی شۆرش، ئازاد خانەقینی.

## ساڵی ١٩٨٢

بەهـۆی شـەڕەکانی (ئێران-عێـراق)و شـۆڕش لەهەمـوو بوارەکانـدا گەشـەیدەکرد ژمـارەی (ه..پ.ک) زیـادی دەکـردو هەروەهـا ڕاگەیاندنیـش چەندیـن کادری نـوێ پەیوەنـدی پێوەکـرد کـە زۆربەیـان دەرچـووی زانکۆو پەیمانگاکان بـوون. دوو ژووری تـر بـۆ چاپخانـە دروسـت کرا بـە ئەنـدازەی (٣×٤) چەنـد ئامێریکـی نوێـش زیادیـان کـرد لەوانـە (تایپێکـی بـرازەر، تایپێکـی I.B.M، ڕۆنیۆیەکـی تـاک، ڕۆنیۆیەکـی دەبـڵ، ستێنسـلێکی ئەلەکترونـی، موەلیدەیەکـی کارەبایـی). لـە پایـزی ئـەو سـاڵە دوای ئـەوەی سـەعدون فەیلی کرا بـە یاریدەدەری هۆشـیار عابد هەسـتا بەدروسـتکردنی دەزگایەکـی دیزایـن پێکهاتبـوو لەسـندۆقێک، کـە سـەرەکەی بـە شووشـە گیـرا بـوو، لـە ژێریـدا گڵۆپێـک دادەنـراو بـۆ (دیزایـن) سـوودی لێوەردەگیـرا، لـەم سـاڵەدا ڕێبـازی نوێو شـەرارە لـە شـێوەی دەفتـەری کرا بـە شـێوەی ڕۆژنامـەو لـە سـەر کاغـەزی (A٣) ڕاکێشـرا.

لـە ١٩٨٢/٩//١ هـەردوو باڵـی بزوتنـەوەی سۆسیالیسـتی کوردسـتانو خەتـی گشـتی نـاو (ی.ن.ک) یەکیانگرتـەوە، لـەو یەکگرتنـەش (یەکێتـی شۆڕشـگێرانی کوردسـتان) دامـەزرا، دواتـر (ی.ش.ک)یـش وەکـو کۆمەڵـە ڕاگەیاندنێکـی سـەربەخۆیان لـە (زەڵـێ) دامەزرانـد.

لەهەمـان سـاڵ شانبەشـانی تیپـی مۆسـیقای (شـەهید کارزان) تیپـی شـانۆی (شـۆڕش) سـەر بـەدەزگای ناوەنـدی ڕاگەیانـدن دامـەزرا.

### بڵاوکراوەکانی چاپخانە لە ساڵی ١٩٨٢

| ز | بابـــــەت | نووسین | ئەندازە | ژ/ل | بەروار |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | چەند ژمارەیەکی ڕێبازی نوێ | ڕاگەیاندن | A3 | - | - |
| ٢ | چەند ژمارەیەکی الشرارە | ڕاگەیاندن | A3 | - | - |
| ٣ | ژمارە (١و٢) ی کوردایەتی (ئۆرگانی ی.ش.ك) | ی.ش.ك | ½ فولسکاپ | - | - |
| ٤ | ژمارە (١و٢) ی بزوتنەوە (خولی ٢) | ب.س.ك | ½ فولسکاپ | ٥٨ | حوزەیران |
| ٥ | چەند ژمارەیەکی صوت الاسبوع (انصات) | ڕاگەیاندن | ½ فولسکاپ | - | - |
| ٦ | ڕاپەڕینی شارەکانی کوردستان | ڕاگەیاندن | ½ فولسکاپ | ٥٠ | ئایار |
| ٧ | ژمارە (٤) ی نووسەری کوردستان | نووسەران | ½ فولسکاپ | ٩٥ | ئایار |
| ٨ | کارەساتی هەکاری (چاپی دووەم) | نەوشیروان مستەفا | ½ فولسکاپ | ٢٨ | ئاب |
| ٩ | دیوانی شەهید مەلا علی (شیعر) | حسین مولود احمد | ½ فولسکاپ | ٥٢ | کانوونی ٢ |
| ١٠ | ئایا مەسەلەی کورد یەك مەسەلەیە یا چەند مەسەلەیەکە (زنجیرەی ڕادیۆ) | نەوشیروان مستەفا | ½ فولسکاپ | ٤٩ | تشرینی ٢ |

## ساڵی ١٩٨٣

لەســەرەتای ســاڵی ١٩٨٣ هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانی ئێـران لەبـەردەم هێرشـەکانی ئێـران پاشەکشـەیان کـرد، هێزەکانـی ئێرانیـش لـە سـنوری عێـراق نزیـک دەبوونـەوە. ناوچـەی سـەرکردایەتی کەوتـە نێـوان بەرداشـی شـەری (ئێران-عێـراق) بۆیـە بـارەگاکان چـۆڵ کـران‌و گوێزرانـەوە بـۆ بـاوزێ، لەوێـش بـوو بەمەیدانـی شـەڕگەو چەنـد جارێک بارەگاکانـی ڕاگەیانـدن تـۆپ بارانکـران، تەنیـا دوو مانـگ ڕاگەیانـدن لـە (باوزێـوو سەرشـێو) مایـەوە.

مانگـی حوزەیـران ڕاگەیانـدن بەچەنـد وڵاخێـک گەیشـتە دۆڵـی (جافەیەتـی) یەکـەم جـار لـە گونـدی (گاپیلـۆن) پاشـان بـۆ (چاڵاوا) لەکاتـی پشـووی سـەری سـاڵ بـۆ ڕاگەیانـدن یەکـەم جـار لـە قوتابخانـەی هەڵـەدن

جێگیر بوو دەستی بەکاری کردەوە.

بەهاتنی ڕاگەیاندن ڕادیۆ لە چاپخانە جیابووەوە، لە بەرگەڵو بارەگای جێگیری بۆ خۆی دروست کرد کە تا هێرشەکانی ئەنفال لە ساڵی ١٩٨٨ دا هەر لەوێ مایەوە. پاش جێگیربوونی چاپخانە لە (هەڵەدن) بەشێکی گرنگ بۆ چاپو چاپەمەنی دروست کرا ئەویش فۆتۆ گراف بوو، هەر لەوێ ستۆدیۆی فۆتۆگراف کە پێشتر (موبارەک حەسەن)[٢٠] لە ئێران پێداویستیەکانی دابین کردبوو چەند کادرێکی وێنەگرتن‌و شتنەوەی وێنەکان لە هەڵەدن وەک (عەباس عبدولرەزاقو ڕەمزی قوتبەدین) ڕەمزی لە خانەقین دوکانی فۆتۆیان هەبوو، شارەزایی هەبوو لەشتنەوەی فیلمی ڕەش‌و سپیدا بەوەش گۆڕانکاریی لەشێوەی چاپ دروست بوو، تەنانەت پۆستەری شەهیدانیان بەشێوەیەکی جوان چاپ کرا، لێرەدا وێنە بووە بەشێکی گرنگی کاری ڕۆژنامەوانی‌و چاپەمەنی شاخ‌و بەمەش وێنە جێگیر بوو لە ڕۆژنامەکاندا. هەروەها مۆتیڤ‌و سکێچاتی شێوەکاری تێدا جێگیر بوو.

---

٢٠ چاوپێکەوتن لەگەڵ موبارەک حەسەن، دامەزرێنەری یەکەم ستۆدیۆی ڕەش و سپی چاپخانە لە زەلی.

## ساڵی ١٩٨٤

ساڵی ١٩٨٤ گفتوگۆی شۆڕش لەگەڵ حکومەتی عێراق دەستی پێکردوراگرتنی شەڕ ڕاگەیەندرا، ساڵی حەوانەوە بوو بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بەڵام بۆ ڕاگەیاندنو چاپخانە وەکو ساڵانی پێشوو، بەردەوام سەرگەرمی ئیشو کار بوون، چەندین گۆڤارو نامیلکەو کتێب بە چاپ گەیشتن، چەندین ئامێری نوێ دابین کران لەوانە جیهازێکی (زیبراکسی) نوێو بڕێک کەلو پەلی چاپ، دابینکردنی کاخەزێکی زۆر لە کاتی دەست پێکردنەوەی شەڕ سودێکی زۆری لێ وەرگیرا، هاوشانی چاپخانەی ئیبراهیم عەزۆ (م. س.) (ی. ن.. ک.) چاپخانەی کوردی لە (سیروانی) ناوچەی مەرگە بەناوی چاپخانەی شەهید جەعفەر دامەزراند، ئەویش ڕۆڵێکی گەورەو بەرچاوی هەبوو لە بواری ڕاگەیاندندا، لە ماوەی ڕاگرتنی شەڕ ڕێبازی نوێ و (الشرارة) دەرنەچوو، بەڵام لە ڕوی هونەریەوە بڵاوکراوەکان لە چاو ساڵانی ڕابردوودا پوختترو ڕێکو پێکتربوون.

## بڵاوکراوەکانی چاپخانە لە ساڵی ١٩٨٤

| ژ | بابەت | نوسین | ژ/ل | بەروار | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | عێراق و مەسەلەی کورد | نەوشیروان مستەفا | ٣٧ | - | زنجیرەی رادیۆ |
| ٢ | یەزیدیـــەکان لـــە مێـــژووی نەتەوەکەیاندا | لاوك | ٥٨ | هاوینی ١٩٨٤ | نەوشیروان مستەفا |
| ٣ | چەپکە گوڵێك بۆ گیانی ئەمری سید کریم | ڕاگەیاندن | ٢٨ | تش/٢ | ئەندازە (١٦×٢٢) |
| ٤ | کـــاروانی شـــەهیدانی ١٩٨٣ ی (ی.ن.ك) | ڕاگەیاندن | ١٠ | ٩٨٤/١/٢٥ | - |
| ٥ | ئاوڕدانەوەیـەك لـــە ئە نجومـــەنی ئاوایی‌یەکان | جەمال | ٩ | - | - |
| ٦ | یادی (200) ساڵەی شاری سلێمانی | ڕاگەیاندن | ١٢٤ | ٩٨٤/١٢/١٢ | زنجیرەی (١) |
| ٧ | المشـاریع الـــتي قدمـــها الا تحـــاد الوطني الى الحکومة العراقیة | المکتب السیاسي | ١٦ | - | بەکوردیش چاپ کراوە |
| ٨ | جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانی (بەشی سێیەم) | عزیز شەمزینی | ٩٥ | ئەیلوول | و.فەرید ئەسەسەرد |
| ٩ | پەروەردەو فێرکردن لـە کۆمـەڵێکی بەرەو سۆشیالیزمدا | مامۆستا ئومێد | ٣٨ | نیسان | ی.م.ك |
| ١٠ | قیـادە مۆقەتـە لـە چ بەرەیـەکدا وەستاوە ؟ | ی.ن.ك | ٦٨ | - | چاپی سێیەم |
| ١١ | وتـاری بەرێزسـکرتێری گشـتی لـە سەیرانی نەورۆزی ١٩٨٤ | ڕاگەیاندن | ١٩ | نیسان | - |
| ١٢ | چارەسەرکردنی کشتوکاڵ لـە نێوان ریفۆرم و شۆڕشدا | هەڤاڵ کوێستانی | ٢٠ | - | - |
| ١٣ | العراق والمسئلة الکردیة | لاوك | ٢٧ | - | و/لە کوردیەوە |
| ١٤ | ئەو پرۆژانەی (ی.ن.ك) داویەتی بـە حکومەتی عێراق | م.س | ١٦ | - | لە عەرەبی‌یەوە کراوە بە کوردی |
| ١٥ | کۆماری میللی مهاباد (بەشی یەکەم) | محمود مەلا عزت | ١٣٥ | - | - |
| ١٦ | کۆماری میللی مهاباد (بەشی دووەم) | محمود مەلا عزت | ١٣٤ | - | - |
| ١٧ | پرنسیپەکانی ڕێکخستنی حزب | کۆمەڵە ڕێکخراوی ٢ | ٦٠ | ك /دووەم | و/سیامند شاسواری |
| ١٨ | چــەند بەیاننامەیـــەکی م.س (٤ بەیاننامە) | ڕاگەیاندن | ٢٠ | تش/دووەم | نامیلکەیە |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٩ | ماڵئاوا ئەی وڵاتەکەم | فەرهاد پیرباڵ | ٥٢ | ئەیلوول | شانۆ نامە |
| ٢٠ | یاداشتێك سەبارەت بە ئامانجە ڕۆشنبیریەکانی گەلی کورد | یەکێتی مامۆستایانی کوردستان | ٤ | نیسان | بەڵگەنامەی ژمارە(١) |
| ٢١ | گۆرانی بەرگری | عوسمان شەیدا | ٥١ | - | شیعر |
| ٢٢ | دایە شیعر قەدەغەیە | بەرزان عوسمان | ٤٠ | ئایار | شیعر |
| ٢٣ | کاروانی نوێ | محمد امین شێخ علی | ٢٧ | ك/ دووەم | شیعر |
| ٢٤ | یەکەمین خۆشەویستی( کورتە چیرۆك ) | فلادیمیر بۆگۆمۆلۆف | ٤٤ | ئایار | و. ڕەومز |
| ٢٥ | ژمارە ( ٦،٥،٤ ) ی گۆڤاری گزنگ | نوسەران/ لقی‌کەرکوك | - | - | - |
| ٢٦ | ژمارە ( ٩،٨ ) ی گۆڤاری نوسەری کوردستان | یەکێتی نوسەران | - | - | - |
| ٢٧ | ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆبونەوەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی ( ی.ن.ك ) | کۆمیتەی سەرکردایەتی | ١٢ | ئازار | - |
| ٢٨ | لێدوانێك لەسەر نامیلکەی چەند سەرنجێکی ڕەخنەگرانە | کۆمەڵە/ ڕێکخراوی سلێمانی | ٤٥ | ئازار | - |
| ٢٩ | لینین و پرۆژەی تێزەکانی سەبارەت بە مەسەلەی زەوی | لینین | ١٥ | - | و/ ف. ئەنەسەرد |
| ٣٠ | بەیاننامەی ( یەکێتی نوسەرانی کوردستان ) | نوسەران | ١٢ | ٢١/ ئازار | بەبۆنەی نەورۆزەوە |
| ٣١ | کەشکۆڵی پێشمەرگە ( بەشی یەکەم ) | جوامێر | ٦٤ | - | شیعر/شێرکۆ بێکەس |
| ٣٢ | جەنگ دژیـــــومو شـــێواندنی مرۆڤایەتی‌یە | خەلیل کاکەیی | ٢٢ | - | ١٩ هێلکاری‌یە |
| ٣٣ | ئەرکەکانی ڕێکخراوی لاوان( لینین ) | کۆمەڵەی خوێندکاران | ٣٦ | ئازار | و/ هەڵگورد |
| ٣٤ | داستانی هەڵۆی سوور | جوامێر | ٧٢ | - | شیعر/شێرکۆ بێکەس |
| ٣٥ | بەیاننامەی دامەزراندنی( یەکێتی ڕۆژنامە نوسانی کوردستان ) | ڕۆژنامە نوسان | ١٠ | ٢٢ ی گوڵان | - |

**ساڵی ١٩٨٥:**

لـه ١٧ ی کانوونـی دووەمـی سـاڵی ١٩٨٥ دا (م. س.)ی  ی. ن. ک. کۆتایـی گفتوگـۆی نێـوان شـۆڕشو ڕژێمـی عێراقـی ڕاگەیانـد، جارێکـی تـر شـەڕ دەسـتی پێکـردەوە (م. س.) گرنگـیو بایەخێکـی زۆری بـە چاپخانـەداو چەندیـن کەرەسـەو ئامێـری نوێـی بـۆ دابینکـرد.

هەروەهـا چەنـد بینایەکـی گەورەشـی دروسـت کـرد وەکـو هۆڵـی (٤×١٠م) سـتۆدیۆ (جیهـازی وێنەگرتنـی فۆتـۆ گـرافو چـاپ)، ژوری دیزایـن و مۆنتـاچ (٣×٣م)، هۆڵـی دانیشـتنو بـۆ پشـودان (٤×٧م) بـۆ دابینکردنـی کارەبـا مۆلیدەیەکـی گـەورەی (٢٥ واتـی) دانـرا، زۆربـەی ژورەکان کارەبایـان بـۆ ڕاکێشـرا، لەگونـدی سەرگەڵوشـەوە پڕۆژەیەکـی ئـاو دامـەزرا بـە بۆڕیەکـی (٥ ئینـج) بـە درێـژی (٢ کـم) ئـاو گەیشـتە بارەگاکانـی ڕاگەیانـدن یەکـەم جـار بـوو لـەو ناوچەیـەدا پڕۆژەیەکـی وا دروست بکرێت یەکێک دانرا بە پارە چێشتو کاری ڕۆژانەی بارەگاکە ئەنجـام بـدات، ئەویـش هاوڵاتیـەک بـوو لـە گونـدی سـەرگەڵو بەنـاوی عەبـدوڵا هەروەهـا دەزگایەکـی T V یـان بـۆ دابیـن کـرا ئەویـش پـاش چەنـد سـاڵ کادرەکان سـودیان لـە بەرنامەکانـی T V وەردەگـرت.

لەهەمـان سـاڵدا بەشـی سـینەما لـە دەزگای ڕاگەیانـدن دامـەزرا کـە دواتـر بـە وردی بـاس لـە کارەکانـی دەکەیـن، جگـە لـەوەش دەزگای ڕاگەیانـدن توانـی چەنـد چالاکیەکـی جەمـاوەری ئەنجـام بـدات وەک پێشـانگای شـێوەکاری، [٢١] پێشـانگای فۆتـۆ، شـانۆگەری، ئاهەنگـی گـەورە وەک ئـەوەی نـەورۆز لـە سـورداش. کـە پاشـان بـەوردی باسـی ڕۆڵـی هونەرمەندانـی دەکرێـت. بەدەسـت پێکردنـەوەی شـەڕ لـە سـەربازگەی (سۆسـێ) ەوە چەندیـن جـار بـارەگاکان تـۆپ بـاران کـران تەنانـەت

---

٢١ چاوپێکەوتـن لەگـەڵ (دلێر ئیبراهیم) ئەندامی تیپی مۆسیقای شـەهید کارزانو لێپرسـراوی کۆمیتـەی شـاخی (یەکێتیی هونەرمەندانی کوردسـتان).

چەنـد جارێـک بەچەکـی کیمیـاوی تۆپبـاران کـراوەو چەنـد پێشـمەرگەو هاوڵاتیەکـی شـەهید کـردووە.

**بڵاوکراوەکانی چاپخانە لە ساڵی ١٩٨٥**

| ز | بابەت | نوسین | ژ/ل | بەروار | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ڕێبازی نوێ ( ١٢ ژمارە مانگانە ) | ڕاگەیاندن | – | – | – |
| ٢ | گۆڤـاری نوسـەری کوردسـتان / ژمارە ٩ | یەکێتیی نوسەران | ١٢٤ | ك. یەکەم | – |
| ٣ | تۆڵە | محمد موکری | – | – | ڕۆمان |
| ٤ | مامە ڕیشە لە کاروانی سەروەریدا | ڕاگەیاندن | ١٤ | ئازار | – |
| ٥ | کەرکوك و سیاسەتی تەعریب | ڕاگەیاندن | ٣٦ | ئازار | – |
| ٦ | گفتوگۆی شۆرش لەگەڵ میری | ی.ن.ك | ١١٨ | ئایار | چاپی دووەم |
| ٧ | سێ وتاری بەڕێز سکرتێری گشـتی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لـە ساڵی ١٩٨٤ | ڕاگەیاندن | ٣٢ | ك/دووەم | – |
| ٨ | هونەر و مەسەلەکانی سەردەم | ی.ه.ك | ٥٨ | نیسان | کۆمیتەی شاخ |
| ٩ | گەشتەکەی مستەر ریچ بۆ سلێمانی | جیمس کلۆدیۆس ریچ | ١٣٠ | نیسان | و: حەمەی حەمە باقی |
| ١٠ | Ism و Ist و جـــــــۆری بەکارهێنانی | سیامەند شاسواری | ١٦ | ئاب | – |
| ١١ | کەشـکۆڵی پێشـمەرگە ( بەشـی سێیەم ) | جوامێر | ١٠٠ | ئەیلوول | شعر/شێرکۆ بێکەس |
| ١٢ | کورتە باسێك دەربارەی فاشیزم | ئەرسەلان بایز | ٦٠ | شباط | – |
| ١٣ | دەفتەری سەروەری ٢ | ڕاگەیاندن | ١٣٠ | – | زنجیرەی دووەم |
| ١٤ | دەفتەری سەروەری ٣ | ڕاگەیاندن | ١٨٠ | – | زنجیرەی سێیەم |
| ١٥ | پرۆژەی بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی ( یەکێتی نوسەرانی کوردستان ) | نوسەران | ٣٤ | – | – |
| ١٦ | خەباتی گەلان | دەنگی شۆرشی عێراق | ٤٣ | – | زنجیرە-ڕادیۆ |
| ١٧ | دەلیلی تیپـی مۆسـیقای شـەهید کارزان ١٩٨٥ | ی . ه . ك | – | – | کۆمیتەی شاخ |
| ١٨ | گۆڤاری ڕزگاری ( چەند ژمارەیەك ) | ی . ش . ك | – | – | – |
| ١٩ | خەباتی مامۆستا / ژمارە ٤ | ی . م .ك | – | – | گۆڤار |
| ٢٠ | الأنصات /١٥ ژمارە | ڕاگەیاندن | – | – | بەزمانی عەرەبی |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢١ | هەرەس (بەشی یەکەم) | محمد موکری | ٢٨٠ | - | رۆمان |
| ٢٢ | کەشکۆڵی پێشمەرگە (بەشی یەکەم) | شێرکۆ بێکەس | ٦٤ | - | چاپی دووەم |
| ٢٣ | کەشکۆڵی پێشمەرگە (بەشی دووەم) | شێرکۆ بێکەس | ٣٢ | - | چاپی دووەم |
| ٢٤ | گۆڤاری هۆرە (ژمارە ١) | ی.ە.ك/کۆمیتەی شاخ | ٨٤ | تش/دووەم | تایبەت بە مۆسیقا |
| ٢٥ | پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی (ی.م.ك) | ی. مامۆستایانی.ك | ٢٨ | ئەیلوول | ئەندازە ١٠×١٥ |
| ٢٦ | جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان بەشی (١،٢،٣) | عزیز شەمزینی | ١١٤ | - | و:فەرید ئەسەسەرد |

## ساڵی ١٩٨٦:

لە ڕوی دیزاین و جۆری چاپەوە ڕۆژ بەڕۆژ داهێنانی نوێ دەکرا ئەویش بە هۆی بوونی چەند هونەرمەندێکی شێوەکار وەکو ڕەمزی قوتبەدینو ئەردەڵانو ڕێبوار سەعیدو گارا، کە ئەویش لە چاپخانەکەدا کاریان دەکرد، لەم ساڵەدا جیهازێکی ئۆفسێتی گەورەو پێشکەوتو یەک ڕەنگ دابینکرا بۆ چاپخانە، ئەم ئۆفسێتە تا ساڵی ١٩٨٨ کاری کردوو گەورەترین خزمەتی بە چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ گەیاند، هەموو کتێبوناملکەکانی ئەم ساڵە بە قەوارەی یەک لەسەر دوو فولسکاپ چاپ کراون.

**بڵاوکراوەکانی چاپخانە لە ساڵی ١٩٨٦**

| ز | بابەت | نوسین | ژ/ل | بەروار | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ڕێبازی نوێ (١٢ ژمارە مانگانە) | ڕاگەیاندن | - | - | - |
| ٢ | و تتولی الانتصارات | ی.ن.ك | ٩٢ | - | چالاکی ١٩٨٥ |
| ٣ | دەربارەی فدراسیۆن | نەریمان | ٣٢ | مارت | و: فەرهاد ملا رسول |
| ٤ | مەسەلەی کورد لای بێگانە | ڕاگەیاندن | ٤٦ | - | زنجیرە |
| ٥ | ئاوابوون | ڕێبوار | ١٢٤ | - | شیعر |
| ٦ | کتێبی سەوز (بەشی ١ و ٢) | معمر القذافي | ١٣٣ | - | و:فەرید ئەسەسەرد |
| ٧ | فەرهەنگی سیاسی | ابراهیم جلال | ١٠٢ | - | چاپی دووەم |

## ساڵی ١٩٨٧ :

تـا دەهـات هێرشـەکانی ڕژێـم بـۆ سـەر گوندەکانـی دۆڵـی جافایەتـیو بارەگەکانـی سـەرکردایەتی چڕتـرو دڕندانەتـر دەبـوو، چەکـی کیمیـاوی بـە فڕۆکـەو تـۆپ دەدرا لـە ناوچەکـە، پێش هەڕەشـەکانی ڕژێـم بـۆ سـەر بـارەگاکان، بیـر لـە سـوک کردنـەوەی بـارەگاکان کرایـەوە، لـە تشـرینی یەکەمی ١٩٨٧ بەشـێک لە ئامێرەکان ڕەوانـەی (دۆڵـە کۆگـە) کراو بریتـی بـوو لە(ڕۆنیۆیەکـی تـاک، رۆنیۆیەکـی دەبـڵ، جیهازێکـی فۆتـۆ سـتێنڵ، تایپێکـی عـادی، دوبـار کاغـەز).[٢٢] ئەردەڵانـی مـەلا خالیـدو مەهـدی فەیلـی لەگـەڵ کەلوپەلـە بارکراوەکان ڕۆشـتن، کۆتایـی سـاڵ مامۆسـتا موحسـین عەلـی بووبـە لێپرسـراوی چاپخانـەو ئەندامـی مەکتەبـی ڕاگەیانـدن بـوو.

٢٢ ئەرسەلان بایز ئیسماعیل، راگەیاندنی شۆڕشو بزووتنەوەی شیعری کوردی، ٢٠٠١.

**بڵاوکراوەکانی چاپخانە لە ساڵی ١٩٨٧**

| ز | بابەت | نوسین | ژ/ل | بەروار | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ڕێبازی نوێ (١١ ژمارە مانگانە) | ڕاگەیاندن | – | – | – |
| ٢ | و تتوالی الانتصارات | ی.ن.ك | ١٣٣ | – | چالاکی ١٩٨٦ |
| ٣ | ئـەو هۆکارانـەی کێشـەی کـورد و کوردستان پێك دەهێنن | لازاریف | ٦١ | – | – |

## ساڵی ١٩٨٨ :

پێـش دەسـتپێکردنی هێرشـەکانی ئەنفالـی یـەک بـۆ سـەر بارەگاکانـی سـەرکردایەتی، سـەرەتای مانگـی ئـازاری سـاڵی ١٩٨٨ لـە لایـەن نەوشـیروان مسـتەفا وە ئاگادارکرانـەوە دەبـێ نیـوەی کادرەکان بـڕۆن بـۆ (دۆڵـە کۆگـە). کـەس لـە کادرەکان ئامـادە نەبـوو بـڕوات چاپخانـە بەجێبهێڵـن. چەنـد ناوێـک لـە لایـەن (نەوشـیروان مسـتەفا)ەوە دەسـت نیشـانکران ئەویـش ئەمانـەن:

١- موحسین عەلی
٢- بەختیار حەمە شەریف
٣- سۆران جەلال عەزیز
٤- ڕەوەز
٥- مامۆستا عەبدولڕەحمان
٦- مەهدی فەیلی
٧- زاهیر سدیق
٨- هاوڕێ
٩- عومەر حسێن

ئەو ڕێگەیەی کە بەپێ پیایدا ڕۆشتن بەم جۆرە بوو:

(بەرگەڵـو، شـاخی کـەر کـەر، دۆڵـە مازەڵـە، سـیرە مێـرگ (شـەوێک مانـەوە)، گەڵاڵـە، کێـوە ڕەش، مـاوەت، شاناخسـێ (شـەوێک مانـەوە، بانـە،

سەردەشت) پاش چوار ڕۆژ مانەوە، لە سەردەشت بۆ قەسیمە ڕەش، تا گەشتنە دۆڵە کۆکە)، ئەوانەی لە بەرگەڵو مانەوە:

١- سەعدون فەیلی
٢- کاروان مەلا خالید
٣- ڕێبوار سەعید
٤- ڕەمزی قوتبەدین
٥- ڕێبین دووبزی

ئەندامانی بەشی سینەما بە کامێرای ڤیدیۆ لە بەرەکانی شەڕ مانەوەو وێنەیان دەگرت.

لە ١٧/ ١٩٨٨/٣ دوایین دەستە لە کادرەکانی چاپخانە (بەرگەڵو)یان بەجێهێشتو بەرەو شاخی (کەر کەر) ئەوەی توانرا بەولاخ بار کرا. ئەوەی بە جێما لە چاپخانەکە بە بارەگاکەشەوە بە دەستی خۆیان تەقاندیانەوە.[٢٣]

هەروەها ئەرشیفە دەوەڵەمەندەکەی چاپ خانەکە بریتیبوون لە سەرجەم بڵاوکراوەکانی ڕاگەیاندنی (ی. ن. ک.) لەساڵ ١٩٧٥ تا ساڵی ١٩٨٨ بە پشتی دوو ولاخ گواسترایەوە بۆ شاخی کەر کەر و لە ئەشکەوتێکدا شاردرایەوە. ئەوەی لە فیلمی دۆکۆمینتاریەکە دەبینین بەشێکە لەو بارەگایە، ئەو بڵاوکراوانەش زۆربەی بڵاوکراوەکانن کە لە چاپخانەی مەرکەزی ساڵی ١٩٨٦ وێنە گیراون.

سەرەتای ئایاری ١٩٨٨ و لەسەر داوای (نەوشیروان مستەفا) چاپخانە بچووک کرایەوە و لە گەڕەکی (شێوی جوتیارانی) سەقز خانویەکی بچوکیان بە دوو هەزار تومەن بەکرێ گرت.

ئامێرەکانی چاپخانە لە (شیوی جوتیاران) بریتیبوون لە : (تایپێک کە

٢٣ ئەرسەلان بایز ئیسماعیل، ڕاگەیاندنی شۆڕشو بزووتنەوەی شیعری کوردی، ٢٠٠١.

هی عیلاقات بوو درا بە چاپخانە، لەگەڵ مێزێکی مۆنتاج، هەر لەوێ تایپو مۆنتاج دەکرا، لە دوکانی (عەتای شەفیعی) کۆپی دەکران، کادرەکانی چاپخانە لە گەرەکی (شیوی جوتیاران) مانگی مایسو حوزەیران :

١- ئەرسەلان بایز _ سەرپەرشتیار
٢- بەختیار حمە شریف
٣- ڕێبوار سەعید
٤- ئەبو شەهاب (عەرەب)
٥- یوسف زۆزانی لە کاتی ئیشو کارەکاندا

لەماوەی ئەم دوو مانگەدا دوو ژمارەی (ڕێبازی نوێ)و (الشرارة) چاپکران. تەمموزی ١٩٨٨ لە گەرەکی (بلوار) ی سەقز خانویەکی گەورە دابین کرا و هەر لەوی جارێکی تر چاپخانە بەم ئامێرانەوە دەستی بە کار کردەوە تایپیکی (ئۆلیڤیر)ی بۆ دابین کرا.

کادیرەکانی چاپخانە لە مانگی تەممووزەوە تا کوتایی ساڵ

١- فەرەیدون عەبدولقادر لێپرسراوی ڕاگەیاندن
٢- موحسین عەلی لێپرسراوی چاپخانە
٣- بەختیار حەمە شەریف
٤- قارەمان رەفیق چالاک
٥- ڕیبوار سەعید
٦- کاروان مەلا خالید
٧- ئەبو شەهاب (عەرەب)
٨- مامۆستا عەبدولڕەحمان
٩- ڕیبین دوبزێ
١٠- عومەر حسێن ئەحمەد

موحەمەد موکری (وەکو یارمەتیدەر بۆ مانگێک سەرپەرشتیاری ڕیبازی نۆی بوو).

تشـرینی یەکەمـی ١٩٨٨ چاپخانـە گواسـتیەوە بـۆ خانووەیەکیـتـر هـی هاوڵاتیەکـی سـەقزی بـوو بـە نـاوی (مەسـعودی فەرەجـی)، تـا کۆتایـی سـاڵ لـەم شـوێنەدا بـەردەوام ئیـش وکارەکانیـان راپەرانـد.

**بڵاوکراوەکانی چاپخانە لە ساڵی ١٩٨٨**

| ز | بابەت | نوسین | ژ/ل | بەروار | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | رێبازی نوێ | راگەیاندن | – | – | – |
| ٢ | الشراره | راگەیاندن | – | – | – |
| ٣ | کوردو ململانێ و ئاسایشی نەتەوە | محمود ملا عزت | ١٤٤ | ئایار | – |
| ٤ | ژمارە (١٤)ی نووسەری کوردستان | ی.نووسەران | ١١٨ | کانونی یەکەم. | – |
| ٥ | ئەگەرەکانی شەری ئێران — عراق | ؟ | ؟ | – | – |
| ٦ | بەیداخ | حمە کریم عارف | ٤٨ | – | کورتە چیرۆک |
| ٧ | ژمارە (١)ی کەلتوور | – | ٤٠٥ | کانونی دووەم | – |
| ٨ | تفەنگ | جوهر کرمانج | ٦٢ | – | شیعر |
| ٩ | ئاژێر | رێبوار سعید | ١٦٠ | – | شیعر |

**ناوی ئەوکادرو پێشمەرگانەی که لە چاپخانەی مەرکەزی (ی.ن.ك) و شەهید ابراهیم عەزۆ لەماوەی ساڵانی ١٩٧٦-١٩٩١ خزمەتیان کردووە بە پێێ رۆژی پەیوەندی و کارکردنیان لە چاپخانەکەدا ناویان هاتووە**

| ز | نـــاو | پیشە | ماوەی کارکردن | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | حسین کریم (حەمە سعید) | کادر* | ١٩٧٦/٧-١٩٨٠ | بەردەوامە لە خەبات(٢) |
| ٢ | نجم الدین عزیز (سالار عزیز) | کادر | ١٩٧٦ | بەردەوامە لەخەبات |
| ٣ | غریب قادر (غریب هەڵەدنی) | کادر | ١٩٧٦ | لە ١٩٩٣/٧/٢٢ شەهید کرا |
| ٤ | کاوە حەمە شریف | کادر | ١٩٧٦-١٩٧٧ | لە هەندەران ئەژی |
| ٥ | جمال علی مارف (جمالە رەش) | کادر | ١٩٧٦-١٩٧٧ | ١٩٧٨/١/٢٨\٢٧ لەسێدارە درا |
| ٦ | طـه باراوی | کادر | ١٩٧٧ | لە هەندەران ئەژی |
| ٧ | شاسوار جلال (ئارام) | نوسەر و کادر | ١٩٧٥-١٩٧٧ | ١٩٧٨/١/٣١ شەهید کرا |
| ٨ | مولود گوربازی | کادر | ١٩٧٧ | بەردەوامە لەخەبات |
| ٩ | ئاوات قارەمانی | کادر | ١٩٧٧ | لە هەندەران ئەژی |
| ١٠ | محمد امین علی (شێخ شەماڵ) | خۆشنووس | ١٩٧٧ | ١٩٧٨/٤/١٣ شەهید کرا |
| ١١ | جبار (هاورێ جبار) | کادر | ١٩٧٨-١٩٨٠ | بەردەوامە لەخەبات |
| ١٢ | فاضل کریم (مامۆستا جعفر) | نوسەر /ل. راگەیاندن | ١٩٧٩-١٩٨١ | لە هەندەران ئەژی |
| ١٣ | حسین سنجاری | کادر | ١٩٧٩-١٩٨٠ | لە هەندەران ئەژی |
| ١٤ | حاکم عمر ژاژڵەیی | کادر | ١٩٧٩ | لە هەندەران ئەژی |
| ١٥ | محسن علی (مامۆستا محسن) | نوسەرو کادر | ٩٨٩،٩٨٧،٩٧٩ | بەردەوامە لەخەبات |
| ١٦ | فەرید ئەسەسەرد | نوسەر و کادر | ١٩٧٩-١٩٨١ | بەردەوامە لەخەبات |

* کادر : لەبەرنـەبوونی تایبەتمـەندێتی لـە ئیـش و کارەکانی چاپخانـەدا هـەڤاڵان هـەموو ئیشـێکیان دەکرد وەکو (رۆنیۆ–راکێشان– تصحیف – .........هتد) بۆیە وشەی کادرمان بەکارهێناوە .

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٧ | وشیار عابد | كادر | ١٩٨٣-١٩٧٩/٤ | له هه‌نده‌ران ئه‌ژی |
| ١٨ | كاوه حه‌مه صالح | كادر | ١٩٧٩( ٧ مانگ ) | له هه‌نده‌ران ئه‌ژی |
| ١٩ | یاسین ( مامۆستا سورکێو ) | كادر | ١٩٧٩ | ٢٠٠٠/٤ کۆچی دوایکردوه |
| ٢٠ | هه‌ڤاڵ کوێستانی شاعیر | نوسه‌ر و كادر | ١٩٨٢-١٩٧٩/١٠ | له هه‌نده‌ران ئه‌ژی |
| ٢١ | ئاسۆ علی ( ئاسۆ زه‌عیف ) | رۆنیۆ | ١٩٨٠/٣-١٩٧٩/١٠ | به‌رده‌وامه له‌خه‌بات |
| ٢٢ | برهان مصطفی ( فرهاد ) | تایپیست | ١٩٨٠/٧-١٩٧٩/١٠ | ١٩٨٠/٧/٩ شه‌هید کرا |
| ٢٣ | جمیل ره‌نجبه‌ر | نوسه‌ر | ١٩٨٠-١٩٧٩/١٢ | ١٩٨٠/١١/١٨ شه‌هید کرا |
| ٢٤ | جزا عبدالواحد | تایپیست | ١٩٨١/٦-١٩٧٩/١١ | به‌رده‌وامه له خه‌بات |
| ٢٥ | حه‌مه امین عبدالله ( چالاك ) | تایپیست | ١٩٨١/٦-١٩٧٩/١١ | به‌رده‌وامه له‌خه‌بات |
| ٢٦ | هیوا | رۆنیۆ | ١٩٧٩/١٢-١٩٧٩/٦ | ؟ |
| ٢٧ | شهاب عوسمان | كادر | ١٩٨٠/٨-١٩٧٩/١٠ | له هه‌نده‌ران ئه‌ژی |
| ٢٨ | ابوبکر خۆشناو | نوسه‌ر و خۆشنووس | ١٩٨١/٩-١٩٨٠/٣ | به‌رده‌وامه له خه‌بات |
| ٢٩ | فائز یونس( ابو شهاب عرب ) | نوسه‌ر و كادر | ١٩٨٢-١٩٨٠/١١ | له هه‌نده‌ران ئه‌ژی |
| ٣٠ | فه‌رهاد سه‌نگاوی | خۆشنوس | ١٩٨١/٨-١٩٨٠/١٠ | له هه‌نده‌ران ئه‌ژی |
| ٣١ | حسێن به‌فرین | نوسه‌ر و كادر | ١٩٨١/٧-١٩٨٠/١٠ | له سلێمانی ئه‌ژی |
| ٣٢ | ئازاد عبدالله هه‌ورامی | كادر | ١٩٨١/٧-١٩٨٠/٩ | له هه‌نده‌ران ئه‌ژی |
| ٣٣ | ئازاد قادررشید ( ئازاد باپیر ) | كادر | ١٩٨١/٦-١٩٨٠/٩ | له هه‌نده‌ران ئه‌ژی |
| ٣٤ | ئازاد رفیق چالاك | كادر | ١٩٨١/٨-١٩٨٠/٩ | له هه‌نده‌ران ئه‌ژی |
| ٣٥ | شێرزاد رفیق چالاك | كادر | ١٩٨١/١٠-١٩٨٠/٩ | ١٩٨٢/٥/٤\٣ شه‌هید کرا |
| ٣٦ | ئومێد رضا ( حاجی ) | كادر | ١٩٨١/١٠-١٩٨٠/٧ | له هه‌نده‌ران ئه‌ژی |
| ٣٧ | عبدالرحمن ( رێباز ) | كادر | ١٩٨١/٩-١٩٨٠/٨ | له سلێمانی ئه‌ژی |
| ٣٨ | فهد عرب | كادر | ١٩٨٠/١٢-١٩٨٠/١٠ | ؟ |
| ٣٩ | به‌ختیار حه‌مه شریف | تایپیست | ١٩٩١-١٩٨١/٧ | به‌رده‌وامه له‌خه‌بات |
| ٤٠ | شێخ امین شێخ مصطفی | كادر | ١٩٨٢/١-١٩٨١/٣ | له‌سلێمانی ئه‌ژی |
| ٤١ | سعدون یدالله ( سعدون فه‌یلی ) | كادر / ل. چاپخانه | ١٩٩١-١٩٨٢ | به‌رده‌وامه له‌خه‌بات |
| ٤٢ | رموز هه‌ولێری | كادر و وه‌رگێر | ١٩٨٨-١٩٨٢ | له هه‌نده‌ران ئه‌ژی |
| ٤٣ | طه هه‌ولێری | تایپیست | ١٩٨٥-١٩٨٢ | ؟ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٤٤ | چیمەن (خێزانی طه هەولێری) | کادر | ١٩٨٢-١٩٨٥ | ؟ |
| ٤٥ | خالد فەیلی | ڕۆنیۆ | ١٩٨٢ | ؟ |
| ٤٦ | شهاب احمد (خەسرەو فەیلی) | ڕۆنیۆ | ١٩٨٢-١٩٨٤ | ١٩٨٤ لە بەغداد لە سێدارە درا |
| ٤٧ | کاروان مەلا خالد | کادر | ١٩٨٢-١٩٨٩ | لە هەندەران ئەژی |
| ٤٨ | حیدر حسین (مامۆستا حیدر) | کادر | ١٩٨٢-١٩٨٦ | ١٩٨٦ شەهید کرا |
| ٤٩ | ئەردەڵان مەلا خالد | کادر و شێوەکار | ١٩٨٣-١٩٨٩ | لە هەندەران ئەژی |
| ٥٠ | مامۆستا ڕەمزی قطب الدین | کادرو شێوەکار | ١٩٨٣-١٩٨٩ | لە هەندەران ئەژی |
| ٥١ | ابوبکر حسین (بکری خطاط) | خۆشنووس | ١٩٨٣-١٩٨٦ | ١٩٨٨/١/٣ لەسێدارە درا |
| ٥٢ | رعد فەیلی | کادر | ١٩٨٣-١٩٨٤/٣ | لە هەندەران ئەژی |
| ٥٣ | سعد فەیلی | کادر | ١٩٨٣-١٩٨٤/٣ | لە هەندەران ئەژی |
| ٥٤ | مامۆستا عبدالرحمن | خۆشنووس | ١٩٨٣-١٩٨٨ | بەردەوامە لە خەبات |
| ٥٥ | عیماد حسین | شۆفێر | ١٩٨٤-١٩٨٦ | ١٩٩٠ کۆچی دوایی کرد |
| ٥٦ | فاروق حسین | میکانیکی | ١٩٨٤-١٩٨٦ | ؟ |
| ٥٧ | مهدی یدالله شفی (مهدی فەیلی) | کادر | ١٩٨٤-١٩٨٨ | لە هەندەران ئەژی |
| ٥٨ | فەرهاد پیربال | نوسەر | ١٩٨٤-١٩٨٤/١٢ | لەهەولێر ئەژی |
| ٥٩ | حەمە سەقزی | کادر | ١٩٨٤/٢-١٩٨٤/١٢ | ؟ |
| ٦٠ | نجاح فەیلی | کادر | ١٩٨٥/١-١٩٨٥/١٢ | لە هەندەران ئەژی |
| ٦١ | صباح فەیلی | کادر | ١٩٨٥/١-١٩٨٥/١٢ | لە هەندەران ئەژی |
| ٦٢ | جعفر فەیلی | کادر | ١٩٨٥/١-١٩٨٥/١٢ | لە هەندەران ئەژی |
| ٦٣ | ئارام هەولێری | تایپیست | ١٩٨٥/١-١٩٨٥/١٢ | ؟ |
| ٦٤ | جەوهەر حسن | کادر | ١٩٨٥/١-١٩٨٥/١٢ | ؟ |
| ٦٥ | سلیم (ڕێبین دوبزی) | کادر | ١٩٨٦-١٩٨٩/٦ | لە هەندەران ئەژی |
| ٦٦ | ڕێبوار سعید | کادر و شێوەکار | ١٩٨٧-١٩٩٠/٥ | لە هەندەران ئەژی |
| ٦٧ | زاهیر صدیق | کادر | ١٩٨٧-١٩٨٨ | کادرە لە خاك T.V |
| ٦٨ | سۆران جەلال عزیز | کادر | ١٩٨٧-١٩٩٠/١١ | لە هەندەران ئەژی |

## ٥-ڕاگەیاندنی بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان:

### یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان
### ساڵی ١٩٧٦ – ١٩٨٨

لەبەر ئەوەی بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان ڕاگەیاندنێکی سەربەخۆی نەبووە ئەویش لەبەر نەبوونی زانیاری تەواوو کەمی بەرهەمی چاپ کراوی ئەم دوو ڕێکخراوە زوربەی بڵاوکراوەکانی لە چاپخانەی مەرکەزی بڵاو کراوەتەوەو لە چاپ دراوە، تەنها تایپو ڕۆنێویان هەبوو ئەویش بۆ ئیشو کاری ڕێکخستن بەکاریان دەهێنا.

لەساڵی ١٩٧٩ دوو ژمارەی گۆڤاری (بزوتنەوە) ئۆرگانی بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستانیان دەرکردووە، پاش جیابونەوەش لە ناوەندی بزوتنەوە ڕاگەیاندن بە ناوی (دەزگای ڕاگەیاندنی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان) کاری کردووە. لەو ماوەیەشدا چوار ژمارەی تری گۆڤاری بزوتنەوە لە دوو خولدا دەرچووە. دوای یەکگرتنەوە هەردوو باڵی خەتی گشتی (ب. س. ک.) لە ئەیلولی ١٩٨٢، دەزگای ڕاگەیاندنی (ب. س. ک.) بەهەموو کادرو کەلو پەلەکانیەوە بوو بەموڵکی (ی. ش. ک.)و ڕاگەیاندنێکی نوێی لێ دروست کرا، تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٢ ڕاگەیاندنی (ی. ش. ک.) تەنیا چەند ئامێرێکی سەرەتایی لە ژوورێکی ناوەندی (ی. ش. ک.) لە گوندی (زەڵێ) هەبوو ئیشو کارەکانی ڕائەپەڕاند. لەو ماوەیەدا چەند ژمارەیەک لە (کوردایەتی)، ئۆرگانی ی. ش. ک. بڵاوکراوەی (کۆسار) چاپ کران.

لە بەهاری ١٩٨٣ ناوزەنگیان بەجێهێشتو لەگەڵ بارەگاکانی سەرکردایەتی لە (سەرشێو) ماوەی مانگێک مایەوە پاشان بەرەو دۆڵی (جافەیەتی)، و پاشان بەرەو (بۆتێو بالیسان). بەڵام ڕاگەیاندن

لـە گونـدی سـەرگەڵوو مایـەوەو لـە ژوورێکـی نەخۆشـخانەکە بەچەنـد کادرێکـی نوێـوە کەوتەگـەڕ، بەشـێکی بچوکـی ڕاگەیانـدن لـە سـەرەتای ساڵی ١٩٨٣ چـووە گونـدی (وەرتـێ) لـە مانگـی ئایـاری سـاڵی ١٩٨٣ جارێکـی تـر گوازرایـەوە لە(سـەرگەڵو)وەوە بـۆ (بالیسـان).

یەکەمیـن کۆنفرانـس (ی. ش. ک.)و هەڵبژاردنـی سـەرکردایەتیەکی نوێی ڕاگەیاندن لەگەڵ ناوەندیدا لـە گونـدی بۆتـێ جێگیر بـوو. لـەم ساڵەدا د. فوئـاد مەعصـومو مامۆسـتا عەبـدوڵاو ئەندامانـی تـری سـەرکردایەتی (ی. ش. ک.) بەنووسـین هاوکاربـوون

لەسـەرەتای سـاڵی ١٩٨٤ بەدەسـت پێکردنـی گفتـو گـۆ لەگـەڵ ڕژێمـدا ناوەنـدی (ی. ش. ک.) هاتـە سـورداشو لەنزیـک بـارەگای (م. س.) لـە خانویەکـی حکومیـدا بـوو ئامێرەکانیـان هـەر هەمـان دەزگا سـادەو سـاکارەکانی سـاڵانی پێشـوو بـوون، (پێشـەوا تاڵەبانـی) سەرپەرشـتی دەکـرد ئـەم هەڤاڵانـەش لـەم سـاڵانەدا بـە نووسـین هاوکاریـان دەکـرد (مامۆسـتا عەبـدوڵا، حاکـم عومـەر ژاژڵەیـی، عەبدولکەریـم حاجـی سەربەسـت بامەڕنیـی، حسـێن سـنجاری). هـەر لـە مـاوەی گفتوگـۆدا ڕاگەیاندنـی (ی. ش. ک.) چەنـد بەرهەمێکـی بـە چـاپ گەیانـد.

سـەرەتای سـاڵی ١٩٨٥ بەدەسـت پێکردنـەوەی شـەڕ، ڕاگەیاندن چـووە ناوچـەی مەرگـە، پاشـان لـە ئایـاری هەمـان سـاڵ لەگـەڵ بارەگاکانـی تـری (ی. ن. ک.) گەڕایـەوە دۆڵـی جافەیەتـی، لـە کانـی زیوکـە و هەڵـەدن جێگیـر بـوو، د. پێشـەوا لێپرسـراوی ڕاگەیانـدن بـوو، (حاکـم پێشـڕەوو حسـەین ژاژڵەیـی) بەنوسـین هاوکارییـان دەکـرد. لەهەمـان کاتـی دەسـتپێکردنی گفتوگۆ، بـۆ یەکـەم جـار کامێراو ڤیدیۆیەکـی پورتابڵ هاتـە نـاو شـوڕشو لـە دەسـتپێکردنی شـەڕی (دابـان هـەلاج) وێنـەی نەبەردەکانـی دەگـرت.

لـە هاوینـی ١٩٨٦ چەنـد خانوویـەک لـە (بەرگەڵـو) دروسـت کـراو ناوەنـدی ڕاگەیانـدن بەهەمـان دەزگاو کادرەکانـی پیشـووەوە گوازرایـەوە بـۆ ئـەوێ.

پـاش روداوەکانـی ئەنفالـی سـاڵی ١٩٨٨ لەگـەل سـەرجەم بارەگاکانـی

سـەرکردایەتی ی.ن.ک، کوردسـتانی بەجێهیشـت، سـەرەتای تشـرینی یەکەمـی ١٩٨٨، لەشـاری سـەقز بەسەرپەرشـتی دکتـور فوئـاد مەعصـوم، ڕاگەیاندنـی شۆڕشـگێران لـە ژێـر نـاوی (دەزگای ڕۆشـنبیری یەکیتـی شۆڕشـگیرانی کوردسـتان) دەسـت بەکاربـووە چەنـد ئامێریکـی نوێـی بـۆ دابیـن کـراو چەنـد کادرێکیشـی بـۆ تەرخانکـرا.

## بڵاوکراوەکانی (ب.س.ك) و (ی.ش.ك) ١٩٧٦-١٩٩١

| ژ | بابەت | نووسین | ژ/ل | بەروار | تێبینی |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| ١ | دوو ژمارەی گۆڤاری بزوتنەوە (خولی یەك) | ئۆرگانی بسك | - | ١٩٧٩ | - |
| ٢ | دوو ژمارەی گۆڤاری بزوتنەوە (خولی یەك) | ئۆرگانی بسك | - | ١٩٨٠و ١٩٨١ | - |
| ٣ | دوو ژمارەی گۆڤاری بزوتنەوە (خولی دوو) | ئۆرگانی بسك | - | ١٩٨٢ | - |
| ٤ | شۆڕشگێرکێیە؟ | فرید زامدار | ٢٠ | تەمموزی ١٩٨٢ | - |
| ٥ | چوار ژمارەی بڵاوکراوەی گۆسار | ی.ش.ك | - | ١٩٨٣-١٩٨٢ | - |
| ٦ | چوار ژمارەی گۆڤاری کوردایەتی | ئۆرگانی یشك | - | ١٩٨٣-١٩٨٢ | - |
| ٧ | ١٥ ژمارەی گۆڤاری ڕۆشنبیری (تایبەتە بەریکخستن) | ی.ش.ك | - | ١٩٨٦-١٩٨٤ | مەکتەبی ڕۆشنبیری یشك |
| ٨ | ٢٤ ژمارەی ڕۆژنامەی رزگاری | ئۆرگانی یشك | - | ١٩٨٧-١٩٨٥ | - |
| ٩ | پێناس | فرید زامدار | ٣٢ | ١٩٨٢ | فەرهەنگی سیاسی |
| ١٠ | کوردستانی تورکیا | دلاوەر | ٨٤ | - | ن / د. خدر معصوم |
| ١١ | پێڕەوی ناوخۆی (ی.ش.ك) | ی.ش.ك | ٤٧ | تشرینی٢/٩٨٤ | مەکتەبی ڕۆشنبیری |
| ١٢ | پرۆژەی پێڕەوی ناوخۆی (ی.ش.ك) | ڕاگەیاندن | ٢٧ | ١٩٨٤ | - |
| ١٣ | چەند سەرنجێك لە بارەی ڕیکخستنەوە | ڕاگەیاندن | ١٥ | ١٩٨٤ | - |
| ١٤ | بەیاننامەی (ی.ش.ك) بە بۆنەی یادی ٩ | ڕاگەیاندن | ٦ | حوزەیرانی | - |

## كادرەكانی ڕاگەیاندنی (بسك) و (ی.ش.ك) ١٩٧٦-١٩٩١

| ژ | ناو | پیشە | ماوەی كاركردن | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | چەتۆ حەویزی | ل/ڕاگەیاندن | ١٩٨٢-١٩٨٣ | بەردەوامە لە خەبات |
| ٢ | د. پێشەوا تاڵەبانی | ل/ڕاگەیاندن | ١٩٨٣-١٩٨٧ | بەردەوامە لە خەبات |
| ٣ | فرید زامدار | ل/ چاپخانە | ١٩٨٢-١٩٨٣ | ڕاوێژكاری وەزارەتی ڕۆشنبیری |
| ٤ | محمود خۆشناو | كادر | ١٩٨٢-١٩٨٤ | لە هەندەران ئەژی |
| ٥ | سەفین سەرسوور كۆیی | تایپیست | ١٩٨٢-١٩٨٤ | ؟ |
| ٦ | شاخەوان سەیدصادقی | تایپیست | ١٩٨٢-١٩٨٥ | ؟ |
| ٧ | قادر فتح الله ئاغا | كادر | ١٩٨٣-١٩٨٦ | ؟ |
| ٨ | بكر فتح الله ئاغا | كادر | ١٩٨٣-١٩٨٦ | ؟ |
| ٩ | حمید صالح (ڕێباز بابان) | كادر | ١٩٨٣-١٩٩٠ | بەردەوامە لە خەبات |
| ١٠ | دلێر حسن (دلێر ژاكاو) | كادر | ١٩٨٣-١٩٨٥ | لە سلێمانی ئەژی |
| ١١ | ئاوات ڕەئوف عەسكەری | كادر | ١٩٨٣-١٩٨٤ | ؟ |
| ١٢ | حسین ژاژڵەیی | كادر | ١٩٨٤-١٩٨٦ | لە هەندەران ئەژی |
| ١٣ | ئارام | كادر | ١٩٨٤-١٩٨٦ | ؟ |
| ١٤ | سیار بامەرنی | مۆنتاژ | ١٩٨٨-١٩٩٠ | لەهەندەران ئەژی |
| ١٥ | محمد ڕەشید | تایپیست | ١٩٨٨-١٩٩٠ | بەردەوامە لە خەبات |
| ١٦ | عمر حسین احمد | خۆشنووس | ١٩٨٨ | لە كوردستانی‌نوێیە |
| ١٧ | ئازاد وەرتێی | كادر | ١٩٨٩ | ؟ |
| ١٨ | ئاراس مامە رووتە | كادر | ١٩٨٢ | ؟ |

## ٦- چاپخانەی شەهید جەعفەر عەبدولواحید ١٩٨١-١٩٨٨

**ساڵی ١٩٨١:**

لەساڵی ١٩٨١ لە سەر پیشنیازی (بورهان قانع) دەزگایەکی چاپەمەنی دامەزرا بە ناوی (دەزگای چاپو بڵاوکردنەوە) پاشان بە (دار النشر) ناسرا. چاپخانەکەش ناونرا (چاپخانەی شەهید جەعفەر عەبدولواحید).

هۆکاری سەرەکی دامەزراندنی چاپخانەی شەهید جەعفەر عەبدولواحید دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی چاپخانەی برایم عەزۆ ئەرکێکی زۆری لەسەر بوو، بۆ کەمکردنەوەی باری سەرشانیو بۆ ئەوەی بە ئاسانی ئیشو کارەکانی ڕاپەڕێنیو بڕیاردرا بەدامەزراندنی چاپخانەیەکی تری نویێ.

لە ئەیلولی ١٩٨١ لە (ناوزەنگ) دەست کرا بە دروست کردنی بینایەیەک بۆ ئەو مەبەستەو لە تشرینی یەکەم کۆتایی هاتو بریتی بوو لە سێ ژوورو هۆڵێکی گەورە، بورهان قانع بۆ خۆی سەرپەرشتیو وەستایی بیناکەی کرد. لە تاران چەند ئامێرێکی نوێیان بۆ دابین کرد وەک:

- دوو تایپی IBM
- یەک ڕۆنیۆ
- یەک فۆتۆ ستێنسڵ
- یەک کەتەری گەورە
- یەک کابیسەی گەورەی دەرزی

تا کۆتایی ساڵی ١٩٨١ لە ژێر ناوی (لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپو بڵاوکردنەوە) زنجیرەیەک کتێبیان بە چاپگەیاند.

چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزوش تەرخان کرا بۆ ئیشو کاری ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەکانی تری (ی.ن.ک) هەر چەند لە سەرەتاوە بڕیار وا بوو (دار النشر) تایبەت بێت بە بڵاوکراوەی ئەدەبی.

**بڵاوکراوەکانی چاپخانەی شەهید جەعفەر ١٩٨١**

| ز | بابەت | نووسین | ژ/ل | بەروار | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | حزبی کاری ئالبانی | محمد شێخۆ | ٩٣ | – | و/ برهان قانع |
| ٢ | نەتەوایەتی لە ڕوانگەی فەلسەفەی زانستی یەوە | ی. ستالین | ٢٤ | ئەیلوول | و/ برهان قانع |
| ٣ | ارتباط القیادة البارزانیة باسرائیل وجهاز مخابراتها الموساد | أ .و .ك | ٧٩ | تشرین الأول | – |
| ٤ | هەڵۆ سورەکانی قەندیل | سلام محمد | ٧٠ | ئەیلوول | شیعر |

١٩٨٢ کۆتایی ئازاری ١٩٨٢ لەسەر بڕیاری سەرکردایەتی ئەم چاپخانەیە درایە کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێر کە تازە دامەزرابوو.

کەلوپەلی چاپخانەکە لە (ناوزەنگەوە بۆشێنێ‌و دۆڵە توو و قەڵا توکان‌و دۆڵی شەهیدان) گەیشتە (وەرتێ) لەوێ لە بارەگای کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێر چاپخانەکە کەوتە گەڕ. تا کۆتایی ئەو ساڵە چەند بەرهەمێکی نایابی بە چاپ گەیاند، چەند نوسەرێکیش هاوکاری چاپخانەکەیان دەکرد بە ئیش‌و کاری چاپخانەو نوسین. لەوانە (کاکەعەبە، ئازاد جوندیانی، فەرید زامدار، یوسف شەریف).

**بڵاوکراوەکانی چاپخانەی شەهید جەعفەر ١٩٨٢**

| ز | بابەت | نووسین | ژ/ل | بەروار | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | چەند نامەیەك لە زیندانی فاشیستەکانەوە | ی.ن.ك | ١٥٧ | ك. دووەم | – |
| ٢ | بزوتنەوەی نەتەوایەتی ڕزگاری خوازانەی گەلی کوردستان (بەشی یەکەم) | د. عزیز شەمزینی | ١٣٦ | شوبات | و. فەرید ئەسەسەرد |
| ٣ | بزوتنەوەی نەتەوایەتی ڕزگاری خوازانەی گەلی کوردستان | د. عزیز شەمزینی | ١٠٠ | ئازار | و. فەرید ئەسەسەرد |
| ٤ | پێناس | فەرید زامدار | ٣٢ | – | – |
| ٥ | ڕاپەرینی خەڵکی کوردستان بۆچی ؟ | یوسف شریف | – | – | – |
| ٦ | (٣) ژمارە لە گۆڤاری ڕاپەڕین (خولی یەك) | مەڵبەندی ٣ | – | – | – |
| ٧ | (٣) ژمارەی گۆڤاری پێشمەرگە | مەڵبەندی ٣ | – | – | پاشکۆی ڕا پەڕین |
| ٨ | فئات البورجوازیة الصغیرة | خسرو بادینی | – | – | – |
| ٩ | مافی چارەی خۆ نووسین لە ڕوانگەی یاساییەوە | حاکم کمال | – | – | – |

## ساڵی ۱۹۸۳:

لەتشرینی دووەمی ۱۹۸۲ کۆمیتەی سەرکردایەتی بڕیاری پێکهێنانی مەڵبەندەکانیداو هەر مەڵبەندێکیش ڕاگەیاندنی تایبەتی بەخۆی دامەزراند، چاپخانەی (شەهید جەعفەر عەبدولواحید) درا بەڕاگەیاندنی مەڵبەندی سێی هەولێر. بۆ ئەم مەبەستەش چەند کادرێکی نوێی بۆ دەست نیشان کرا.

لەپایزی ۱۹۸۳ لەکاتی شەڕەکانی بەرەی جوود پاشان شەڕی (بێتواتە) تا ڕادەیەک ئیشو کاری چاپخانە ڕاوەستا، لەکاتی گفتوگۆدا لەسەرەتای ۱۹۸٤ زۆربەی ئامێرەکانی گواسترانەوە بۆ سەرکردایەتی، چەند نوسەرێک کە دەستەی نوسەرانی خولی دووەمی گۆڤاری ڕاپەڕین بوون لە نزیکەوەو ڕاستەوخۆ یارمەتی کادرەکانیان دەدا، ئەوانەیش (حاجی مەمۆ ئەندامی مەڵبەندی سێو لێپرسراوی ڕاگەیاندن، مەریوان وریا قانع، شەماڵ عەبدولا، شاسوار هەرشەمەیی، هۆشەنگ).

بڵاوکراوەکانی چاپخانەی شەهید جعفر ۱۹۸۳

| ز | بابەت | نووسین | ژ/ل | بەروار | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| ۱ | سێ ژمارەی گۆڤاری ڕا پەڕین ( خولی دوو ) | مەڵبەندی ۳ | – | – | ٦ ژمارەی لێ دەرچووە |
| ۲ | ژمارە ( ۱ ) ی گۆڤاری هەڵوێست | مەڵبەندی . ٤ ی بادینان | ٥٦ | تەمموز | ۱ ژمارەی لێ دەرچووە |
| ۳ | ژمارە ( ۱ ) ی گۆڤاری نووسەری نوێ | نووسەران لقی هەولێر | ۳٤ | – | ۱ ژمارەی لێ دەرچووە |
| ٤ | سێ ژمارەی گۆڤاری سرووشت | عباس اسماعیل | – | – | زانستی بۆ منداڵان |
| ٥ | ژمارە ( ۱ ) گۆڤاری ئەستێرە ( بۆ منداڵان ) | مەڵبەندی ۳ | ۲۳ | ك. دووەم | ۱ ژمارەی لێ دەرچووە |
| ٦ | خەباتی چینایەتی و تیۆری شۆرشگێرانە | صدیق صالح | ٥۲ | حوزەیران | – |
| ۷ | سەگوەر لە سێ هەڵسەنگاندن دا | مەریوان وریا قانع<br>ئازاد جندیانی<br>ابراهیم جلال | – | – | – |
| ۸ | ٦ ژمارەی گۆڤاری پێشمەرگە لە دوو خول دا( پاشکۆی گۆڤاری ڕا پەڕین ) | م.ع / مەڵبەندی ۳ | – | – | هەر خولێك ۳ ژمارە |

**ساڵی ١٩٨٤:**

لەماوی گفتوگۆدا چەند بارەگایەک لە ناوچەی مەرگە دروستکرا، هەر لە نزیک بارەگای (م.س) لە سێروان خانویەکی شەش ژووری دروست کراو، سێ ژوور بۆ چاپخانە دروست کرا، سەرەتا بەتایپو ڕۆنیۆیەک (حەمە سەعید) دەستی بەکارکرد.

لەماوەی گفتوگۆدا چەند ئامێرێکی نوێی چاپ دابینکرا، تا کۆتایی ١٩٨٤ ئیشو کارێکی ئەو تۆی پێ نەکرا، ئامێرەکانی بریتی بوون لە:

(دفلۆبەر، زیراکسێکی گەورەی مۆدێل کۆن، ڕۆنیۆیەکی تاک، ڕۆنیۆیەکی دەبال، سێ تایپ) بەدەست پێکردنەوەی شەڕ، لەسەر بڕیاری هەڤاڵ مام جەلال بە ڕەسمی ئەم چاپخانەیە دامەزرا، وەکو چاپخانەیەکی سەربەخۆ جیا لە دەزگای ڕاگەیاندن درێژە پیدەری چاپخانەی شەهید جەعفەر عەبدولواحید بوو.

**ساڵی ١٩٨٥:**

بەدەست پێکردنەوەی شەڕ، چاپخانە بەگۆڕانکارییەکی ترەوە دەست بەکار بوو، چەندین بەرهەمیشی بەچاپ گەیاند، تا مانگی ئایار هەر لە (سێروانی) ناوچەی (مەرگە) مایەوە، لە مانگی حوزەیران (سامی شۆڕش) لەبری (حەمە سەعید) کرا بە لێپرسراوی چاپخانەکە، کۆتایی حوزەیران لەگەڵ سەرجەم بارەگاکانی تری سەرکردایەتی، بەرەو دۆڵی جافەتی بەڕێکەوت، بۆ ماوەی مانگێک بە شێوەیەکی کاتی لەبەرگەڵوو لەخوار بارەگای ڕادوێوە مانەوە پاشان لەبارەگای (م.س) لە گوندی یاخسەمەر، لە ژێر کەپرێک لە (کانی شینکە)ی یاخسەمەر کەوتە گەڕ، ڕاستەوخۆ لەلایەن هەڤاڵ مام جەلالەوە سەرپەرشتی دەکرا. لە ئابی ١٩٨٥ دەست کرا بە دروست کردنی بینایەیەک بۆ چاپخانە کە بریتی

بـوو لـە پێنـج ژووری سـێ بـە چـوار لەگـەڵ هۆڵێکـی گـەورەی دانیشـتن، ژوورەکانیش بەپێی جۆری ئیشو کارەکان دابـەش کرابوون. لەسـەرەتای سـاڵەوە (الشـرارة) خرایـە ئەسـتۆی ئـەم چاپخانەیەکـە.

**بڵاوکراوەکانی چاپخانەی شەهید جعفر ١٩٨٥**

| ز | بابەت | نووسین | ژ/ل | بەروار | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | گفت و گۆی شۆرش لەگەڵ میری | م.س (ی.ن.ك) | ١١٨ | – | نووسینی :مام جلال |
| ٢ | سەنگەر لێدان و سەنگەر گرتن | ی.ن.ك | ٢٤ | ئایار | زنجیرەی وشیاری پ.م |
| ٣ | دەربـارەی جـەنگی پـارتیزانی لـە ناوشارەکان دا | ی.ن.ك | ٣١ | ئایار | زنجیرەی وشیاری پ.م |
| ٤ | کـورد لای بیگانـــە (خـەڵکی بـێ دەوڵەت) | جیرار شالیان | ١٨ | – | زنجیرەی ٢ |
| ٥ | کورد لای بیگانە (کوردەکان) | مارتن ڤان برۆنسن | ٢٣ | زستان | زنجیرەی ٤ |
| ٦ | ١١ ژمارەی (الشراره) | – | – | – | – |

## ساڵی ١٩٨٦:

بەدەسـت پێکردنـی داسـتانی (قەیوان-مـاوەت)و نزیـک بوونـەوەی بەرەکانـی شـەڕی ئێران عێراق. بیر لـەوە کرایـەوە چەند بارەگایـەک بـۆ ڕۆژی تەنگانـە لـە دۆڵـە (کۆگـە) دابنرێت.

لـە ١٥ی ئەیلولـی ١٩٨٦ چاپخانەکە پێچرایـەوە بەبـاری تراکتۆرێک بـۆ دۆڵـی (سـەفرە)ی لای مـاوەت، پاشـان دوو سـێ ڕۆژ مانـەوەو بـە چەنـد وڵاغێـک گواسـترایەوە بـۆ گونـدی (هەرزنـە) لـە نـاو خاکـی کوردسـتانی ئێـران. لەوێشـەوە بـە ئوتۆمبێـل بـەرەو سەردەشـت بـەڕێ کـرا، لـەوێ ئـازاد هەورامـی لـە چاوەڕوانیانـدا بـوو، پاشـان چەنـد ڕۆژێـک مانـەوە بـەرەو (ئاڵوەتـان)و (دەشـتی وەزنـێ) کەوتنـەڕێ، لەوێشـەوە جارێکـی تـر بۆ نـاو خاکـی کوردسـتانی عێراق، لە (دۆڵە کۆگە) جێگیر بـوون، زۆربـەی کادرەکانـی چاپخانـە لەیاخسـەمەر بڵاوەیـان پێکـرا چەنـد کەسـێکیان لـە (دۆڵـە کۆگـە) مانـەوە.

**بڵاوکراوەکانی چاپخانەی شەهید جعفر ١٩٨٦**

| ز | بابەت | نووسین | ژ/ل | بەروار | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | خاکی دایك (ڕۆمان) | جەنگیز ئەتماتۆف | ١٣٣ | - | و. ژووان |
| ٢ | ڕاپەڕینی کورد ساڵی ١٨٨٠ | جلیلی جلیل | ٩٢ | کانونی ٢ | و. سامی شۆڕش |
| ٣ | داستانی هەڵۆی سوور و کەشکۆڵی پێشمەرگە | جوامێر | ٣٠٣ | - | شیعر/شێرکۆ بێکەس |
| ٤ | کێشەی کورد (مێژینە و ئێستای کورد) | د. بلەج شێرکۆ | ١٥٢ | - | و. حمەی حمە باقی |
| ٥ | ژمارە (١٢) ی گۆڤاری نووسەری کوردستان | ی. نووسەرانی .ك | ١٤٠ | مایس | - |
| ٦ | ئاوێنە بچکۆلەکان (کورتە شیعر) | جوامێر | ٦٨ | - | شیعر/شێرکۆ بێکەس |
| ٧ | ووتاری هەڤاڵ سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە بۆنەی یادی دە ساڵەی هەڵگیرساندنی شۆڕش | مام جەلال | - | - | - |

**١٩٨٧ –١٩٨٨**

چاپخانەکە هەر لە شوێنی خۆیدا بوو لە (دۆڵە کۆگە). (دۆڵە کۆگە شوێنێکی سەختەو تا شەش مانگ ڕێگاکانی ئەو دۆڵە بەفر دەیگرێت) سەرەڕای ئەو سەختیەش کادرەکان توانیان چەند کتێبێک بەچاپ بگەیەنن. [٢٤]

لەبەهاری ١٩٨٧ (سامی شۆڕش) بۆ دەرەوەی وڵات سەفەری کرد، (زاهیر حەمەتاهیر) لە بری ئەو بووە لێپرسراوی چاپخانە. لە مایسی ١٩٨٨ بەپێی بڕیارێکی سەرکردایەتی چاپخانەکان یەکخرانەوەو ئامێرو کەلوپەلی سەرجەم چاپخانەکان لە (دۆڵە کۆگە، شێنێ، قوڵە هەرمێ‌و شوێنەکانی تر) کۆکرانەوە، لەوێشەوە ڕەوانەی سەقز کران‌و لە ئەنجامدا دەزگایەکی ڕاگەیاندنی یەکگرتوو دامەزرا، واتە تەنها چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزو مایەوەو کادرە زیادەکانیش بەسەر

٢٤ ئەرسەلان بایز ئیسماعیل، راگەیاندنی شۆڕش‌و بزووتنەوەی شیعری کودری، ٢٠٠١.

دەزگاکانی تردا دابەش کران.

**بڵاوکراوەکانی چاپخانەی شەهید جعفر ١٩٨٧**

| ز | بابەت | نووسین | ژ/ل | بەروار | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | المسألة الكردية في العراق | عزيز شريف | ٥٤ | تەمموز | – |
| ٢ | ئەو هۆكارانەی كێشەی كورد و كوردستان پێك دەهێنن | لازاريف | ٦٠ | تەمموز | و: ب. گۆران |
| ٣ | ژمارە (٢) ی گۆڤاری هۆرە | ی.ه.ك | ١٤٨ | ئاب | كۆميتەی شاخ |

**بڵاوکراوەکانی چاپخانەی شەهید جعفر ١٩٨٨**

| ز | بابەت | نووسین | ژ/ل | بەروار | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | كورتە باسێك دەربارەی چەكی كيمياوی و چارەسەر كردنی | – | ٣٣ | – | – |
| ٢ | اغدو ديمقراطي و حرمان شعب حتى من حق الحلم | جلال الطالباني | ٤١٢ | – | – |
| ٣ | جمهورية مهاباد الكردية | ئارچی رۆزفلت | ٧٠ | ئەيلوول | و: ظاهر حمە طاهر |

## ناوی ئەو کادرانەی کە بە پێی کاتی پەیوەندی و خزمەت کردنیان
## لە چاپخانەکەدا لە ساڵی ١٩٨١-١٩٨٨

| ژ | ناو | پیشە | ماوەی کارکردن | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | برهان قانع | ل. دەزگا و نووسەر | ١٩٨٢/١-١٩٨١/٩ | ١٩٨٥/٦/٢٧ کۆچی دوایی کردووە |
| ٢ | ووشیار عابد | کادر | ١٩٨٢/٢-١٩٨١/١٠ | لەهەندەران ئەژی |
| ٣ | فرید ئەسەسەرد | ل.دەزگا و نووسەر | ١٩٨٢/٣-١٩٨١/٩ | بەردەوامە لەخەبات |
| ٤ | بەختیار مەلا عزەت | فۆتۆ ستێنسڵ | ١٩٨٢/٣-١٩٨١/٩ | لەدەزگای شەهیدانە |
| ٥ | ووشیار عبدالرحمن | رۆنیۆ | ١٩٨٢/٢-١٩٨١/٩ | ١٩٨٢ شەهید کرا |
| ٦ | گووشاد عبدالرحمن | تایپیست | ١٩٨٣/٧-١٩٨١/٩ | ؟ |
| ٧ | مامۆستا حمید کۆیی | ل . چاپخانە | ١٩٨٣/٧-١٩٨١/٩ | ؟ |
| ٨ | وەهبی حاجی رەفیق | میکانیکی | ١٩٨٢/٢-١٩٨١/٩ | لەهەندەران ئەژی |
| ٩ | ئومێد حاجی تۆفیق | کادر | ١٩٨٢/٢-١٩٨١/٩ | لەهەندەران ئەژی |
| ١٠ | عبدالله محمد | کادر | ١٩٨٣/٧-١٩٨١/٩ | ؟ |
| ١١ | عبدالله کۆیی | رۆنیۆ | ١٩٨٣/٧-١٩٨١/٩ | ؟ |
| ١٢ | صلاح پێنجوێنی | مۆنتاژ | ١٩٨٢/٣-١٩٨١/٩ | لە سلێمانی ئەژی |
| ١٣ | احمد حمە امین (بابە شێخ) | کادر | ١٩٨٣/٧-١٩٨١/٩ | ؟ |
| ١٤ | ئارام صالح | کادر | ١٩٨٣/٧-١٩٨٣/١ | ؟ |
| ١٥ | عبدالله مەرزانی | فۆتۆ ستێنسڵ | ١٩٨٣/٧-١٩٨٣/١ | ؟ |
| ١٦ | گارا | شێوەکار | ١٩٨٣/٧-١٩٨٣/١ | لەهەندەران ئەژی |
| ١٧ | سیار بامەرنی | مۆنتاژ | ١٩٨٦/١٢-١٩٨٣/٢ | لەهەندەران ئەژی |
| ١٨ | حسین کریم (حەمە سعید) | ل . چاپخانە | ١٩٨٥/٦-١٩٨٤/١١ | بەردەوامە لە خەبات |
| ١٩ | فەرهاد ابراهیم | فۆتۆستێنسڵ | ١٩٨٦/٧-١٩٨٤/١٢ | لە فەرماندەییە |
| ٢٠ | ئەرسەلان ابراهیم | تایپیست | ١٩٨٦/٧-١٩٨٤/١٢ | ؟ |
| ٢١ | جلیل خانەقینی | تایپیست | ١٩٨٦/٧-١٩٨٤/١٠ | لەهەندەران ئەژی |
| ٢٢ | سامی شۆرش | ل . چاپخانە | ١٩٨٧/٣-١٩٨٥/٥ | لەهەندەران ئەژی |
| ٢٣ | ستار کریم | خۆشنووس | ١٩٨٨/٥-١٩٨٥/٧ | بەردەوامە لە خەبات |
| ٢٤ | محمد امین | مدقق (عەرەبی) | ١٩٨٥/٧-١٩٨٥/٢ | ؟ |
| ٢٥ | دلۆڤان | تایپیست | ١٩٨٦/١١-١٩٨٥/٢ | لە دهۆك ئەژی |
| ٢٦ | محمود خۆشناو | مۆنتێر | ١٩٨٦/٨-١٩٨٥/٢ | لەهەندەران ئەژی |

## ٧-چاپخانەی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانو دەزگای ناوەندی ڕۆشنبیری کۆمەڵە (١٩٨١-١٩٨٨) ساڵی ١٩٨١

تا کۆنفرانسی یەکەمی کۆمەڵە لە ٥/٢٥ بۆ ٦/٣/ ١٩٨١،/ زۆربەی بڵاوکراوەکانی کۆمەڵە لە چاپخانەی مەرکەزی (ی.ن.ک) چاپ دەکران، هەر لەو کۆنفرانسەدا بڕیاردرا دەزگایەکی ڕاگەیاندنی سەربەخۆو تایبەت بە کۆمەڵە دابمەزرێت، لە بارەگای (نەوشیروان مستەفا) تایپێکو ڕۆنیۆیەک هەبوو بە زۆری بابەتی تایبەت بە ڕێکخستن پێ چاپ دەکرا، بۆ ئەم مەبەستە لەلایەن چاپخانەی شەهید (ئیبراهیم عەزو)ەوە بە ئامێرو کادرەوە هاوکاری کران، لە ژوورێکی بچوکی بارەگای نەوشیروان مستەفا لە کۆتایی حوزەیرانی ١٩٨١ چاپخانەی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان دەست بەکار بوو. ئامێرەکانیشی بریتی بوون لە (تایپێکی برازەر، ڕۆنیۆیەکی تاک، فۆتۆ ستێنسلێک). حەمەئەمین عەبدوڵڵا دەروێش ناسراو بە (چالاک) و جەزا عەبدولواحید دوو کادێری سەرەکی بوون، هەموو ئیشو کارەکانی چاپخانەیان ڕائەپەڕاند، پاش دوو مانگ ئیش کردن گواستیانەوە بۆ بارەگای تازە دامەزراوی (ناوەندی کۆمەڵە)، کە تێیدا چەند ژوورێک بۆ چاپخانە تەرخان کرابوو.

لە ١٩٨١ لە ئێرانەوە، چالاک چەند ئامێرێکی نوێی بۆ چاپخانە کڕی، گەیاندیە ناوزەنگ بریتی بوون لە: (فۆتۆ ستێنسلێک، تایپێکی IBM، تایپێکی برازەر، تایپێکی ئۆلیدەر، ڕۆنیۆیەکی گستسنەری تاک، کاغەزو پێداویستیەکانی چاپ). لە پایزی ئەو ساڵەش دوو کادری تر نەقڵی چاپخانە کران، ئەوانیش (شەماڵ بەهجەت کابان، سیامەند، شاسواری).

**بڵاوکراوەکانی چاپخانەی کۆمەڵە ١٩٨١**

| ز | بابەت | نوسین | ژ/ل | بەروار | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | جەنگی گەل ، سوپای گەل | ج.جیاب | ١٨٩ | پایز | و. برهان قانع |
| ٢ | پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان | – | – | – | – |
| ٣ | پارتی پێشڕەوی چینی کرێکاری کوردستان | ناوەند | ٢٣ | کانونی یەکەم | – |
| ٤ | پێنجەمین ساڵرۆژی نەمر (خاڵە شهاب و هاورێکانی) | ناوەند | ٨ | تشرینی دووەم | |

## ساڵی ١٩٨٢:

بەدرێژایی ئەم ساڵە، چالاکانە ئیشو کارەکانی ڕائەپەڕاند،و بەنزیک بوونەوەی شەڕەکانی ئێرانو عێراق،و گواستنەوەی بەشێک لە بارەگاکانی سەرکردایەتی لە تشرینی دووەم بەشێکی چاپخانەی کۆمەڵەش گوازرایەوە بۆ (وەرتێ) لەلایەن (جەزا عەبدوڵڵا)و (چالاک) ەوە لەڕێگای (قەڵا تووکان-خانەقا) لەگەڕەکی (چۆمەڵە)ی وەرتێ جێگیربوو.

**بڵاوکراوەکانی چاپخانەی کۆمەڵە ١٩٨٢**

| ز | بابەت | نوسین | ژ/ل | بەروار | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئارام و بزووتنەوەی ئنتەر ناسیۆنالیستی | ناوەند | ١١٩ | کانونی٢ | بەرگی دووەم |
| ٢ | چەند سەرنجێکی ڕەخنە گرانە دەربارەی نامیلکەی پارتی پێشڕەوی چینی کرێکاری کوردستان | سالار | ٢٤ | شووبات | – |
| ٣ | بەرنامەی چارەسەر کردنی کێشەی نەتەوایەتی نەتەوەی کورد | ناوەند | ١١ | ئاب | پەسەند کراوی کۆنفرانسی ٢ |
| ٤ | ڕاگەیاندنی کۆتایی دووەم کۆنفرانسی کۆمەڵە | ناوەند | ٥ | ئەیلوول | – |
| ٥ | پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان | ناوەند | ١٠ | ئاب | پسەند کراوی کۆنفرانسی ٢ |
| ٦ | سەگ وەڕ | محمد موکری | ١٠٣ | ئاب | – |
| ٧ | بەرنامەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی | ناوەند | ١٤ | ئاب | پەسەند کراوی کۆنفرانسی ٢ |
| ٨ | سیاسەتی بەعەرەب کردن لە کەرکووك دا | کۆمەڵە | ٢٠ | – | – |
| ٩ | ژمارە (١و٢و٣و٤و٥و٦) ی کۆمەڵە (خولی ٢) | – | – | – | ئۆرگان |
| ١٠ | پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەی ڕەنجدەران | ناوەند | ٣٠ | – | – |

## چاپخانه لە ساڵی ١٩٨٤:

بەدەستپێکردنی گفتوگۆو ڕاوەستانی شەڕ، زۆربەی بارەگاکانی سەرکردایەتی (ی.ن.ک) چوونە سورداشو ناوەندی کۆمەڵەش قوتابخانەی سورداشی بۆ بارەگا هەڵبژارد.

بەنامەیەکی (فەرەیدون عەبدولقادر) سیامەند شاسواری کەلوپەلەکانی چاپخانەی لە (مالومەو یاخسەمەر)ەوە هێنایەوە بۆ سورداش. لە ناوەندی کۆمەڵە ژورێکی بۆ دابینکراو دەستکرا بەئیشو کاری چاپ.

لەپایزی ١٩٨٤ پێش دەستپێکردنەوەی شەڕ، ناوەندی کۆمەڵە چووە گوندی سێروانی ناوچەی مەرگەو چاپخانەکەش بۆ گوندی (کانی توو) لە خانوویەکی گەورەو ڕێکوپێک، کە بەچیمەنتۆو بلۆک بۆیان دروست کردبوو دانراو موەلیدەیەکی کارەباشی بۆ دابینکرا، تا کۆتایی ساڵ بەم شێوەیە ئیشوکارەکانیان بەڕێوە چوو.

**بڵاوکراوەکانی چاپخانەی کۆمەڵە ١٩٨٤**

| ژ | بابەت | نوسین | ژ/ل | بەروار | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | فەرهەنگی سیاسی | ابراهیم جلال | ١٦٨ | - | - |
| ٢ | کۆمەڵەی رەنجدەران بۆ کوردستانی‌یە؟! | ابراهیم جلال | ٢٤ | - | - |
| ٣ | ماتریالیزمی دیالکتیك | محمد قوربانی | ٣٢ | شوبات | و.ابراهیم جلال |
| ٤ | ناسیۆنالیزم و ئینتەر ناسیۆنالیزم لە مەسەلەی رزگاری نیشتمانی دا | ڕەوا | ٢١ | ئایار | - |
| ٥ | با (١) ی ئایار جەژنی یەکگرتن و ئاشتی بێ | ناوەند | ٧ | ئایار | بەیاننامە |
| ٦ | یادی چواردە ساڵەی دامەزراندنی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان | ناوەند | ٩ | حوزەیران | بەیاننامە |
| ٧ | پێڕەوی ناوخۆ و بەرنامەی کۆمەڵەی رەنجدەران | ناوەند | ٤١ | تەمموز | پەسەندکراوی کۆنفرانسی ٣ |
| ٨ | بەرنامەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی | ناوەند | ٢٣ | تەمموز | - |
| ٩ | بەرەو پێکهێنانی حیزبی پێشڕەوی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان | جوامێر | ٧٥ | - | - |

**ساڵی ١٩٨٥:**

**دەزگای ناوەندی ڕۆشنبیری کۆمەڵە**

یەکێک لە بڕیارەکانی کۆنفرانسی سێیەمی کۆمەڵە، دامەزراندنی دەزگای ناوەندی ڕۆشنبیری کۆمەڵە بوو، بە دەستپێکردنەوەی شەڕ، چاپخانە خرایە خزمەتی دەزگای ڕۆشنبیریو چەند ئامێرێکی نوێی بۆ دابین کرا. دەیان کادری نوێی بۆ تەرخان کرا.

ئەو هەڤاڵانەی کە دەستنیشان کران بۆ ئەندامێتی دەزگای ناوەندی ڕۆشنیری کۆمەڵە. ئەمانە بوون: (شەهید ئازاد هەورامی-لێپرسراوی دەزگا، ڕێکەوت عوسمان بەگ، جەمال عەبدوڵڵا، «هەڵکەوت»، مامۆستا پشکۆ، د.خەسرو خاڵ). لە هاوینی ١٩٨٥، بەهۆی تۆپبارانی ((باداوان))و بارەگاکانی سەرکردایەتی لە ناوچەی مەرگە، ناچار دەزگای ڕۆشنبیری گەڕایەوە دۆڵی جافەتی لە ناو چنارەکانی گوندی هەڵەدن بارەگاکانیان دانا. پاشان گواستیانەوە بۆ گوندی چاڵاوا لە قوتابخانەی گوندەکە دانرا.

**ناوەندی ڕۆشنبیری کۆمەڵە ١٩٨٦:**

لەزستانو بەهاری ئەو ساڵە، دەزگا هەر لە قوتابخانەی (چاڵاوا) بوو لە سەرەتای ساڵ شەهید ئازاد هەورامی لە دەزگا دوور کەوتەوە، د. خەسرەو خاڵ کرا بە لێپرسراوی دەزگا، دوو ئەندامی تر هاتنە ناو دەزگا کە ئەوانەش (مەحمود ڕەزا، مامۆستا ئەمین). ڕۆژانە بەردەوام دۆڵی جافەتی بۆردومان دەکرا بە تایبەتیش چاڵاوا، بۆیە بڕیار درا دەزگای ڕۆشنبیری بڕوا بۆ دۆڵە کۆگە، زۆربەی کادرەکان بەسەر دەزگاکانی ترا دابەش کران، چەند کادرێکیش لەگەڵ چاپخانەکەدا مایەوە.

لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٦ لە ڕێگای سەردەشتەوە بەناو خاکی

ئێرانـدا دەزگای ڕۆشـنبیری گەیشـتە دۆڵـە کۆگـە، ئەوانـەی لەگـەڵ چاپخانەکەدا بـوون لـە دۆڵە کۆگـە (هەڤاڵ، پێشڕەو، هیـوا عەبدوڵڵا، جـەزا عەبدولواحیـد).

### ساڵی ١٩٨٧:

دەزگای ناوەندی ڕۆشنبیری کۆمەڵە لـە خانویەکـی بچوکـی دووژوری لـە دۆڵـە کۆگـە جارێکـی تـر دەسـتی کردەوە بـە ئیشو کارەکانـی، چەندیـن کادرو ئەندامـی نوێ هاتنـە نـاو دەزگاکـەوە، لەوانـە: (یوسـف شـەریف) کـرا بـە ئەندامـی دەزگا.

دیـارە ژیانـی دۆڵە کۆگـە زۆر سـەختو نالەبـار بوو لەو سـەهۆڵبەندانەدا پێشـمەرگە فریـای ڕۆژانـەی ژیانـی خـۆی نەدەکـەوتو نەدەپەرژایـە سـەر ئیش وکاری چاپخانـە، سـەرەباری ئـەوەش توانـرا چەند بەرهەمێکـی نایاب بەچـاپ بگەیەندرێـت، لەوانـە (ئەمنـی سـتراتیژی عێـراقو سـێ کوچکـەی بەعسـیان) کـە تەنها چـاپ کردنـی ئـەم کتێبـە شـەش مانگـی خایاند.

بڵاوکراوەکانی چاپخانە لەساڵی ١٩٨٧

| ز | بابەت | نوسین | ژ/ل | بەروار | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ژمارە (١٦)ی کۆمەڵە و دوایین ژمارە | ناوەند | ٦٢ | نیسان | - |
| ٢ | ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێ کوچکەی بەعسیان تەرحیل ،تەعریب ، تەبعیس | چیا | ٣٦٦ | ئایار | مامۆستا امین |
| ٣ | جەنگ و هەندێك لە جۆرەکانی | - | ١٣٥ | کانونی ١ | و.ئاراس |
| ٤ | ستراتیجی سەربازی | سۆکۆلۆفسکی | ٦٢ | ئایار | و. ڕەنج |
| ٥ | دەربارەی شێوەی ئاسایی بەرهەم هێنان لە کوردستاندا | فەرید ئەسەسەرد | ٥٠ | - | - |

### دەزگای ناوەندی ڕۆشنبیری کۆمەڵە ١٩٨٨:

لەم ساڵەدا دوای کارەساتی ئەنفال، لە مانگی ئازار بەدواوە زۆربەی چالاکی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەکار کەوت، لەسەر بڕیاری (نەوشیروان مستەفا) لە ئەیلولی ١٩٨٨دا دەزگای ڕۆشنبیری کۆمەڵە پێچرایەوە، لەلایەن جەزا عەبدولواحیدو فەرهادەوە بە پشتی چەند وڵاغێک گەیشتە (گوێزێ)، لەوێشەوە بە ئۆتۆمبێل بۆ ((کاولانی ئێران)) لە ماڵی جەزا عەبدولواحید دانرا پاشان لە بەهاری ١٩٨٩ بە نامەیەکی فەرەیدون عبدالقادر ڕەوانەی قەسیمەڕەش کرا.

## ٨-چاپخانەی شەهید عەبدولخالق مەعروف نوسەران ١٩٨٤-١٩٨٨

ڕۆژی ١٠ / ٤ / ١٩٨٥ لەلایەن چەند بەکرێگیراوێکەوە لەناو شاری هەولێر نوسەری بوێر (عەبدولخالق مەعروف)یان شەهید کرد.

نوسەرانی شاخ، لەپاڵ چاپخانەکانی تری شۆڕش، لەزستانی ١٩٨٤ (یەکێتی نوسەرانی کوردستان – لقی کەرکوک) لەگوندی (سەرگەڵوو) بە چەند ئامێرێکی سادە و بچووک چاپخانەیەکی تایبەت بەنوسەران دامەزراند. تا ئەوکاتە جگە لە چەند بەرهەمێک، بەرهەمەکانی تری نوسەران لە چاپخانەکانی تری شۆڕش چاپ دەکرا.

هەندێ بۆچون دەڵێت (تاکۆتایی ساڵی ١٩٨٥ بەرهەمی ئەدیب و نوسەرانی ناوچە رزگارکراوەکان، ئەو بەرهەمە ئەدەبیانەی لە شارەوە دەهاتن لە چاپخانەکانی تری شۆڕش بە تایبەتی (چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ) چاپ دەکران، لە کۆتایی ئەو ساڵە دا لە گوندی بەرگەڵوو بە تایپ و ڕۆنیۆیەک بناغەی ئەو چاپخانەیە دامەزرا.[٢٥]

---

٢٥ ئەرسەلان بایز ئیسماعیل ڕاگەیاندنی شۆڕش و بزوتنەوەی شیعری کوردی.

دەکرێت چاپخانەکەیان لە (١٩٨٥)دا ناوینرابێت، دوای شەهیدبونی (عەبدولخالق مەعروف) وەک ڕێزلێنانێک، هەروەها یەکێک لەژمارەکانی (نوسەری کوردستان) بەرگەکەی وێنەی عەبدولخالق مەعروف لەسەرە.

بەهۆی سەربەخۆیی نوسەران لە ئیشوکارەکانیانەوە، پەیوەندیەکی پتەویان هەبوو لەگەڵ زۆربەی لایەنە سیاسیەکان ئۆپۆزیسیۆنی عیراقیو ئێرانی، پەیوەندی باشیان هەبوو و هاوکاری دەکران.

سەرەتای زستان ١٩٨٥ (چریکهای فدائی خلق) تایپێکی (برازەر)یان پێشکەش کردن، پاشان دەفتەری سیاسی (حزبی دیموکراتی کوردستان) ڕۆنیۆیەکی (دانزا)ی دەبلیان دایە نوسەران پاش سالێکیش بۆیان گۆڕین بە ڕۆنیۆیەکی (کاتل).

ئەم چاپخانەیە تەنیا دوو کادر چاپخانەکەیان بەڕێوە ئەبرد ئەوانیش (ئەحمەد عارف، تیپ و ڕۆنیو و چاک کردنەوەی ئامێرەکان). (حەمە کەریم عارف، محەمەد موکری هاوکاری کردن لە راکێشان و دیزاین کارەکانی تر).

ئامێرەکانی چاپخانەی شەهید عەبدولخالق مەعروف، ساڵی ١٩٨٥ بریتی بوون لە (دوو تایپی برازەر[٢٦]– ڕۆنیۆیەکی کاتل – مقەستێکی گەورەی بڕین (کەتەر) – مەکینەیەکی گەورەی دەرزی).

لەسەرەتایی ١٩٨٧ سەردانی هەڤاڵ (مام جەلال)یان کرد و بەڵێنی هاوکاری و یارمەتی زۆریان پێ درا بۆ ئەم مەبەستەش (کاک محەمەد موکری) لە ئێران چەند ئامێرێکی نوێی بۆ چاپخانەکە هێنا، لەوانە (تایپیکی I.B.M – فۆتۆ ستنسل و چەند پێداویستیەکی چاپخانە.

ئەو ئامێرانە بەکارنەهێنرا تا لە شوباتی ١٩٨٨ لە کاتی ئەنفالەکە بەجێهێڵدرا.[٢٧]

---

٢٦ ئازاد خانەقینی – مادێنا.

٢٧نەوزاد ئەحمەد : گۆڤاری گزنگ. لێکۆڵینەوە و بیلۆگرافیا.

## بڵاوکراوەکانی چاپخانەی عبدالخالق معروف ١٩٨٤-١٩٨٨

| ز | بابەت | نووسین | وەرگێران | ژ/ل | بەروار |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | گۆڤاری گزنگ ژمارە (٧-١٤) | نوسەران لقی کەرکوك | - | - | - |
| ٢ | گزنگی بچوکان (سێ ژمارە) پاشکۆی گزنگ | - | - | - | - |
| ٣ | پێناسەکان (رۆمان) | عزیز نەسین | حەمە کریم | ٢٢٠ | - |
| ٤ | دیدەنی مەرگ (شیعر) | سەلام | - | ٧٧ | ١٩٨٦ |
| ٥ | یەڵماز گۆنەی (پاشکۆی گزنگی ١٣) | - | - | ٥٢ | ١٩٨٥ |
| ٦ | فنست فان کوخ (شانۆ نامە) | پاول هابزلر | حەمە کریم | ٦٠ | ١٩٨٤ |
| ٧ | کۆچی سوور (چیرۆك) | - | حەمە کریم | ١٠٤ | ١٩٨٨ |
| ٨ | دڵی داگیرساوی دانکۆ (چیرۆك) | م . گۆرکی | احمد عارف | ٨٤ | ١٩٨٦ |
| ٩ | گەرانەوە بۆ حەیفا (کورتە چیرۆك) | غەسان کنفانی | احمد عارف | ٦٠ | ١٩٨٥ |
| ١٠ | بەرەو چیا (رەئوف بێگەرد - کورتە چیرۆك) | رێبوار عبداللە | - | ٦٨ | ١٩٨٥ |
| ١١ | نینا (رۆمان) | ثابت رحمن | حەمە کریم | ٢٩٢ | ١٩٨٥ |
| ١٢ | روبەروو لە سینەری چیادا (دیدار) | بێستون | - | ٢٠٤ | ١٩٨٥ |
| ١٣ | شکست (رۆمان) | الکسندر فادایف | حەمە کریم | ٢٦٠ | ١٩٨٧ |
| ١٤ | ژمارە ١٢ ی نووسەری کوردستان | نووسەران | - | ١٤٠ | ١٩٨٦ |
| ١٥ | نێچیر (کۆمەڵە چیرۆك) | محمد موکری | - | ٢٢٠ | - |
| ١٦ | پێناسنامەکان (کورتە چیرۆك) | عزیز نەسین | حەمە کریم | - | ١٩٨٦ |
| ١٧ | مەرگی هەڵۆ (شیعر) | محمد کەساس | - | ٤٥ | ١٩٨٦ |
| ١٨ | هاوماڵەکان (رۆمان) | احمد محمود | حەمە کریم | ٣٠٤ | ١٩٨٧ |

## بابەتەکانی ژمارە تاقانەکەی پێروو

| ل | بابەت | جۆری بابەت | نوسین | وەرگێران |
|---|---|---|---|---|
| ٢ | چەند ووشەیەك | - | دەستەی نوسەران | - |
| ٤ | بانگەوازێك بۆ نووسەرانی کوردستان | - | ی. نووسەرانی ی.ك | - |
| ٧ | شیعری بەرەنگاری | لێکۆڵینەوە | ابوبکر خۆشناو | - |
| ٢٣ | ئەدەب و شۆرش | وتار | محمد رەنجاو | - |
| ٢٩ | یەفتەشینکۆ دەدوێ | لێکۆڵینەوە | - | - |
| ٣٣ | هەڵوێست | شیعر | ساجد قەرەداغی | - |
| ٣٤ | شاعیرو رەخنەگر | لێکۆڵینەوە | ە.و. گارود | ئازاد عبداللە |
| ٣٧ | چوار هۆنراوە (کەوێڵ، چە پکە گوڵێك، زیندان، ئەوین) | شیعر | هەڤاڵ کوێستانی | - |
| ٤٢ | چوار هۆنراوە( گۆرە بۆشەکان، کفن دز، لەکوێ بدنێژم، لوتکە | - | - | - |
| ٤٧ | ژانی برسیەکان | شیعر | جمیل رەنجبەر | - |
| ٥٠ | دوو هۆنراوە | شیعر | مامە ئالە | - |
| ٥٣ | موعتەسەم | شیعر | رحیم عزیز | - |
| ٥٨ | شیعری وەرگێردراو( بەرلەسێدارەدان، نوستوی بەرباران ) | شیعر | خسروگوڵسرخی | باوکی ئازاد |
| ٦١ | دۆزەخ | چیرۆك | فەرید ئەسەسەرد | - |
| ٦٩ | هەرچەند میش و مەگەز زۆربێت کوشتنی ئاسان تر نەبێت | - | زکریا تامر | کاکە باس |

# بەشی دووەم

# رادیۆ

لەگـەل بڵاوبونـەوەی  بەیاننامـەی دامەزراندنـی (ی.ن.ک)  لـە شـام و ئەوروپـا، دوای گەیشـتنی نامەکـەی شـەهید  ئـارام (شاسـوار جـەلال) بۆشـام لـە بەشـێکی نامەکـەدا هاتـوە، (پێـش هەمـوو شـتێک پێویسـتە دروشـمان هەبێـت، رادیۆیـەک و جەریدەیەکـی مەرکـەزی بـۆ تەنزیـم و رادیـۆش بـۆ جەمـاوەر)[1].

بەگەیشـتنی نامەکـە گفتوگـۆی لێکراو(مـام جـەلال و دکتـۆر فوئـاد مەعصـوم)  زۆر بەپەرۆشــەوە لەخەمـی دابیـن کردنـی  ڕادیـۆدا بـوون. دواتـر  لەگـەڵ دەوڵەتـە دۆسـتە کانـی کـوردا قسـەکرا. یەکێـک لەوانـە (لیبیـا) بـوو. مـام جـەلال   نامەیەکـی بـۆ قەزافـی نووسـی  عـادل مـوراد ڕاسـپێردرا  وەک نوێنـەری (ی.ن.ک) نامەکـەی گەیانـدە قەزافـیو چـاوی پێیکـەوتو لەنـاو قسـەکاندا داوای ڕادیـۆ کـرا.

(عـادل مـوراد)و  (عومـەر شـێخ مـووس) لـە سـوید سـەرگەرمی کرینـی رادیۆ بوون،  لەرێگا ی چەند کوردێک کە دۆستی  (عومەر شێخ مووس) بـوو، قاچاخچییەکـی یۆگسـلافی  بەنـاوی (ئەلکزاندەر)یـان  دۆزیـەوە، ئەویـش دوای چەنـدە ڕۆژێـک رادیۆیـەک  بەنرخـی (١٤٠ هـەزار) فرەنکـی فەرەنسـی  بۆ دابیـن کردبـوون،  لـە (سـوید)ەوە  رادیۆکـە شـەحن کـرا و گەیشـتە (دیمەشـق) لەوێشـەوە بـرا بـۆ ماڵـی (دکتـۆر فوئـاد مەعصـوم). تەڵعـەت گلـی (ئاشـتی)  لەگـەڵ (دکتـۆر خـدر مەعصـوم) بەمەبەسـتی تاقیکردنـەوەو فێربـوون (ئەنتێنێکیـان) لەسـەربانەکەدا چەقانـد، تەڵعـەت گلـی ئەندازیـاری ئەلکترۆنـی بـوو  وشـارەزاییەکی باشـی هەبـوو لـەم بـوارەدا. چەنـد کاسـیتێکی گۆرانییـان  پەخـش کـرد  مـام جەلالیـش لـە سـەر بانی ماڵی خۆیانـەوە ئاگا داری دەکردینـەوە لـە چۆنێتـی وەرگرتنـی رادیۆکـە. (بۆدامەزراندنـی رادیـۆ، دەبێت سوپاسـی دوو کـەس بکەیـن، کـە

---

[1] عادل موراد. کوردستانی نوێ (١٨٢٦) ١٩٩٩/٣/٣١.

یەکەم جار رادیۆکەیان تاقی کردەوە ئەوانیش ئەندازیار تەڵعەت گلیو د.خدرمەعصوم کە توانیان کاری پێبکەن).[2]

## دەربازکردنی ئیزگەکە بۆ وڵات

لێرەدا بە پێویستی دەزانم دەقی نوسینەکەی (دکتۆر خدر مەعصوم) بنوسمەوە کە باسی کاروانی گەیشتنی ئێستگە کە لە سنوورەوە بۆ گوندی (نۆکان) ی پێش قەلا دزێ دەکات، کە لە ژمارە (٥٢ ڕۆژی هەینی ٢٢/ئایاری/١٩٩٨ کوردستانی نوێ) لە چاپی دەرەوەدا بڵاوکراوەتەوە.

هەرچەندەدەربازکردنی ئێستگە کە بۆ وڵات کارێکی ئاسان نەبوو، بەتایبەتی ڕێگای سەر سنور ی تورکیاو سوریا، دەبوایە ماوەی (١ کم) بەراکردن لە ڕێگەیەکی پر مەترسیدارەوە کە بەمین و تەلی دڕکاوی تەنرابوو، تێپەڕی. دووەمیان ئەمپلی فایەرەکە (٨ کغم) قورس بوو، (سەید مورسل) کەپێشمەرگەیەکی کۆنی شۆڕشی ئەیلول بوو، لەئێرانەوە گەیشتبووە سوریا و پەیوەندی بە (ی.ن.ک) وە کردبوو ئەمپلی فایەرەکەی بەڕاکردنو بەپشتی خۆی لەسنورەوە پەڕاندەوە.

## کاروانی ئێستگە لەسنوورەوە بۆ گوندی نۆکانی پشت قەڵادزە[3]

لەسێگۆشەی سنووری نێوان (عێراقو تورکیاو ئێران) لەدۆڵی (کۆستێ) بارەگایەکی کاتیمان دانا، بەهاتنی زستانو سەرما ناچاربوین روبکەینە گوندەکانی ناوچەی (سۆفیان) لەدۆڵی (خواکورک)، لەوێ لەبەر بۆردومانی فڕۆکەکانی دوژمن بەرۆژ دەچوینە دەرەوەی گوندو ئێواران دەگەڕاینەوە، هێستریکیشمان بۆ ئێزگەکە تەرخانکردبوو، (شەهید عەلی عەسکەری) پێشمەرگەیەکی بۆ تەرخانکردم بەناوی

---

٢مام جەلال، (کوردستانی نوێ) لەیادی کردنەوەی ئێستگەی نوێ ی تەلەفیزیۆنی (ی.ن.ک).
٣ د. خدر مەعصوم، (کوردستانی نوێ) ژ(٥٢)ی رۆژی هەینی (٢٢ی‌ئایاری ١٩٩٨)ی چاپی دەرەوە.

(ئەحمەدسەلیم) کەشارەزایی لەکارەبادا هەبوو، بۆئەوەی یارمەتیم بدات بۆئاگادارکردنی ئێزگەکە،کەدەبوایە بەهەمان شێوە بەرۆژ ببرێتە دەرەوەی گوند.

ڕۆژێکیان لەگوندی (جۆرجان) بووین کەس نەبوو یارمەتیمان بدات بۆ بارکردنی ئێسگەکە، منیش شارەزاییەکی ئەوتۆم لەبارکردنو ڕاگرتنی هاوسەنگی باردا نەبوو، چونکە بەداخەوە لە(کۆلێژی پزیشکی) ئەو دەرسەم وەرنەگرتبوو. دڵی (مام ئەحمەد)م دایەوەو وتم: گەر سەر کەوتین پێویستە لەیەکەم بڕیاری حکومەتەکەماندا وڵاخ بارکردن ببێتە وانەیەکی سەرەکی لەهەموو پلەکانی خوێندندا، ئەم قسەیەم بەتەواوەتی (مام ئەحمەد)ی توڕە کرد، ئەو هەر خۆی کابرایەکی بەساڵاچوی توڕەو تەنگەتاو بوو، دەستیکرد بەجنێودان بەخۆی کەبۆتە پێشمەرگەو پاشانیش بە (شەهید عەلی عەسکەری) کە توشی ئەم کێشەیەی کردووە دوای ئەوە کەوتە جنێودان بە (هەڤال مام جەلال) کە شۆڕشی هەڵگیرساندۆتەوە، ئەوجا هاتە سەرمنو وتی: کوڕ (........) نەبای بۆ خۆت لە(لەندەن) بوویت چ ئیشت بەو شەرەشەقە هەیە؟!.. (مام ئەحمەد) دەستیدایە گاشەبەردی زل زلو بەهەموو هێزی خۆیەوە بەئێسگەکەیدا دەدا، ئەوکاتە سندوقو کارتۆنەکانی خۆی نەمابوو، هەرتەنها لەبەتانیمان پێچابوو شەوانەش بۆ خەوتن لەسەر ئەو دوو بەتانییە دەبووە شەر، ئیسگەکە لەچەند شوێنێکەوە چوارچێوە ئاسنینەکەی قوپا بوو، شەوێ داوام لە (شەهید عەلی عەسکەری) کرد کە کەسێکی دیکەی شارەزا ی وڵاخ بارکردنم بۆ دابین بکات، ئیتر بەئیسگەکەوە بەرەو نۆکان کەوتینەڕێ.

(دکتۆر خالید)و (شێخ حسێن)و (بابە شێخی یەزیدی)و من. بەرەو ناوچەی هەولێر بەڕێکەوتین ئێستگەکەش لەگەڵ (هەڤال مام جەلال)و (شەهید عەلی عەسکەری) بەرەو ناوچەی نۆکان. لەڕێگا هێسترەکە لەشاخ هەڵدێراو کەوتەخوارەوە ئێستگەکەش سەدان تەقڵەی لێداو تەنانەت لەگەڵ هەر هەڵبەزینەوەیەکدا چەند مەترێک دەچوەئاسمان،

لەنۆکان لەماڵی (کوێخا عەبدوڵڵا) لەکایاندا شاردرایەوەو پاش ڕۆیشتنی هێزەکانی (ی.ن.ک) بۆ ناوچەی هەکاری، پڕۆژەی دامەزراندنی رادیۆ سەرینەگرت، پاش کارەساتەکەو جێگیربوونی سەرکردایەتی (ی.ن.ک) لە (خڕی نێوزەنگ) لەساڵی (١٩٧٩) بیرۆکەی دامەزراندنی ئێستگە جارێکیتر سەریهەڵدایەوە، بۆ ئەم مەبەستەش دەبوایە (دینەمۆی کارەبا)و (ئەنتێن)و پێداویستیەکانیتر دابین بکرایە.

شۆڕشی گەلانی ئێران لەجۆشوخرۆشدا بوون، رژێمی (شاهنشاهی) تاڕادەیەک کۆنترۆڵی کوردستانی لەدەستدابوو، داوا لە هەڤاڵ (تەڵعەت گلی) کرا کە بگەڕێتەوە کوردستانو پاش ماوەیەک لە (کوەیت) ەوە گەیشتە (نێوزەنگ)، زۆربەی کەلوپەلەکانی رادیۆ لە(ورمێ)ەوە دابینکران (ئیحسان نەجم محێدین – ئەبوشەهاب) و(د. خدر مەعصوم) یاریدەدەری (تەڵعەت) بوون لەدامەزراندنی رادیۆ، هەروەها بەقەرز ریکۆردەرێکی (مسجلة- GVC) کڕرا بە(پێنج دینار) لەدووکانی قاچاخچیەک بەناوی (ئەحمەد ساروخ) لەناو زەنگ، بۆ یەکەمجاریش لە(نۆکان) دامەزراو ڕۆژانەش تاقیدەکرایەوە. لەناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا ڕێکخستنەکان وەڵامیان نارد کە رادیۆکە بەباشی وەردەگیرێ. پاش ئەوەی هەموو پێداویستیەکانی رادیۆ دابینکرا، بڕیاردرا لە(ڕۆژی نەورۆز)و لەگەڵ کردنەوەی ئاگری نەورۆزدا پەخشی رادیۆ دەست پێ بکات.

ئەوەبوو کاتژمێر (٦)ی ئێوارەی (١٩٧٩/٣/٢٠) بەناوی (ئێرە دەنگی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە) بەپەخش کردنی چەند سرودێک رادیۆ کرایەوە، بڕیاروابوو یەکەمجار بەوتارێکی (هەڤاڵ مام جەلال) بکەوێتەکار، بۆ ئەومەبەستەش (پشکۆ ناکام) رەوانەی (نێوزەنگ) کرا بۆئەوەی کاسێتە تۆمارکراوەکەی (هەڤاڵ مام جەلال) بهێنێت، بەگەیشتنی (پشکۆ) کاسێتەکە پەخش کرا، کە تیایدا (هەڤاڵ مام جەلال) وێڕای پیرۆزبایی لەخەڵکی کوردستان بەبۆنەی (جەژنی نەورۆز)ەوە. ئاماژەی بە جیابونەوەی (حسک)کردو و رەخنەی لێگرتن. هەروەها

بەلاغێکی عەسکەری لەمەر سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شەڕی (دزلی) خوێنرایەوە.

لەکۆبونەوەیەکی (هەڤاڵ مام جەلال) لەگەڵ کادرانی راگەیاندنداو لەسەر داوای (ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی بەعسی یەسار) لە (٢٠/ حوزەیران) بڕیاری گۆڕینی ناوی رادیۆ درا لە(دەنگی یەکێتی نیشتمانی کوردستان)ەوە بۆ (دەنگی شۆڕشی عێراق)، پاش هەفتەیەکیش کرا بە (دەنگی شۆڕشی عێراقی). هەربەو ناوەش تا (پایزی ١٩٨٣) مایەوە، سەرەتا بۆماوەی یەک هەفتە هەڤاڵ (مەلا بەختیار) بێژەر بوو، هەر لەبارەگای رادیۆ لەناو چادرێکدا ستۆدیۆیەک دروستکرا، لەسەرەڕێی کاروانچییەکاندا بوو، بۆیە هەموو دەنگێکی دەرەوەی وەرئەگرت، ماوەی یەک مانگ لەنۆکان بوو.

لە(نیسانی ١٩٧٩) گواسترایەوە بۆ گردی (کۆپان) لە(تووژەڵە)و ماوەی مانگێک پەخشیکردو لەئەنجامی بۆردوومانی بارەگاکانی سەرکردایەتی لەوێش نەما، بۆ گردی (مامەوڵا)ی کوردستانی ئێران گواسترایەوە، تا (٢٥/ حوزەیران) واتە بۆماوەی (٤ مانگ) لەوێش پەخشی کرد، لەبەر چەند کێشەیەکی هونەری پەخشی رادیۆ تادەهات رووی لەکزیبوو، لەکۆتایی حوزەیرانی هەمان ساڵ بەیەکجاری لەکارکەوتو پێچرایەوە، تا (ئابی ١٩٨٠) بۆجارێکی تر خرایەوەگەڕ.

سەرەتا رادیۆ رۆژانە سەعات(٦)ی ئێوارە دەکرایەوە، بۆ ماوەی (یەک سەعات) پەخشیدەکرد. (٤٥ دەقیقە) بەکوردیو (سۆرانیو بادینی)، (١٥ دەقیقە)ش بەزمانی عەرەبی، هەڤاڵان (مام جەلال، نەوشیروان مستەفا، سالار عەزیز، مەلا بەختیار، مامۆستا جەعفەر، فەرید ئەسەسەرد، پشکۆ ناکام)یش بەنوسین بەشدارییان دەکرد. رادیۆ تەنها (٤) کاسێتی سرودی هەبوو؛ ئەوانیش سرودەکانی شۆڕشی ئەیلول بوون.

پاشان بەهەوڵی (سالار عەزیز)و (ئازاد هەورامی) چەند سروودێکی نوێ لەژورێکی بارەگای (سالار عەزیز) بە (ریکۆردەرێک)ی ئاسایی تۆمارکران، (سالار عەزیز)و (ئازاد هەورامی) بە گیتارو، (مامۆستا

جەبـار عومەریـش) بـە کەمانچـە؛ ئـەم پیشـمەرگانەش وەکـو کـۆرس بەشـدار بـوون:

- رزگار عومەر.
- ئەنوەر.
- جەلال جەمیل (شەهید خەبات جەمیل چوارتایی).
- عوسمان (سوران).
- دلێر کەرکوکی.
- حەمە رەشید.

سرودەکانیش بریتی بوون لە:

- پارتیزانی.
- ڕێی خەبات.
- خەبات بابکەین.
- ئەی هاوڕیان.
- باکمان نیە.
- (بأسم الحریة) سرودێکی عەرەبی‌یە.
- لەفەلەستینەوە بۆ ئەریتریا، لەکوردستانەوە بۆ کەمبۆدیا.

ئەوەی پێویسـتە بوترێت ئـەم سـروودانە بۆیەکەمجـار لەپاش هـەرەس، لە(مانگـی ئایـاری ١٩٧٥) لـە ماڵـی (وەسـتا ئەمیـن) بـرای (سـالار عەزیـز) لـە سـلێمانی تۆمارکرابـوون؛ لەلایـەن (سـالار عەزیـز)و (ئـازاد هەورامـی) بەئامادەبوونـی (شـەهید ئـارام) کـە زۆربـەی شـیعرەکانیش هـی ئەوبـوو.

ڕوژانەش رادیۆ بەم دروشمە دەکرایەوە:

(ئێـرە دەنگـی شـۆڕشـی عێراقـە، دەنگـی کۆمەڵانـی خەڵکـی عێراقـە، دەنگـی زوڵاڵـی ئـەو پێشـمەرگانەیە کـە یەکێتیـی نیشـتیمانیی کوردسـتان رابەرایەتیـان ئـەکات، بـۆ روخاندنـی رژێمەکـەی صدامو هێنانـە سـەرکاری حوکمێکی ئیئتلافی دیموکراتی بۆ عیراق کە بتوانێ هەموو مافە رەواکانی گەلـی کـورد مسـۆگر بـکات) جگـە لـە دروشـمی کۆتایهێنانـی بەرنامـەش

هەبوو کە بریتیبوو لە:
بژی خەبات.. بژی شۆڕش
بمرێ دوژمن.. بڕوخێ فاشی

## رادیۆ لە ساڵی (١٩٨٠) دا

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، کردنەوەی دەرگایەک بۆ هاتو چۆ ی پێشمەرگە پەیوەندی بەدەرەوەی وڵات، وایکرد جارێکی تر بیر لە دامەزراندنی رادیۆ بکرێتەوە. ئەوەبوو چەند پارچەیەک لەئێراندا دابین کرا («دکتۆر عەزیز شەمزینی» کە ئەوسا لەنزیک «شنۆ» لە دێیەکی خۆیان بوو، لوتفی کردوو ئەو بە پارەی خۆی یەک ماتۆری بۆ ناردین کە رادیۆ کەی پێ کەوتەکار)[٤]. جارێکی تریش (تەلعەت گلی) لەڕێگای ئێرانەوە گەیشتە نێوزەنگ. جەماعەتی (بەعسی یسار) لەسوریاوە هاتن بۆ کوردستان لەگەل خۆیاندا جیهازێکی (ئیرسال) یان هێنا، لەگەڵ ئێمپلیفایەرە کۆنەکەی رادیۆ کە مارکەی (NEC) بوو بەکار هێنرا لە١٩٨٠/٧/١٤ هەردوو پێشمەرگەی ئەندازیار (رەنجە و ڕیبوار)[٥] لەگەڵ (تەڵعەت گلی) دەستیان کرد بەدامەزراندنەوەی رادیۆ، ڕۆژی ١٩٨٠/٧/٢٥ پەخشی ئەزمونی دەستی پێکرد. دەربارەی توانای ئەم ئامێرانەو لەلایەن (د.خدر مەعصوم) وە لەهیچ شوێنک باس نەکراوە. ڕۆژی ١/ئاب /١٩٨٠ و پاش یەک ساڵ لەکارکەوتن جارێکیتر رادیۆ بەناوی (دەنگی شۆڕشی عێراق) لە سەر شەپۆ لی ٤١ مەتری لەگردی (کۆپان)ی توژەڵە پەخشی بەرنامەکانی دەستی پێکردەوە.

(بەرنامەکانی رادیۆ ماوەکەی یەک سەعات بوو، «٤٥» دە قیقە کوردی «سۆرانیو بادینی»، «١٥» دەقیقەش بەزمانی عەرەبی، ڕۆژانی هەینیش سەعات «٨»ی بەیانی پوختەی بەرنامەو چالاکیەکانی

---

٤مام جەلال، کوردستانی نوێ، ژ(١٨٢٦) ١٩٩٩/٣/٣٠.
٥رەنجە خانەنیشە بە پلەی بریکاری لە وەزارەت، ڕێبواریش لە ئوستراڵیا دەژی.

یـەک هەفتـە دوبارەدەکرایـەوە، سـەرەتا بـارەگای رادیـۆ لەگـەل بـارەگا کانـی تـری راگەیاندنـدا لەژێـر چـادرو کەپـردا بـوون پاشـان دەسـت کـرا بەدروسـت کردنـی چەنـد خانویـەک، شـوێنی پەخشـەکە نزیکـەی «١٥٠» مەتـر لەسـتۆدیۆو بارەگاکانـەوە دووربـوو، ئەنتێنەکانیـش بەچەنـد سـپیدارێکەوە بەسـترابونەوە، ڕۆژانـە دوو سـەعات بـەر لـە پەخشـکردن کاسـێتەکان تۆمـار دەکـران)[٦].

کەلوپەلەکانـی رادیـۆ لەسـاڵی ١٩٨٠دا بریتیبـوو لـە (تەسـجیلێکی سلڤەر) بە (١٧) دینـار کڕدرابوو رۆژانـە پیلەکـەی دە گۆرا ٢٠-٣٠ کاسێت ژمـارەی کادرەکانـی رادیـۆ (١٠) کـەس بـوون، لەسـەر داوای (نەوشـیروان مسـتەفا) (ئەرسـەلان بابیـز) لەدەشـتی هەولێـرەوە گواسـترایەوە بـۆ سـەرکردایەتیو کـرا بەلێپرسـراوی رادیـۆ.

**رادیۆ لەساڵی (١٩٨١) دا**

هـەر لـە هەمـان جێگـەی خۆیدا بوو واتـە توژەڵـە، لەگەڵ گـەرم بونـی شـەری ئێـرانو عێـراق چالاکـی پێشـمەرگە تـا دەهـات گروتینـی زیاتـری بەخۆیـەوە دەبینـی، رادیـۆ گرنگـی زیاتـری دەبـوو.

**رادیۆ لەساڵی (١٩٨٢) دا**

بـارەگای رادیۆ لەگەڵ چاپخانـەدا لـە (توژەڵـە) پێکەوەبوون هاوینـان لـە چـادرو کەپردا و لەزستانیشـدا لەخانویەکی بچکۆلـەدا بـوو، سـتۆدیۆکەش ژورێکـی بچکۆلـەی (٣بـە٤) مەتـری هەبـوو. بێـژەرەکان خۆیـان دەرهێنەربـوون بابەتیـان بۆیەکتـر تۆماردەکـرد. ئامێـرەکان بریتـی بـوون لـە (دوو تەسـجیل و چەنـد کاسـێتێک)، زۆربـەی کاسـێتەکان دەسـڕرانەوەو دووبـارە بەرنامـەی لەسـەر تۆماردەکـرا.

---

٦مامۆستا جەعفەر – چاو پێکەوتنی زارەکی بەگێرانەوەی بیرەوەری.

شـوێنی پەخـش لـە (توژەڵـە) نزیکـەی (١٠٠)مەتـر لەبـارەگای رادیـۆوە دوور بـوو.. رۆژانـە پێـش پەخشـکردن بەدووسـەعات بەرنامـەکان تۆمـار دەکـران ئەندازیـارەکان لەگـەڵ خۆیـان دەیانبـرد بۆشـوێنی پەخشـەکە ولـەوێ پەخـش دەکرا. لـەم سـاڵانەدا شـەهید مامۆسـتا کەریـم (گەرمیانـی) خۆبەخشـانە وەک پەیامنێرێکـی شـاری سـلێمانی رۆڵێکـی بەرچـاوی هەبـوو لـە گەیاندنـی وردی زانیـاری، بەلایەنـی کـەم لەهەفتەیەکـدا دوو راپۆرتـی دەگەیشـتە توژەڵـە.

هەفتـەی (١٥) دەقیقـە تەرخانکرابـوو بـۆ ئۆپۆزیسـیۆنی عێراقـی سـەر بەرێکخـراوی (الجیش الشـعبی للتحریـر العـراق)و (سـەرکردایەتی هەرێمـی عێراقـی حزبـی بەعسـی عەرەبـی سۆشیالیسـت) بەزمانـی عەرەبـی بەرنامەیەکیـان ئامـادەو پێشـکەش دەکـرد. هەروەهـا رێکخـراوی نیشـتمانی دیموکراتـی تورکمانـی بەزمانـی تورکـی بـەر نامـە یەکیـان بڵاودەکـردەوە.

**رادیۆ لەساڵی (١٩٨٣) دا**

پاشکسـتی عەسـکەری پێشـمەرگەکانی کوردسـتانی ئێران‌ونزیـک بوونـەوەی هێزەکانـی ئێـران لەسـنوری کوردسـتانی عێـراق، بارەگاکانـی سـەرکردایەتی لـە (نێوزەنـگ) لەلایـەن تۆپخانـەی ئێرانـەوە تۆپبـاران دەکـران لە(٢٠)/ئـازار /١٩٨٣ رادیـۆ پێچرایـەوە بەبـاری ولاخ گوێزرایـەوە بـۆ (بـاوزێ) لـەوێ دووبـارە دامەزرایـەوە یـەک هەفتـەی پێچـو چـوو لـەو ماوەیـە پەخشـی رادیـۆ وەسـتا.

لـە (بـاوزێ) زۆربـەی بارەگاکانـی سـەرکردایەتی‌و رادیـۆش لەنـاو کەپردابـوون تەنیـا سـتۆدیۆکە نەبـێ لەژوورێکـی دارڕمـاووی بەوشـکەکەڵەک درووسـتکرابوو، لەوێـش یـەک هەفتـە پەخـش بـەردەوام بـوو، ئـەو ناوچەیـەش بووبـە شـەڕگە، ئەمجارەیـان زۆر بەخەسـتی راگەیانـدن تۆپبـاران کـرا بۆیـە ناچـار ئەمجارەیـان رادیـۆ جارێکـی تریـش گواسـترایەوە بـۆ (سەرشـیو) لەوێـش تـا مانگـی (مایـس) لـەو جێگایـەدا

مایەوە، پاش شەرێکی قورس‌و درێژ توانی(گردە بێناز) داگیربکات و ڕاگەیاندن کەوتە مەترسییەوە، بۆیە بڕیاردرا ڕاگەیاندن بەچاپخانە و ڕادیۆ وە برواتە خوارەوە بۆ سنوری مەڵبەندی (٢) لەدۆڵی (جافەتی).

(لەمایسی١٩٨٣ کاروانی ڕاگەیاندن پاش یەک ڕۆژ ڕۆیشتن لەدۆڵی سەقزو زەردەشتەوەو گەیشتنە گوندی «وڵاغلو» لەوێش «جەبار فەرمان و هەڤاڵانی ڕێکخستن» لەچاوەڕوانیدا بوون و چەند تراکتۆرێکیان دابینکرد).[٧] بەرەو گوندی (هەڵەدن) بەڕێکەوتن، سەرەتا وا بڕیاربوو ڕادیۆ لە گوندی (چاڵاوا) دابنرێ بەڵام ئەندازیارەکان (بەرگەڵو)یان هەڵبژاردو تا هێرشی ئەنفالەلەکان لەساڵی ١٩٨٨ هەرلەو شوێنە مایەوە. پایز لەنێوان (سەرگەڵو)و (بەرگەڵو) ڕادیۆ لەچادرو کەپردا جێگای خۆشکردبوو لەسەروو کەپرەکانیشەوە بەتەختە بەشێوەی سندوق ستۆدیۆ یەکی کاتی دروستکرا، هەر ئەو هاوینە چەند خانویەک لە(بەرگەڵو) دروستکرا، بۆ زستان گواستیانەوە بۆ بیناکە؛ کەبریتی بوو لە (٨) ژوور.

بەجێگیربونی ڕادیۆ لە(بەرگەڵو) پەیوەندی باشتر لەگەڵ شاردا دروستکرا، تاڕادەیەک لەگەڵ جەماوەردا تێکەڵاوی دروستبوو، هەموو پێداویستیەکان بەزویی لەشارەوە دەگەیشت.

لەکاتی گواستنەوەی کەلوپەلەکان لە (سەرشیو)ەوە بۆ (دۆڵی جافایەتی) ئەرشیفە دەوڵەمەندەکەی ڕادیۆ (کاسێت‌و نووسین) بەجێمان. هەڤاڵێکی ڕادیۆ بۆی بارنەکرابوو بەناچاری هەمووی سوتاندبوو. یەکێک لەبڕیارەکانی سەرکردایەتی کە لەئەیلولی (١٩٨٣) ئەنجامدرا گۆرینی ناوی ڕادیۆ بوو لەدەنگی شۆڕشی عێراقەوە بۆ دەنگی گەلی کوردستان‌و دروشمی کردنەوەی ڕادیۆکەشی بەم شێوەیە گۆرا (ئێرە دەنگی گەلی کوردستانە، دەنگی گەلی کوردستان دەنگی زوڵالی ئەو پێشمەرگانەیە کە(یەکێتی نیشتیمانی کوردستان) ڕابەرایەتی ئەکات،

---

٧ ئازاد خانەقینی، مادێنا.

دەنگی خەباتی جەماوەری شۆڕشگێڕانەی پێکەوە گرێیدراوە لەگەڵ هێزە پێش کەوتوخوازە کانی عێراق و کوردستان لە پێناوی دیموکراتی بۆ عێراق مافی چارەی خۆ نووسین بۆ گەلی کورد)

**رادیۆ لەساڵی (١٩٨٤) دا**

بەدەستپێکردنی گفتوگۆ لەگەڵ رژێم، رادیۆ بەبێوەستان کارەکانی ئەنجامدەدات پەخش بەردەوام بوو، ئەو ساڵە هێرشی راگەیاندن راگیرابوو، زۆربەی بەرنامەکانی گرنگی بەباری رۆشنبیریو رونکردنەوەی هەڵوێستی (ی.ن.ک)و داواکاریەکانی جەماوەر دەداو رۆژانە بەرنامەکانی بەسرودی (مەشخەلان)[٨] دەکرایەوە.

**رادیۆ لەساڵی (١٩٨٥) دا**

لە(١٧/ ١٩٨٥/١) دا وتووێژی سەرکردایەتی شۆڕش لەگەڵ حکومەتی بەعسدا راگیرا، جارێکیتر شەڕ هەڵگیرسایەوە، رادیۆش وەکو هەموو دەزگاکانی تری شۆڕش بازوی مەردایەتی لێهەڵکردو سەرلەنوێ خۆی رێکخستەوە، بەتایبەتی پاش رزگارکردنی زنجیرە چیای (چەرماوەند).[٩] گڕ وتینێکی تری بەخشییە جەماوەرو هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

لەدوای شەڕ بۆ یەکەمینجار (پەرازێت)[١٠] خرایە سەر رادیۆ ئەمەش کۆسپێکی گەورە بوو. جارێکی تر بەرنامەکانی ساڵانی پێش گفتوگۆ دەستپێکردەوە، بەڵام گۆڕانکارییەکی زۆر بەسەر بەرنامەکانو شێوازی خوێندنەوەی هەواڵ و چالاکی پێشمەرگەدا هات. مۆرکی

٨ سرودی مەشخەڵان. هۆنراوەی مامۆستا شێرکۆ بێکەس، لەسەر داوای (ی.ن.ک) مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی ئاوازی بۆ داناوەو بەدەنگی خۆی تۆماری کردوە.

٩زنجیرە چیایەکە دەکەوێتە پشت سورداش، دوو لوتکەی بەرزی تێدایە بەناوی (دابان) و (هەلاج).

١٠پەرازێت: واتە (تشویش).

راگەیاندنی جەنگی پێوە دیاربوو، بۆ نمونە زۆر جار هەواڵەکان دەگەیشتنە رادیۆ بەڵام دوادەخرا بۆئەوەی بەگرنگیەوە بڵاوبکرێتەوە (ئەم هەواڵە هەرئێستا بەدەستمان گەیشتووە!).

(فەرهاد سەنگاوی)[11] ستایلێکی تایبەتو نوێی داهێنا لەدارشتنو خوێندنەوەی چالاکی پێشمەرگە، رۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لەهاندانو بەرزکردنەوەی ورەی پێشمەرگەو جەماوەر.

لەساڵی (١٩٨٥)دا بارەگاکانی رادیۆو راگەیاندن چەندجارێک تۆپباران کران بەڵام بێ زیان بوون. وەرشەی فەنی بەسەرپەرشتی ئەندازیار (پشکۆ عەبدولخالق معروف) کرایەوەو خرایەسەر رادیۆ.

**رادیۆ لەساڵی (١٩٨٦) دا**

گۆڕانکارییەکی ئەو تۆ لە رادیۆ روینەدا بەڵام پارازێت کاری زۆری کردبوە سەر پەخشی رادیۆو خەڵکی بەئاسانی بۆیان وەرنەدەگیرا، جفرەیەکی تایبەت دروستکراو درا بەهەموو سەرتیپو لێپرسراوی رێکخستنەکانی (ی.ن.ک) بەپێی ئەو جفرانەی لەکاتی کردنەوەی رادیۆ ئاگادار دەکرانەوە.

١١ فەرهاد سەنگاوی: بێژەری سەرکەوتووی رادیۆی (دەنگی گەلی کوردستان).

## بەرنامەکانی رادیۆ ١٩٧٩-١٩٩١

| ژ | بەرنامە | ساڵ | کات | ماوە | ئامادەکردن | پێشکەش کردن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | قورئانی پیرۆز | ١٩٧٩-١٩٩١ | رۆژانە | ١٠ | – | – |
| ٢ | بەلاغی عەسکەری | ١٩٧٩-١٩٨١ | ناوبەناو | – | م.ع | پشکۆ ناکام |
| ٣ | وتاری سیاسی | ١٩٧٩-١٩٩١ | رۆژانە | ١٠-١٥ | – | بێژەرەکان |
| ٤ | کـــالا بەقـــەد بالا( کاریکاتێری ) | ١٩٧٩ | هەفتانە | ٢٠ | پشکۆ ناکام | پشکۆ ناکام |
| ٥ | چـــــەند دیمەنێکی ســـەرنج راکێش | ١٩٧٩ | هەفتانە | ٢٠ | پشکۆ ناکام | پشکۆ ناکام |
| ٦ | شەهیدان | ١٩٧٩ | هەفتانە | ٢٠ | پشکۆ ناکام و جێسن بەفرین | پشکۆ ناکام |
| ٧ | اضواء علی السیاسة الخارجیة العراقیة | ١٩٧٩ | هەفتانە | ٢٠ | فەرید ئەسەسەرد | هۆشیار عابد |
| ٨ | چاو پێکەوتن لەگەڵ ( پ.م ) | ١٩٧٩ | هەفتانە | ٢٠ | پشکۆ ناکام | پشکۆ ناکام |
| ٩ | ئەدەبی بەرگری | ١٩٧٩ | هەفتانە | ٢٠ | هەڤاڵ کوێستانی | پشکۆناکام |
| ١٠ | دەنگێــک لـەزیندانی فاشیەکانەوە | ١٩٧٩ - ١٩٨٠ | هەفتانە | ٢٠ | پشکۆ ناکام | پشکۆ ناکام |
| ١١ | چالاکیـیـــەکانی پێشمەرگە | ١٩٨٢-١٩٩٠ | هەفتانە | ٢٠ | فەرهاد سەنگاوی | فەرهاد سەنگاوی |
| ١٢ | گۆشەی رۆشنبیری | ١٩٨٠ | هەفتانە | ٢٠ | ! | فەرهاد سەنگاوی |
| ١٣ | هەواڵـــــــە رۆشنبیریەکان | ١٩٨٢ | هەفتانە | ٢٠ | شەهاب عوسمان | شەهاب عوسمان |
| ١٤ | ئاخافتنــەك دگـــەل جەماوەر | ١٩٨٢ | هەفتەی ٢جار | ٢٠ | زێرەڤان | زێرەڤان |
| ١٥ | العراق في الاسبوع | ١٩٨٢ | هەفتانە | ٢٠ | ابو شهاب عەرەب | ابو شهاب عەرەب |
| ١٦ | حجایات ابو ( ! ) | ١٩٨٢-١٩٨٢ | هەفتانە | ٢٠ | م. حیدر حسین | م. حیدر حسین |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٧ | معارضة (؟) | ١٩٨٢ | هەفتانە | ١٥ | الجيش الشعبي لتحرير العراق | حيدر حسين |
| ١٨ | لەهەر تەلێ دەنگێ | ١٩٨٣ | هەفتانە | ١٥ | حاکم فەرهاد | حاکم فەرهاد |
| ١٩ | کاروانی شەهیدان | ١٩٨٣-١٩٩١ | هەفتانە | ١٥ | هەڤاڵ کوێستانی-شوان کابان | فەرهاد سەنگاوی |
| ٢٠ | سەردانی دیهاتە راگوێزراوەکان | ١٩٨٣ | هەفتانە | ٣٠ | حاکم فەرهاد | حاکم فەرهاد |
| ٢١ | خەباتی گەلان | ١٩٨٣-١٩٨٤ | هەفتانە | ٣٠ | سەربەست حسین | سەربەست حسین |
| ٢٢ | نامەی گوێ گران | ١٩٨٤-١٩٨٥ | هەفتانە | ٣٠ | هەڤاڵ، فەرید، حاکم فەرهاد | حاکم فەرهاد |
| ٢٣ | بەرنامەی لوری | ١٩٨٤ | هەفتەی ٢ جار | ١٥ | ئازادخانەقینی-مدحی مەندەلاوی | ئازادخانەقینی-مدحی‌مەندەلاوی |
| ٢٤ | ئەدەب و شۆرش | ١٩٨٤-١٩٨٥ | هەفتانە | ١٥ | نووسەران-هەڤاڵ | حاکم فەرهاد |
| ٢٥ | بەرنامەی ئافرەتان | ١٩٨٥ | هەفتانە | ١٥ | هەڤاڵ کوێستانی | بەیان |
| ٢٦ | راپۆرت | ١٩٨٨ | هەفتانە | ١٥ | هەڤاڵ کوێستانی | - |
| ٢٧ | سەنگەری ئەدەب | ١٩٨٩ | هەفتانە | ١٥ | جەوهەر کرمانج | - |
| ٢٨ | چـالاکی پارتیزانەکان | ١٩٩٠ | ناوبەناو | - | - | - |

**رادیۆ لەساڵی (١٩٨٧) دا**

ئەم ساڵە کەلوپەلی نوێ بۆ رادیۆ هات، زیرەڤان بێژەری بادینی سەردانی ئێرانی کردوو ئەم ئامێرانەی هێنا: (دوو تەسجیلی پایۆنیر، سێ تەسجیلی ناشینال بۆ ئینصات، ١٠٠٠ کاسێت). شەڕ لەناوچەکە چڕتر دەبووەوە بۆیە دامەزراندنی بارەگایەک کارێکی پێویست بوو، چەند کادرێک بەسەرپەرشتی ئەندازیاری رادیۆ پشتیوان دەستنیشان

کران.

رادیۆ ٤١ مەتریەکـە (١ ئەیلولـی ١٩٨٧) رەوانـەی (دۆڵەکۆکـە) کـرا، ئەوانـەی لەگـەڵ رادیۆکـەدا چـون بریتیبـوون: (فەریـد ئەسەسـەرد – نووسـەر)، (پشـتیوان – ئەندازیـار)، (سەربەسـت حسـێن – نووسـەرو بێژەری سۆرانی)، (ریبوار ئەندازیار)، (خالید دۆسکی – بێژەری بادینی)، (حاکـم فەرهـاد – بیـژەری سـۆرانی)، (جـەزا، شـوان کابـان – بیـژەری عەرەبـی)، (فەرهـاد سـەنگاوی، رێـدار، جەمـال یوسـف).

### رادیۆ لەساڵی (١٩٨٨) دا

هێرشـەکانی ئەنفـال تادەهـات فراوانتـرو دڕندانەتـر دەبـون بـۆ سـەر ناوچـەی (دۆڵـێ جافایەتـی)، بارەگاکانـی سـەکردایەتی، رادیـۆ دەسـتیکرد بەگواسـتنەوەی کەلوپەلەکانـی، دوایـن کاروانـی رادیـۆ ڕۆژی (١٩٨٨/٣/١٧) سـەعات (١١) کەوتـەرێو ئاگریـان بەردایـە بارەگاکەیـان. رادیـۆ ٤١ مەتریەکـە لـە (دۆڵەکۆکـە) کارەکانـی ئەنجامـدا، پاشـان بڕیـاردرا رادیـۆ لـە (هەڵەبجـە) دابمـەزرێ، پـاش یـەک هەفتـە ئیشـکردن لـە (بەفریمیـری) کۆپتەرەکانـی رژێـم هاتـە سـەریانو بەپەلـە گواسـتیانەوە بـۆ (دەرەکـێ) لـە (تەمـوزی١٩٨٨) کەلوپەلـەکان گوێزرایـەوە بـۆ (سـەقز). لەبـارەگای پەیوەندیـەکان دابەزیـن ئـەوکات (د. کەمـال خۆشـناو) لێپرسـراوی پەیوەندییەکانی (ی.ن.ک) بوو، بۆ ڕۆژیدواتر گواسترایەوە بۆ (قەسیمە ڕەش) لەسەرسـنور جێگیـر بـوو بـەڵام بەبـێ ئیـش مایـەوە.

ئەندازیـار (پشـکۆ عەبدولخالـق) چەنـد ئامێرێکـی نوێـی لە(ئەڵمانیـا) وە هێنابـوو، لەشـاری (سـەقز) بەئامێـرو کادری نوێـوە دووبـارە پـاش وەسـتانێکی چەنـد مانگـی لـە (١٨ /١٩٨٨/١٠) پەخـش دەسـتیپێکردەوە.

ئیـدارەو سـتودیۆی رادیـۆ لە(بلـوار) و رادیـۆو جیهـازی پەخشـیش لـە گەڕەکـی (حەماڵئـاوا)ی (سـەقز) بـوو، بـۆ یەکەمجـار (ئەنتێـن)ی (رادیـۆی گەلـی کوردسـتان) لـە (سـپیدار)ەوە گـۆڕا بـۆ (ئەلەمنیـۆم)، کـە درێژیەکـەی

(١٨ مەتـر) بـوو و لەسـەر شـەپۆلی (٧٥ مەتـری) کاری ئەکـرد، لەهەمـان کاتـدا جیهازێکـی (١ کیلۆواتـی) لەسـەر دوو شـەپۆلی (٧٥ و ٤٩) مەتـری کاریـان دەکـردو پاشـان پێشـکەش بـە بـەرەی کوردسـتانی کـرا.

| ژ | ناو | پیشە |
|---|---|---|
| ١ | مامۆستا جعفر | لێپرسراوی راگەیاندن و نووسەر |
| ٢ | مامۆستا محسن علی | نووسەری کوردی - لە مایسدا نەقلی مەرکەز تەدریبی (ه.پ.ك) بوو |
| ٣ | فەرید ئەسەسەرد | نووسەری عەرەبی |
| ٤ | پشکۆ ناکام | نووسەر ، بێژەری سۆرانی ، تۆمار کردن |
| ٥ | ووشیار عابد | بێژەری بادینی و عەرەبی |
| ٦ | مەلا بەختیار | بێژەر بۆ ماوەی یەك هەفتە |
| ٧ | فەیسەڵ مەلا عبد الرحمن | بێژەری کوردی بۆ ماوەی دوو مانگ |

## ناوی ئەو کادرانەی کە لە ساڵی ١٩٧٥-١٩٩١ خزمەتیان بە ڕادیۆ کردووە

| ژ | ناو | پیشە | ساڵی کارکردن | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ئەندازیار طلعت گلی | ئەندازیار | ١٩٧٥-١٩٧٩ | ؟ |
| ٢ | د. خدر معصوم | دامەزراندن —گواستنەوە | ١٩٧٥-١٩٨٠، ١٩٧٩ | لەهەندەران ئەژی |
| ٣ | سەی مورسل | پ.م — گواستنەوە | ١٩٧٥- | ٧٨/٢/١٣ شەهیدکرا |
| ٤ | مامۆستا جعفر | ل. ڕاگەیاندن | ١٩٧٩-١٩٨١ | لەهەندەران ئەژی |
| ٥ | محسن علی | نووسەر | ١٩٧٩ (٥مانگ) | بەردەوامە لەخەبات |
| ٦ | فەرید ئەسەسەرد | نووسەر | ١٩٧٩-١٩٨٠- ١٩٨٨ | بەردەوامە لەخەبات |
| ٧ | حکمت محمد امین (مەلا بەختیار) | بێژەر | ١٩٧٩ (یەك هەفتە) | بەردەوامە لەخەبات |
| ٨ | پشکۆ ناکام | بێژەر -نووسەر | ١٩٧٩-١٩٨١ | لەهەندەران ئەژی |
| ٩ | هەڤاڵ کوێستانی | نووسەر | ١٩٧٩-١٩٨٣- ١٩٨٩ | لەهەندەران ئەژی |
| ١٠ | وشیار عابد | نووسەر-بێژەری بادینی | ١٩٧٩-١٩٨١ | لەهەندەران ئەژی |
| ١١ | فیصل مەلا عبدالرحمن (سۆران) | بێژەری سۆرانی | ١٩٧٩-(٣ مانگ) | لەهەندەران ئەژی |
| ١٢ | ڕەفیق سابیر | هاوکاری بە نووسین | ١٩٧٩(٣ مانگ) | لەهەندەران ئەژی |
| ١٣ | محمد ڕەنجاو | هاوکاری بە نووسین | ١٩٧٩(٣ مانگ) | لە کوردستانی نوێیە |
| ١٤ | ئەرسەلان بایز | ل. ڕادیۆ | ١٩٨٠-١٩٨٩ | بەردەوامە لەخەبات |
| ١٥ | عبداللە وەهاب خانەقینی | بێژەری عەرەبی | ١٩٨٠(٥ مانگ) | ١٩٩٩ کۆچیدوایی کردووە |
| ١٦ | رعد بشیر اسکندر | بێژەری عەرەبی | ١٩٨٠-١٩٨١ | لەهەندەران ئەژی |
| ١٧ | شەهاب عوسمان | ئەنصات | ١٩٨٠-١٩٨٣ | ؟ |
| ١٨ | بەرزان وەهاب | ئەنصات | ١٩٨٠(٥مانگ) | مامۆستایە لەسلێمانی |
| ١٩ | دلگیر جەماڵ ڕەفعەت | بێژەر (یەکەم بێژەری ژن) | ١٩٨٠(٢ مانگ) | لەهەندەران ئەژی |
| ٢٠ | عبدالحمید عبدالمجید (ڕەنجە) | ئەندازیار | ١٩٨٠-١٩٨٨ | جێگری و. گواستنەوە |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢١ | ڕێبوار | ئەندازیار | ١٩٨٠-١٩٨٨ | ؟ |
| ٢٢ | پەخشان شێخ جلال | ئەنسات | ١٩٨٠-١٩٨١ | لەهەندەران نەژی |
| ٢٣ | یوسف زۆزانی | نووسەر | ١٩٨٠-١٩٨٩ | لەهەندەران نەژی |
| ٢٤ | ئاراس ابراهیم | بیژەر | ١٩٨٠-١٩٨١/٧<br>١٩٨٢. | لەهەندەران نەژی |
| ٢٥ | سلاح جمور | ئەندازیار | ١٩٨٠( ١ مانگ ) | لەهەندەران نەژی |
| ٢٦ | فرج عبدالرحمن ( پشتیوان ) | ئەندازیار | ١٩٨١-١٩٩١ | لەهەندەران نەژی |
| ٢٧ | نەرمین | بیژەر | ١٩٨١( ٤ مانگ ) | ؟ |
| ٢٨ | پەیمان | بیژەر | ١٩٨١ ( ٤ مانگ ) | ؟ |
| ٢٩ | ڕێبوار پێنجوێنی ( علی ) | ئەندازیار | ١٩٨١-١٩٨٢/٦ | ؟ |
| ٣٠ | عدنان | بیژەری عەرەبی | ١٩٨١ ( ٥ مانگ ) | ١٩٨٦ شەهید کرا |
| ٣١ | مامۆستا کریم ( گەرمیانی ) | پەیامنێر | ١٩٨٢-١٩٨٤ | ١٩٨٤/١٠ کۆچی دوای کرد |
| ٣٢ | ڕێکەوت عوسمان | ل.ڕادیۆ | ١٩٨٢ | لە نە نجومەنی وەزیرانە |
| ٣٣ | فەرهاد سەنگاوی | بیژەری سۆرانی —نوسەر | ١٩٨٢-١٩٩٠/٣ | لەهەندەران نەژی |
| ٣٤ | شڤان | بیژەری بادینی | ١٩٨٢/١-١٩٨٢/٨ | ؟ |
| ٣٥ | ئازاد چالاك | بیژەر -نووسەر | ١٩٨٢-١٩٩١ | لەهەندەران نەژی |
| ٣٦ | زێرەڤان | بیژەری بادینی | ١٩٨٢/٨-١٩٩١ | بەردەوامە لەخەبات |
| ٣٧ | خلیل دهۆکی | نووسەر | ١٩٨٢( ١ مانگ ) | لەهەندەران نەژی |
| ٣٨ | بۆتان | ئەنسات | ١٩٨٢( ٨ مانگ ) | ؟ |
| ٣٩ | جمال | ئەنسات | ١٩٨٢( ١١مانگ ) | ؟ |
| ٤٠ | مەریوان | ئەنسات | ١٩٨٢-١٩٨٧ | ؟ |
| ٤١ | عدنان | بیژەری عەرەبی | ١٩٨٢ | ؟ |
| ٤٢ | سەربەست حسین | نووسەر | ١٩٨٢/٥-١٩٨٨ | لەهەندەران نەژی |
| ٤٣ | محمد فتاح | بیژەری عەرەبی | ١٩٨٢( ٢ مانگ ) | لەهەندەران نەژی |
| ٤٤ | فەرهاد مەلا ڕەسول( حاکم فەرهاد ) | بیژەر —نووسەر | ١٩٨٣/٧-١٩٩١/٣ | لەهەندەران نەژی |
| ٤٥ | فوئاد مەلا ڕەسول | بێ تەل | ١٩٨٣/٨-١٩٨٨ | لەهەندەران نەژی |
| ٤٦ | شوان کابان | بیژەر و نووسەری عربی | ١٩٨٦-١٩٩١ | بەردەوامە لەخەبات |
| ٤٧ | اسعد | بیژەری عەرەبی | ١٩٨٣/٥( ٤ مانگ ) | ؟ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٤٨ | خالد دۆسكی | بێژەری بادینی | ١٩٩١-١٩٨٤/٨ | ؟ |
| ٤٩ | كاوە محمد مصطفی | شۆفێر | ١٩٨٩-١٩٨٤ | لەسلێمانی ئەژی |
| ٥٠ | ئازاد جەلال | دەرهێنەر | ١٩٨٦-١٩٨٤/٥ | مامۆستایە لە سلێمانی |
| ٥١ | بەیان حەسەن ئەحمەد | بێژەر — ئەنصات | ١٩٨٦-١٩٨٤/٥ | لە ئیدارەی گشتی‌یە |
| ٥٢ | شێركۆ بێكەس | نووسەر | ١٩٨٦/١٠-١٩٨٥/٥ | لەهەندەران ئەژی |
| ٥٣ | عەمو مردان | ئەنصات | ١٩٨٨-١٩٨٥ | لە هەولێر ئەژی |
| ٥٤ | جەزا | بێژەر | ١٩٨٨-١٩٨٦/١١ | ؟ |
| ٥٥ | رزگار | ئەندازیار | ١٩٨٦ - ١٩٩٠ | بەردەوامە لەخەبات |
| ٥٦ | رێدار | ئەندازیار | ١٩٩١-١٩٨٧ | بەردەوامە لەخەبات |
| ٥٧ | محمد امین | وەرگێر | ١٩٨٧/١٠ | لە دهۆك ئەژی |
| ٥٨ | جمال یوسف ( كاروان ) | ئەنصات | ١٩٩١-١٩٨٧/٢ | بەردەوامە لەخەبات |
| ٥٩ | شێخ جمال محی‌الدین | بێژەر | ١٩٩٠/٣-١٩٨٧/١١ | بێژەری TV PUK |
| ٦٠ | ئارام | ل. رادیۆ | ١٩٨٨ | لە هەندەران ئەژی |
| ٦١ | محمود رەزا | نووسەر | ١٩٩١-١٩٨٨ | لەهەندەران ئەژی |
| ٦٢ | مامۆستا عبدالرحمن | ئەنصات | ١٩٩١-١٩٨٩ | بەردەوامە لەخەبات |
| ٦٣ | حاكم ابراهیم محمد حسین | هاوكار-خۆبەخش | ١٩٩١-١٩٨٩ | بەردەوامە لەخەبات |
| ٦٤ | عبدالمجید زەنگەنە | نووسەر | ١٩٩١-١٩٨٩/٢ | بەردەوامە لەخەبات |
| ٦٥ | جوهر كرمانج | هاوكار | ١٩٨٩( ٤ مانگ ) | بەردەوامە لەخەبات |
| ٦٦ | مامۆستا بەرزان عوسمان | ئەنصات | ١٩٩١-١٩٩٠/٩ | بەردەوامە لەخەبات |
| ٦٧ | باسط حەمە غریب | بێژەر | ١٩٩١-١٩٩٠/٥ | بەردەوامە لەخەبات |
| ٦٨ | چیا | بێژەر | ١٩٩١-١٩٩٠/٥ | لەهەندەران ئەژی |
| ٦٩ | حەمە ساكار | ئەنصات | ١٩٩٠ ( ٤ مانگ ) | ؟ |
| ٧٠ | زبێر عبدالرحمن | تەكنیكی | ١٩٩١-١٩٩٠/٥ | لەهەندەران ئەژی |
| ٧١ | ئاكۆ صالح قادر | هاوكار | ١٩٩١-١٩٩٠/٥ | بەردەوامە لەخەبات |
| ٧٢ | رەووف رەزا ( مەلا رەووف ) | ئەنصات | ١٩٨٥ - ١٩٨٧ | لەدەربەند یخان ئەژی |

## بەشی سێیەم

# ئەدەبو هونەر
# لە راگەیاندنی (ی.ن.ك)

دوای هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش لە ١٩٧٦/٦/١ ژمارەیەک لە ئەدیب و هونەرمەندانی خاوەن هەڵوێست لەنزیکەوە پەیوەندییان هەبوو بە ی.ن.ک وە.

بەشێک لە ئەدیبان و هونەرمەندان پەیوەندییان بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کرد، ئەویش لە ئەنجامی بیروڕای سیاسی و پەیوەندیان بەحیزبەکانەوە یان لەبەر هەڵوێستی جوامێرانەیان، یان لەبەر راونانی (جیش شعبی)و زۆربەی ئەو ئەدیب هونەرمەندانە لە دەوری دەزگاکانی راگەیاندن کۆدەبوونەوە، چونکە نزیکتربوو لەبواری روناکبیری ئەو ئەدیبانەوە، دەزگای راگەیاندنی ی.ن.ک یش بەشێکی زۆری ئەو ئەدیب و هونەرمەندانە لە دەوری کۆبونەوە. لە ڕادێو و چاپخانە و تیپی شانۆ و تیپی مۆسیقا کاریان دەکرد، دەیان ووتاری سیاسی وشیعر و چیرۆک و سرودی نوێ و زنجیرەی رادیۆی یان پێشکەش کردوە، هەروەها کاریگەرییان لەسەر ئەو دەزگایانەوە هەبووە. لەوانە (شێرکۆ بێکەس) کە ماوەیەکی زۆر ژورێکی هەبوو لە بارەگای ئێزگە لە (بەرگەڵوو) لەگەڵ کادیرەکانی ئەژیا چەندین ووتاریسیاسیو ئەدەبی بۆ رادیۆ نووسی. تەنانەت چەندین جار چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەیی دادەڕشتەوە[١٢]

**ئەدەب**

لە بەهاری ١٩٨١ ژمارە یەکی گۆڤاری (پێروو)، لەلایەن لیژنەی ئامادەکردنی یەکێتی نوسەران بەچاپ گەیەنرا. لە ئابی١٩٨١ ژمارە یەکی کۆڤاری (نوسەری کوردستان)یان بەچاپ گەیاند.

(پێروو) سەرەتایەک بوو بۆ یەکێتی ریزەکانی نوسەرانی کوردستان. بۆیە لەدوای دەرچوونی، دام و دەزگا داپلۆسێنەرەکەی بەعس و صەدام

١٢ نەوشیروان مستەفا. پەنجەکان یەکتر ئەشکێنن. ل٢٥

دەرگای یەکێتی نوسەرانی کورد) لە بەغدا داخست.

لیژنەی ئامادەکردن بڕیاریدا وەک بەرپەرچدانەوەی ڕژێمی دیکتاتۆری لە کلیلدانی (یەکێتیی نوسەرانی کورد) و بۆ درێژە پێدانی گۆڤاری (نوسەری کورد) ناوی (پێرو) بگۆڕێت بە گۆڤاری (نوسەری کوردستان) کە نزیک ترە لەناوی (یەکێتیی نوسەرانی کوردستان) ەوە.

(گۆڤاری نوسەری کوردستان)، خۆی بەدەنگی هەموو ئەدیب و ڕووناکبیرێکی ڕاپەڕیو و پێشکەوتنخوازی گەلەکەمان ئەزانی، بەشەرەف وشانازییەوە ئەرکی بەرگری لە ئەدەب و کەلەپوری نەتەوەکەمان ئەکرێتە ئەستۆ.[١٣]

| ز | بابەت | جۆری بابەت | نووسین | وەرگێران | ژ.ل | ساڵ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ڕوبارێکی خوێناوی | شیعر | جەمیل ڕەنجبەر | — | ٤٥ | ١٩٨٠ |
| ٢ | ٢٤سەعات لەخەو و بێداریدا | چیرۆک | صمد بەهرەنگی | رەفیق صابر | — | ١٩٨٠ |
| ٣ | دیوانی شەهید مەلا علی | شیعر | حسین مەولود | — | ٥٤ | ١٩٨٣ |
| ٤ | یەکەمین مامۆستا | چیرۆک | چەنگیز ئاتماتۆف | مستەفا غفور | — | — |
| ٥ | | | | | | |
| ٦ | هەڵۆ سورەکانی قەندیل | شیعر | سەلام محمد | — | — | ١٩٨٦ |
| ٧ | | | | | | |
| ٨ | لە کۆڕێکی پێشمەرگانەدا | شیعر | چەند شاعیرێك | — | ٣٧ | ١٩٨٣ |
| ٩ | ئایە شێوە لە ئاوەڕۆك گرنگترە | ڕەخنە | محمد سعید حسن | — | ٣٦ | ١٩٨٣ |
| ١٠ | | | | | | |
| ١١ | ی/نوسەران لە نێوان ڕاستی و درۆنامەدا | — | چەند نووسەرێك | — | ٤٨ | ١٩٨٣ |
| ١٢ | کاروانی نوێ | شیعر | شێخ شەماڵ | — | ٣٧ | ١٩٨٤ |
| ١٣ | یەکەمین خۆشەویستی | کورتە چیرۆك | — | ڕەموز | ٤٤ | ١٩٨٤ |
| ١٤ | دایە شیعر قەدەغەیە | شیعر | بەرزان عوسمان | — | ٤٠ | ١٩٨٤ |
| ١٥ | گۆرانی بەرگری | شیعر | عوسمان شەیدا | — | ٥٦ | ١٩٨٤ |
| ١٦ | داستانی هەڵۆی سور | شیعر | شێرکۆ بێکەس | — | ٧٣ | ١٩٨٤ |
| ١٧ | کەشکۆڵی پێشمەرگە/بەشی ١ | شیعر | شێرکۆ بێکەس | — | ٦٤ | ١٩٨٤ |
| ١٨ | ماڵ ئاوا ئەی وڵاتەکەم | شانۆنامە | فەرهاد پیرباڵ | — | ٥٣ | ١٩٨٤ |
| ١٩ | چەیکن خەمی کەسك | شیعر | احمد عارف | — | — | ١٩٨٤ |
| ٢٠ | | | | | | |
| ٢١ | | | | | | |
| ٢٢ | | | | | | |
| ٢٣ | | | | | | |
| ٢٤ | | | | | | |
| ٢٥ | بەرەو چیا | چیرۆك | ڕیبوار عبداللە | — | ٦٨ | ١٩٨٥ |
| ٢٦ | نینا | ڕۆمان | ثابت ڕەحمان | حەمەکریم عارف | ٢٦٩ | ١٩٨٥ |
| ٢٧ | | | | | | |
| ٢٨ | گەڕانەوە بۆ حەیفا | کورتە چیرۆك | غەسان کەنەفانی | احمد عارف | ٦٠ | ١٩٨٥ |
| ٢٩ | ڕوبەڕو لە سێبەری چیادا | — | بێستون | — | ٢٠٤ | ١٩٨٥ |
| ٣٠ | تۆڵە | ڕۆمان | محمد موکری | — | — | ١٩٨٥ |
| ٣١ | | | | | | |
| ٣٢ | ڕاپەڕینی کورد ١٨٨٠ | مێژوو | جەلیلی جەلیل | سامی شۆڕش | ٩٣ | ١٩٨٦ |
| ٣٣ | | | | | | |

١٣ئازاد خانەقینی – مادێنا

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٤٨ | خالد دۆسکی | بێژەری بادینی | ١٩٩١-١٩٨٤/٨ | ؟ |
| ٤٩ | کاوە محمد مصطفی | شۆفێر | ١٩٨٩-١٩٨٤ | لەسلێمانی نەژی |
| ٥٠ | ئازاد جەلال | دەرهێنەر | ١٩٨٦-١٩٨٤/٥ | مامۆستایە لە سلێمانی |
| ٥١ | بەیان حەسەن ئەحمەد | بێژەر — ئەنصات | ١٩٨٦-١٩٨٤/٥ | لە ئیدارەی گشتییە |
| ٥٢ | شێرکۆ بێکەس | نووسەر | ١٩٨٦/١٠-١٩٨٥/٥ | لەهەندەران نەژی |
| ٥٣ | عەمو مردان | ئەنصات | ١٩٨٨-١٩٨٥ | لە هەولێر نەژی |
| ٥٤ | جەزا | بێژەر | ١٩٨٨-١٩٨٦/١١ | ؟ |
| ٥٥ | رزگار | ئەندازیار | ١٩٩٠ - ١٩٨٦ | بەردەوامە لەخەبات |
| ٥٦ | رێدار | ئەندازیار | ١٩٩١-١٩٨٧ | بەردەوامە لەخەبات |
| ٥٧ | محمد امین | وەرگێر | ١٩٨٧/١٠ | لە دهۆك نەژی |
| ٥٨ | جمال یوسف (کاروان) | ئەنصات | ١٩٩١-١٩٨٧/٢ | بەردەوامە لەخەبات |
| ٥٩ | شێخ جمال محی‌الدین | بێژەر | ١٩٩٠/٣-١٩٨٧/١١ | بێژەری TV PUK |
| ٦٠ | ئارام | ل. رادیۆ | ١٩٨٨ | لە هەندەران نەژی |
| ٦١ | محمود رەزا | نووسەر | ١٩٩١-١٩٨٨ | لەهەندەران نەژی |
| ٦٢ | مامۆستا عبدالرحمن | ئەنصات | ١٩٩١-١٩٨٩ | بەردەوامە لەخەبات |
| ٦٣ | حاکم ابراهیم محمد حسین | هاوکار-خۆبەخش | ١٩٩١-١٩٨٩ | بەردەوامە لەخەبات |
| ٦٤ | عبدالمجید زەنگەنە | نووسەر | ١٩٩١-١٩٨٩/٢ | بەردەوامە لەخەبات |
| ٦٥ | جوهر کرمانج | هاوکار | ١٩٨٩(٤ مانگ) | بەردەوامە لەخەبات |
| ٦٦ | مامۆستا بەرزان عوسمان | ئەنصات | ١٩٩١-١٩٩٠/٩ | بەردەوامە لەخەبات. |
| ٦٧ | باسط حەمە غریب | بێژەر | ١٩٩١-١٩٩٠/٥ | - بەردەوامە لەخەبات |
| ٦٨ | چیا | بێژەر | ١٩٩١-١٩٩٠/٥ | لەهەندەران نەژی |
| ٦٩ | حەمە ساکار | ئەنصات | ١٩٩٠ (٤ مانگ) | ؟ |
| ٧٠ | زبێر عبدالرحمن | تەکنیکی | ١٩٩١-١٩٩٠/٥ | لەهەندەران نەژی |
| ٧١ | ئاکۆ صالح قادر | هاوکار | ١٩٩١-١٩٩٠/٥ | بەردەوامە لەخەبات |
| ٧٢ | رەووف رەزا (مەلا رەووف) | ئەنصات | ١٩٨٧ - ١٩٨٥ | لەدەربەندیخان نەژی |

### کۆر و کۆبونەوەکانی نوسەران

لەگەڵ بڵاوکردنەوە، نوسەران ناو بەناو بەشداریان لە کۆر کۆبونەوەی ئەدەبییان دەکرد، لێرە دەتوانین ئاماژە بە کۆری شعر خوێندەوەو، چیرۆک خوێندنەوە بدەین، بێ گومان ئەم گۆڕانە کاتی خۆی گرنگی خۆی هەبووە، وەک لە فیلمی دۆکۆمینتاریەکەدا کۆری شێرکۆ بێکەس لەسەرگەلو تۆمار کراوە، حەمە کەریم عارف یش چەندین کۆری چیرۆک خوێندنەوەی لە مزگەوتی سەرگەلوو-هەڵەدن ئەنجام داوە هەروەها لەکاتی نمایشە شانۆیەکانیش، هەندێ جار شیعر دەخوێندرایەوە.

### هونەر لە ڕاگەیاندنی ی.ن.ک

لەگەڵ مەفرەزە سەرەتاییەکانی ی.ن.ک دا چەندین هونەرمەند پەیوەندییان بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکرد. هەرچەند ئەوانە خۆیان لەناو ڕێکخستنەکاندا کاری سیاسییان ئەنجام ئەدا، لەهەمانکاتدا وەک پێشمەرگە ڕۆڵی کاریگەری خۆیان دەبینی. لەوانە شەهید عەبەی مەلا و شەهید ئازاد هەورامی و دەیانی تر. لەگەڵ گەشەکردنی شۆڕش هونەرمەندان ڕوویان لە شاخ ئەکرد زۆربەیان لە دەووری دەزگای ناوەندی ڕاگەیاند کۆدەبونەوە و کاریگەری زۆریان هەبوو لە بواری چاپ و بڵاوکردنەوە دا، هەروەها لە بواری پاراستنی وره و هۆشیار کردنەوەی جەماوەردا.

## چەند بەرهەمێکی تری نووسەران کە ژمارەی زنجیرەی نەزانراوە

| ز | بابەت | جۆری بابەت | نووسین | وەرگێران | ساڵ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ڕێبەر | - | - | - | - |
| ٢ | دڵێری خۆراگرتن | - | - | - | - |
| ٣ | ئاما نجی ئەدەبیات | - | - | - | - |
| ٤ | ئەفسانەی خۆشەویستی | - | - | - | - |
| ٥ | کوریژگەی چەوەندەر فرۆش | چیرۆك | صمد بەهرەنگی | حەمەکریم | - |
| ٦ | کوێرئۆغلی و کەچەڵ حەمزە | چیرۆك | صمد بەهرەنگی | حەمەکریم عارف | - |
| ٧ | کەچەڵی کۆترباز | چیرۆك | صمد بەهرەنگی | حەمە کریم عارف | - |
| ٨ | یۆلدز و قەلان | چیرۆك | صمد بەهرەنگی | حەمەکریم عارف | - |
| ٩ | فنست ڤانکوخ | شانۆنامە | - | حەمەکریم عارف | ١٩٨٣ |
| ١٠ | مجالس الأدب | - | - | - | ١٩٨٥ |
| ١١ | ئاوێنە بچکۆلەکان | شیعر | شێرکۆ بێکەس | - | ١٩٨٦ |
| ١٢ | شکست | - | - | حەمەکریم عارف | ١٩٨٧ |
| ١٣ | باهۆز | شیعر | صابر صدیق | - | ١٩٨٦ |
| ١٤ | دیدەنی مەرگ | شیعر | سلام | - | ١٩٨٦ |
| ١٥ | مەرگی هەڵۆ | شیعر | محمد کەساس | - | ١٩٨٦ |

(١)

## تیپی میوزیکی شەهید کارزان

لـە سـاڵی ١٩٨١ (مـام جـەلال) کۆبونـەوەی بـە دەزگای ڕاگەیانـدن کـرد لـە ناوزەنـگ، لـەو کۆبونەوەیـە (ئـاراس ئیبراهیـم) پێشـنیازی دامەزراندنـی تیپێکـی مۆسـیقای کـرد، بـۆ وتنـەوەی گـۆرانـی و سـرودی نیشـتمانی ئـەو بەرهەمانـەی کـە لەلایـەن ڕژێمـەوە ڕێـگای پێنادرێـت، لەشـاخ تۆمـار بکرێـت و لـە ڕادیـۆ سـودی لێوەربگیرێـت. لـەو کۆبونـەوە پەسـەند کـراو پشـتیوانی لێکـرا. ئـاراس ئیبراهیـم ئـەو هونەرمەندانـەی کـە پێشـمەرگە بـوون کۆکـردەوە و تیپـی مۆسـیقای شـەهید کارزانیـان دامەزرانـد.

(دوای دانیشـتنەکانمان لەگـەڵ مـام جـەلال، لەگـەڵ هیـوا قسـەم کـرد، شـەهید ئـازاد هەورامـی زۆر پشـتگیری پرۆژەکەیـان دەکـرد. ئـەوە بـوو زۆربـەی هونەرمەندانـی بـواری مۆسـیقا کۆبوونـەوە لەوانـە هۆشـیار ئەحمـەد، شـوان کابـان، هیـوا، سـالار، ئەحمـەد کەرکوکـی، ڕزگار. پاشـان بارەگایەکیـان بـۆ دابیـن کردنیـان لـە زەڵـێ)[١٤].

لـە ١٩٨٢/١/١ لـە هۆڵی خاڵە شـەهاب لـە ناوزەنـگ بـە بۆنـەی سـەری سـاڵی نوێـوە ئاهەنگێکـی خنجیلانـە بـۆ مـاوەی سـێ ڕۆژ ئەنجـام درا.

لەکاتـی پرۆڤەکانـی تیپـی شـانۆی شـۆڕش لـە شـانۆگەری فایلـی ٦٧ ئاراس ئیبراهیـم مۆسـیقاکەی دانـا و گۆرانـی شـانۆگەریەکە لەلایـەن شـوان کابانـەوە وتـرا. هەروەهـا دلێر ئیبراهیـم گۆرانـی هێـدی هێـدی لـە شـیعری پۆشـکین و وەرگێڕانـی شـێرکۆ بێکـەس بـۆ شـانۆگەری هاوارێکـی تاسـاو ئامـادە کـرد.

لـە (زەڵـێ) ١٩٨٢ یەکەمیـن کاسـێت بـۆ هونەرمەندانـی حیزبـی دیموکراتـی کوردسـتان-ئێران تۆمـار کـرد، سـرودەکان و گۆرانیـەکان

---

١٤ئاراس ئیبراهیم- چاوپێکەوتنێک بۆ فیلمی دۆکیومێنتی.

لەلایـەن (ئیقباڵـی حاجـی)) ئامـادە کرابـوو.

تیپـی مۆسـیقای شـەهید کارزان توشـی هەندێـک گیروگرفـت بـوون، ناکۆکـی لـە نێوانیانـدا دروسـت بـوو، بۆیـە ئەندامـە سـەرەکیەکان تیپەکەیـان بەجـێ هێشـت و پەیوەندییـان کـرد بـە مەفـرەزە و کـەرت و تیپەکانـی پێشـمەرگەوە.

لەگـەڵ دامەزراندنـی (یەکێتـی هونەرمەندانـی کوردسـتان) دلێـر ئیبراهیـم بـوو بـە لێپرسـراوی کۆمیتـەی شـاخ، بڕیاریانـدا تیپـی مۆسـیقای شـەهید کارزان سـەربە یەکێتـی هونەرمەنـدان بێـت و کارەکانـی دەسـتپێبکاتەوە.

لە(بەرگەڵـو) بـارەگای تیپەکەیـان دروسـت کـرد، دەسـتیان کـرد بـە چالاکـی خۆیـان ئامێـر ژەنەکانـی تیـپ بریتـی بـوون لـە (ئـاراس ئیبراهیـم، دلێـر ئیبراهیـم، ڕزگار، هۆشـیار ئەحمـەد، عەبدولقـادر حەسـن، شـوان کابـان، سـالار، توانـا، ئـازاد خانەقینـی، حەمـە جـەزا، و سـەلام). هەنـدێ لـە پێشـمەرگە و کادرەکانـی ئێزگـەی دەنگـی گەلـی کوردسـتان هاوکاریـان دەکـردن وەکـو کـۆرس لەوانـە (حاکـم فەرهـاد، قوبـادی مـەلا ڕەسـول، کاوەی ئیعـلام، ئـازاد چـالاک، ئـازاد جـەلال).

لەبـارەگای بەرەگەڵـوو تیپـی مۆسـیقای شـەهید کارزان سـێ کاسـێتی بەنرخـی بەرهـەم هێنـا،، کـە چەندیـن گۆرانـی و سـرودی بەپێـزی تێدابـوو وەک (دایـە ماڵئـاوا، سنوور، لـە دوورەوە، هێدی هێدی، مەتەرێز، واوەتـەن، ئاسـودەبن، دەبـا فاشـیەکان) لەگـەڵ کۆمەڵێـک گۆرانـی فۆلکلـۆری، زۆربـەی ئـاواز و دابەشـکردنی ئـەم بەرهەمانـە لەلایـەن ئـاراس ئیبراهیـم و، دلێـر ئیبراهیـم و ڕزگارەوە ئەنجـام ئـەدرا.

لـە دوای ئـەوە ماوەیـەک تیپەکـە لـەکار کـەوت، قەناعەتـی ئەندامانـی تیـپ لەوەدابـوو (گـەر ناتوانـن کاری جوانتـر بکـەن، نەیکـەن چاکـە)[15]

لەگـەڵ دەسـتپێکردنی گفتوگـۆی شـۆڕش لەگـەڵ میـری بیـر لـە ئاهەنگـی نـەورۆز کرایـەوە، لیژنەیـەک بـۆ ئـەو مەبەسـتە ئامـادە کـرا، بڕیـار درا ئـەو

---

[15] دلێر ئیبراهیم چاوپێکەوتنی تایبەت بۆ فیلمی دۆکیۆمێنتاری.

ئاهەنگە لە سورداش بکرێت.

تیپی مۆسیقای شەهید کارزان ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لەم ئاهەنگەدا. هەرچەند وا چاوەڕوان دەکرا چەند هەزار کەسێک ئامادە بێت لە ئاهەنگەکەدا ئەویش بەهۆی تەواو نەبوونی گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێمدا، بەڵام دەرەنجام وا کەوتەوە زیاتر لە نیو ملیۆن کەس ئامادەی ئاهەنگەکە بوون و ئەمەیش ئەوە دەردەخات کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان ڕەگی پتەوی لەناو جەماوەردایە.[١٦]

تیپی مۆسیقای شەهید کارزان دیسانەوە لە کارو چالاکی کەوت تا دوای ئەنفال، لە شاری سەقز بیریان لە ڤیستیڤاڵێکی فراوان بۆ یادی نەورۆز و یەکەم ساڵی کارەساتی هەڵەبجەدا. بۆ ئەم مەبەستەش پەیوەندیان بە هونەرمەندەکانی ترە کرد شێوەکار و فۆتۆ و فیلمی ڤیدیۆیی و شانۆکار هەموویان ئامادەیی خۆیان دەربڕی و خۆیان سازدا بۆ ئەو مەبەستە.

تیپی مۆسیقای شەهید کارزان لەم ڤیستیڤاڵەدا توانی ئەوە بسەلمێنێت کە توانایەکی زیاتری هەیە لەو بەرهەمانەی پێشوی وەکو دلێر ئیبراهیم دەڵێت (من پێم وابوو کاتی ئەوە هاتووە کارێکی جیاواز ئەنجام بدەین، واتە قۆناغێکی نوێ بۆ تیپی مۆسیقای شەهید کارزان تۆمار بکەین).[١٧]

لەو ڤێستیڤاڵە کۆڕاڵی داستانی هەڵەبجەیان پێشکەش کرد کە یەکێکە لە کارە هەرە جوانەکانی تیپی مۆسیقای شەهید کارزان.

ئەم کۆڕاڵە لە سینەمای (ئازادی) لە شاری سەقز پێشکەش کرا بۆ ماوەی یەک هەفتە بەردەوام بوو، جگە لە خەڵکی شاری سەقز، لە شارەکانی تری کوردستانەوە خەڵکێکی زۆر ئەهاتن تاوای لێهات ڕۆژانە ناچار دەبوون دەرگاکان دابخەن. ڕۆژی کۆتایی دەرگای سینەماکەیان لەبنا دەرکرد.

لەم ڤیستیڤاڵەدا ئەم گۆرانی بێژو مۆسیقا ژەنانە بەشدارییان

---

١٦ئاهەنگی نەورۆز ١٩٨٤ لە فیلمێکی دۆکۆمێنتاری ڤیدیۆییدا.

١٧دلێر ئیبراهیم- چاوپێکەوتنی تایبەت بۆ فیلمی دۆکۆمێنتاری.

کـردووه: (ئـاراس ئیبراهیم-کەمـان، شـوان کابان-درامـس و گۆرانـی، سـۆران جـەلال- پیانـۆ، دلۆڤـان- کلارنێت، دلێـر ئیبراهیم-ڕابـەر و ئـاواز و دابەشـکردن، گۆرانـی بێـژەکان: (حەمـە جـەزا، عەتـای حاجـی عەلـی، سـەلام، سـیار بامەڕنـی، ئاکـۆ ڕەش) لەگـەڵ دوو گـروپ کۆرسـی کـوڕان و کچـان. ئـەوەی شـایەنی باسـە بـۆ یەکەمیـن جـار بـوو لـە سـەردەمی جمهـوری ئیسـلامیدا کچـان لەسـەر شـانۆ سـرورد و گۆرانـی بڵێـن. ئـەم کۆڕاڵـە بەکامێـرای عەبـاس عەبدولـرزاق وێنـە گیـراوە.

## (٢)
## شانۆ

أ- تیپی شانۆی شۆڕش:

پێـش ئـەوەی تیپـی شـانۆی شـۆڕش دامەزرێـت، چەندیـن هەوڵـی جیـا جیـا هەبوولـە پێشکەشـکردنی شـانۆ لـە شـاخ و بـە تایبەتـی لەناوچـە ئازادکراوەکانـدا و چەندیـن هونەرمەنـدی خـاوەن ئەزمـوون پەیوەندییـان بـە شۆڕشـەوە کـردووە، وەک (فـازل جـاف، تەهـا بـاراوی، هێمـن مەجیـدو هتـد) هەروەهـا لـە یـادی دامەزراندنـی ی.ن.ک سـاڵی ١٩٧٩ کۆمەڵێـک هونەرمەنـدی شـانۆکار لـە ئێرانـەوە سـەردانی ناوزەنـگ یـان کـردو شـانۆگەریەکیان پێشـکەش کـرد، لەوانـە (هـادی غـولام، ئیبراهیـم عـەرەب، نیهایـەت کـەرەم، حسـن کـەرەم).

کۆمەڵێـک پێشـمەرگە لەسـاڵی (١٩٨٠) لەناوەنـدی کۆمەڵـە کۆبونـەوەو تیپێکـی شـانۆیان دامەزرانـد، ئـەم بەرهەمانەیـان لەمالیمـۆس پێشکەشـکرد:

١- شـانۆیی (بوکـی خوێنـاوی) نوسـینی (لـۆرکا)و دەرهێنانـی (هێمـن مەجیـد)و نواندنـی: (مامۆسـا محەمـەد کەرکوکـی، شـیرین، بێگـەرد، حەمەنـوری کەرکوکـی، مسـتەفا هەڵەبجەیـی، مامۆسـتا ئەحمـەد).

٢- شـانۆیی (کۆڵنـەدان) نوسـینو دەرهێنانـی (هێمـن مەجیـد) نواندنـی (هـاوڕێ قەسـاب، شـەهید هیـوا، شـەهید تەنیـا، شـۆڕش).

٣- شـانۆیی (هەمـوو لێپرسـراوین) لـە (النـار والزیتون)ەکـەی (ئەلفرێد فـەرەج) وەرگیـراوە[١٨]، چەند بەرهەمێکی وەک تیپی شـانۆیی لەلایـەن پشکۆ ئاکامـەوە پێشـکەش کراوە.

لـە کۆتایـی ١٩٨١ عەبـاس عەبدولـڕەزاق پەیوەنـدی کـرد بـە ناوەنـدی کۆمەڵـەوە، دواتـر لـە دەزگای ڕاگەیانـدن جێگیـر بـو بەمەبەسـتی دامەزراندنی تیپی شـانۆی گـەرۆک لەبەر ئەزمونـی پێشـووی لـەو بوارەدا. لەسـەرەتاکانی ١٩٨٢ دوای ئـەوەی چەنـد خوێندکارێکـی پەیمانـگای هونـەرە جوانەکانـی سـلێمانی لەبـەر ئـەوەی بەشـدارییان لـە مانگرتنەکـەی خوێنـدکاران کردبـوو لـە ترسـی گرتـن دەسـتیان لـە خوێنـدن هەڵگـرت و پێوەندیـان بەهێزی پێشـمەرگەوە کـرد، لـە دەزگای ڕاگەیانـدن لـە (توژەڵـە) کۆبونـەوە، لەگەڵ ئـەو خوێندکارانـەی بەشـی شـانۆ چەنـد خوێندکارێکی تـر لەبـواری شـێوەکاری و میوزیکیـش هاتبونـە دەرەوە، دواتـر هەریەکەیـان بـاس دەکەیـن.

بـەم شـێوەیە تیپـی شـانۆی شـۆڕش دامـەزرا و لـە گونـدی (زەڵـێ) لەگەڵ تیپـی مۆسـیقای شـەهید کارزان بەیەکـەوە بارەگاکەیـان کـردەوە بـۆ یەکـەم جـار لـە شۆڕشـی نـوێ گەلەکەمـان تیپێکـی شـانۆی دابمەزرێـت، دواتـر چەنـد هونەرمەندێکـی شـاری هەولێـر پەیوەندیـان بـە تیپەکـەوە کـرد وەک (پەیمـان بەگـۆک، غـازی غەفـور و موئەیـەد فەقـێ) یەکەمیـن بەرهەمـی تیپـی شـانۆی شـۆڕش شـانۆیی فایلـی ٦٧ بـوو، لەنوسـین (ئیسـماعیل فەهـەد ئیسـماعیل سـاڵی ١٩٧٤) لـە ١٤ / ٥ / ١٩٨٢ (لـە گۆرەپانی بـەردەم گونـدی (زەڵێ) بـۆ پێشـمەرگە و هاوڵاتیان نمایش کرا، شـانۆگەرییەکە لـە دەرهێنانـی (عەبـاس عەبدولـڕەزاق) و مۆسـیقای (ئـاراس ئیبراهیـم) و دیکـۆری (ڕابـەر جـەلال) و دەنگـی گۆرانیەکـەش (شـوان کابـان)

١٨زانیاری دەربارەی ئەم شانۆییانە لە (هێمن مەجید) وەرگیراوە.

بوو، نواندنی ئازاد ناسیح (ئازاد کەرکوکی) لە رۆڵی نانەوا، بێگەرد لە رۆڵی خێزانی نانەوا، نازەنین لە رۆڵی دایکی نانەوا، عومەر حیکایەت خوان، ئاوات حکایەت خوان، موئەیەد فەقێ لە رۆڵی کوژراوەکە و رادیۆ، بەکر عەبدوڵڵا لە رۆڵی چاوش، کاروان لە رۆڵی محقق، غازی غەفور لە رۆڵی حەس حەس، منداڵێک بەناوی رەنج موبارەک حەسەن، پاشان شانۆگەریەکە لە گوندی (شێنێ) جارێکی تر نمایش کرا بەڵام بەدەست کاریەوە ناوەکەیشی گۆرا بە (کێ کوشتی)، لەلایەن خاتو هیرۆ ئیبراهیم وێنەی ڤیدیۆیی گیراوە[19]، لە رێبازی نوێ بە گرنگی یەوە لەسەری نوسراوە٠

هەر هەمان شانۆیی بە گۆڕانی ستافەکەی بە شێوەی شانۆی گەرۆک کە شتێکی دوور و درێژیان بۆ ناوچەکانی دۆڵەرەقەو باڵەکایەتی کرد و پاشان پەڕیەوە بۆ دەشتی کۆیە، لەوێ بۆ هاوڵاتیان و جارجارەش لە بارەگاکانی پێشمەرگە شانۆگەریەکە نمایش کرا (دیارە لەو رۆژە سەختانە و لەدەرەوەی شار و لە ژێر زەبری فرۆکە و تۆپبارانی حیزبی بەعس، ئەو جۆرە شانۆگەریانە دەوری بەرچاو و کاریگەرییان هەبوو لە ورەی پێشمەرگە و زاخاوی مێشک، هەر بۆیەش لە بارەگاو دێهاتە دوورەکانەوە پێشمەرگە و هاوڵاتیان بەتاسەوە دەهاتن بۆ سەیرکردنی ئەو نمایشە کە دەرهێنەرەکەی بەجۆرێکی ئەوتۆی کورداندربووی وەکو بڵێی خۆیان لە ناو رووداوەکاندا بوون[20].

ئەکتەرەکانی (تیپی شانۆی شۆڕش)ی گەرۆک ئەمانە بوون: (عەباس عەبدولڕەزاق، کاروان حاجی – غازی غەفور،– بەکر عەبدوڵڵا،– نازەنین،– موئەیەد فەقێ یونس،– حاجی مەسیفی، – عەبدولئەمیر کە پاشان شەهید کرا- عەبدولوەهاب مەسیفی).

دووەمیان بەرهەمی تیپی شانۆی شۆڕش شانۆیی (هاوارێکی

---

١٩ ڕێبازی نوێ. ژمارە ٥ ساڵی ١٩٨٢ لا٤٥ شیاوی باسە ڕێبازی نوێ بە قەوارەی دەفتەری دەردەچوو.

٢٠ ئەرسەلان بایز ئیسماعیل. ڕاگەیاندن و شۆڕش و بزوتنەوەی شیعری کوردی.

تاساو) بوو، جلیل زەنگەنە لە چیرۆکێکی (دزی بەشەرەفی) دوستو فیسکی ئامادەی کردبوو، بەدەستکارییەوە عەباس عەبدولڕەزاق ئەرکی دەرهێنانی گرتە ئەستۆ، ئەم بەرهەمە موزیکی تایبەتی بۆ دانرابو لەلایەن ئاراس ئیبراهیمەوە گۆرانیەکی تایبەتی بۆ یەکەم جار بۆ کرا.

مۆسیقای دلێر ئیبراهیم و گۆرانی (هێدی هێدی) شیعری پۆشکین شێرکۆ بێکەس کردویەتی بە کوردی، لەلایەن (شوان کابان)ەوە وتراوە.

دوا بەدوای ئەوە شەڕەکانی هێزی پشتیوان دەستی پێکرد، عەباس بە کامێرایەکی فۆتۆگرافی زینەت TTL لەبەرەکانی شەڕ بوو، بارەگاکانی سەرکردایەتی گوێزاریەوە بۆ (باوزێ و سەرشیو) پاشان بۆ دۆڵی جافەتی، لەو ماوەیەدا زۆربەی ئەندامانی تیپی شانۆی شۆڕش پەرتەوازە بوون.

دواتر لە هەڵەدن و پاشان لە (سەرگەڵو) هەندێ لە ئەندامەکانی کۆبونەوە، لێرەوە گرنگی بوونی شانۆی گوندنشینەکان دروست بوو. لە(سەرگەڵو) بەهاوکاری ئەنجومەنی گوندی (سەرگەڵو) شانۆگەری (صادقی حەماڵ) یان پێشکەش کرد لە چیرۆکێکی _ (ئەلبانی) وە وەرگیراوە و ئامادەکردنی عەباس عەبدولڕەزاق بووە.

بە درێژایی ئەو ماوەیە چەندین زنجیرەی رادیۆ یان پێشکەش کردو لە رادیۆ دەنگی گەلی کوردستان بڵاوکرایەوە.

١- راپەرینەکانی شاری قەڵادزێ، نووسینی عەباس عەبدولڕەزاق و دەرهێنانی غازی غەفور. نواندنی موئەید فەقێ، غازی غەفور، کاروان، هاورێ، خولە (ئیبراهیم و بێگەرد)..

٢- داستانی هەڵۆی سوور، نوسینی و دەرهێنانی عەباس عەبدولڕەزاق، نواندنی مستەفا قەسیم، نەهرۆ، کوێستان، کاروان، حەمە عەلی خان.

بارەگاکانی تیپی شانۆی شۆڕش ماوەیەک لە (هەڵەدن) و پاشان لە (بەرگەڵو) جێگیربوون تا کاتی گفتوگۆی شۆڕش، لەگەڵ ئەنجومەنی کوندی هەڵەدن تیپی شانۆی منداڵان و گەورەکان دامەزرا و چەندین بەرهەمی تێداپێشکەش کرا. وەک (دادگای شۆڕش) کە لە

فیلمە دۆکۆمینتاریەکان دەرئەکەوێت نوسی عەباس عەبدولڕەزاق و دەرهێنانی و راهێنانی مەدحی مەندەلاوی یە، ١٩٨٣ –١٩٨٤ لە شوێنی خۆیان مانەوە، یەکەم بەرهەم لەوکاتەدا لە ئاهەنگی نەورۆز لە ساڵی (١٩٩٤) لە سورداش پێشکەش کرا و بەناوی (دیوار و دەنگی خوێن) لە نوسینی شێرکۆ بێکەس و دەرهێنانی (مستەفا قەسیم) و نواندنی ئازاد بەرزنجی و عەباس عەبدولڕەزاق و کاروانی حاجی قادر ئەحمەد و شۆڕش عەباس.

دوابەدوای ئەم بەرهەمە چەندین هونەرمەندی ناودار پەیوەندییان پێوەکردن خۆیان سازدا و شانۆگەری (مەرگەساتی دۆشا و فرۆشە هەژارەکە) یان لەچەند شوێنێکی نزیک شارە گەورەکان پێشکەش کرد، یەکەم نمایش لە گوندی (کرژەی نزیک شاری سلێمانی بوو)، ئەم شانۆگەریە نوسینی (سەعدوڵڵا وەنەوس) و دەرهێنانی مستەفا قەسیم نواندنی ئازاد جەلال –حەمە عەلی خان و کاروانی حاجی – روناکیو بەرێوەبەری بەرهەم عەباس عەبدولڕەزاق.

(نمایش ئەم شانۆگەریە یەک مانگ زیاتری خایاند و خەڵکێکی زۆر لە شارو شارۆرچکەکان دەهاتن بۆ شانۆگەریەکە)[٢١]

لە جەمەلۆنێکی گەنجینەی توتن شانۆیەکی بۆ دورست کراو زەویەکەی بەڕاخەر فەرش کرابوو خەڵکی لەسەر زەویەک دادەنیشتن.

دوابەدوای ئەویش لە گوندی (کەردز) ناوچەی هەولێر نمایش کراو ماوەی دوو هەفتە نمایشەکە بەردەوام بوو.

دوا بەدوای ئەوە لە کاتی کفتوگۆکاندا لەسەر داوای عەباس عەبدولڕەزاق هەڤاڵ مام جەلال بڕیاری کڕینی ڤیدیۆ و کامیرایەکی (پورتابل)ی دا، یەکەم کامێرای ڤیدیۆیە دوای کامێرا ڤیدیۆکەی خاتوو هێرۆ ئیبراهیم لەشۆڕشدا کاری وێنەگرتنی کرد. کامێراکە لە (حەمە زێڕنگەر) بە (٥٠٠ دینار) کڕدرا. جۆری کامێراکە JVC درامایەکی

٢١ ئەرسەلان بایز ئیسماعیل. ڕاگەیاندنی شۆڕش و بزوتنەوەی شیعری کوردی.

ڤیدیۆیی ئامادەکرا یەکەمیان بە ناوی (رووە و قەندیل) نووسینی عەباس عەبدولڕەزاق و دەرهێنانی حەمە عەلی خان.

دوەمیان (داستانێ هەڵۆی سوور لە زیندانی فاشیەکانەوە، لە نووسین و دەرهێنانی عەباس عەبدولڕەزاق و مستەفا قەسیم، بەڵام فیلمی دووەم تەواو نەبوو داستانی (دابان هەلاج) دەستی پێکرد.

ئیتر ئەو تیپە لە گەڵ ژمارەیەک لە هونەرمەندانی تر لە دوای دەست پێکردنەوەی شەڕ لە ساڵی ١٩٨٥ دا کاری نەماو ئەندامەکانی پەرتەوازە بوون و تیپی شانۆی کوردستاندامەزرێنرا. [٢٢]

ب- هونەری جوتیاری:

ئەم ئەزمونە لە شۆڕشی ولاتان تردا بونی هەبووە، وەک ولاتی چین فێتنام و کەمبودیا، ئەریتریا، لە ڕوانگەی هۆشیارکردنەوەی جەماوەری ناوچە رزگار کراوەکان، یەکێک لە هۆیەکانی گرنگی راگەیاندن تیپە شانۆییەکانە، لەگەڵ گواستنەوەی بارەگاکانی سەرکردایەتی بۆ دۆڵی جافەتی، رۆڵی کاریگەری هونەرمەندانی تیپی شانۆی شۆڕش، کارکردنە لە ناو دانیشتوانی ناوچە رزگار کراوەکان، بۆیە بیر لە شانۆی ئەنجومەنی گوندەکان کرایەوە لە شوێنی جیا جیا چالاکی هونەری ئەنجام ئەدرا.

**یەکەم: ئەنجومەنی هەڵەدن..**

بەهۆی بوونی مامۆستایانی شۆڕشگێڕی سەر بە یەکێتی مامۆستایانی کوردستان توانرا سود لە خوێندنگاکان وەربگیرێت و بەهاوکاری ئەنجومەنی گوندی هەڵەدن دواتر خۆی بووە خاوەنی تیپی هونەری بۆ بوارە جیاجایکانی تر هونەر.

١- چەند ئاهەنگێکیان گێرا و چەندین شانۆگەرییان پێشکەش کرد وەک

٢٢ لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ هیوا رەووف.

(دادگای شۆڕش) کە لە نوسین عەباس عەبدولڕەزاق و دەرهێنانی مەدحی مەندەلاوی، هەروەها شانۆیی (پیاو بەکردەوەیە) ئەم شانۆگەریانە لە نواندنی ئەندامانی ئەنجومەن و خەڵکی هەڵەدن و خوێندکارانی ئەو گوندە بوو وەک لە فیلمە دوکۆمینتارییەکەدا وێنەگیراوە. دواتر ئەم تیپە کەوتنە گەشتێک بۆ (سەرگەڵو)و (چالاوە)و (گاپیلۆن).

٢- دەرکردنی مانگ نامەیەک بە ناوی (ژیلوان) بەسەرپەرشتی (مەدحی مەندلاوی) ئەم مانگانەمەیە (٨) ژمارەی دەرچوەو ئەنجومەنی هەڵەدن سەرپەرشتی ئەکرد.

٣- کردنەوەی پێشانگای شێوەکاری بۆ هونەرمەندانی شێوەکاری دەزگای راگەیاندن.

٤- پیشاندانی فیلمی چالاکی پێشمەرگە بە تەلفزیون لە گوندەکان.

**دووەم: بەری کۆیە (دەشتی کۆیە) و گەرمیان[٢٣].**

لەوێش تیپێکی چالاک دامەزرێنرا بەناوی تیپی چەوسەوەکان (لالۆ رەنجدەر)و مامۆستا سۆران (صلاح) سەرپەرشتیان دەکرد و چەند چالاکییەکیان لە شوێنە جیاجیاکان ئەنجامدا وەک (مەرگە) و (کاولان).

لەناوچەی مەڵبەندی ٣ی هەولێریش لە گوندی بالیسان بەهەمان شێوە چەند گروپێک پەیدابوون و چالاکی هونەریان پێشکەش دەکرد کە (مامۆستا مەجید)و (سیار بامەرنی). سەرپەرشتیان دەکردن. هەروەها لە ناوچەکانی تیپەکانی ٢١ی کەرکوک و ٢٥ خاڵخالانیش بەهەمان شێوە چەندین ئاهەنگی لەو جۆرەیان ئەنجامداوە.

٢٣ پرۆژەی ئەرشیفی شۆرش، چاوپێکەوتن لەگەڵ عەباس عەبدولڕەزاق (عەباسی ڤیدیۆ).

**سـێیەم: لەبـەری قەرەداغیـش بـە هەمـان شـێوە کاری هونـەری و پیشـانگای تایبـەت کراوەتـەوە.**

**چوارەم: لەناوچەی شارباژێر و شارەزوور.**

چەندیـن هاولاتـی و پێشـمەرگە کاری هونەریـان پێشـکەش کـردوە، بەتایبەتـی تیپـی پێشـمەرگەکان ئاهەنگێکـی خنجیلانەیـان ئەنجـام دا لەوانەی کە تێدا بەشداری کردووە (شـێخ جەمال شـێخ محێدین) بێژەری دێرینـی شـۆڕش. ئـەو بەرهەمـە بـە ڤیدیـۆ وێنەکـراوە.

لێـرەدا بۆمـان دەردەکەوێـت شـان بـە شـانی دەزگاکان و بوارەکانـی تـر راگەیانـدن و هونەریـش رۆڵـی گرنگـی خـۆی دەبینـی لـە گەشـەکردنی ئاسـتی وهۆشـیاری و نیشـتمانی ئەمـە جگـە لـەوەی چەندیـن خێـزان و خەڵکـی شـارەکان دەهاتـن بـۆ بینینـی ئـەو بەرهەمانـە.

**ج– تیپی شانۆی کوردستان:**

بیرۆکـەی دامەزراندنـی تیپـی شـانۆی کوردسـتان، لـە مانگـی ئـازاری ١٩٨٦ دا سـەری هەڵـداوە و یەکەمیـن کۆبونـەوەش بـۆ ئـەو مەبەسـتە لـە گونـدی (مالومـە) ی دۆڵـی جافەتـی ئەنجامـدا، لەنێـوان هونەرمەندانـی پێشمەرگە (سۆران عوسمان، هیوا رەئوف، قادر محەمەد ئەحمەد) ساز کرا.

پاشـان پەیوەنـدی کـرا بـە چەنـد هونەرمەندێکـەوە (ئـازاد جـەلال، پـەرۆش محـەرەم،. هەڤاڵ غەفور، ئەحمەد ئیبراهیم، ئازاد سـەوزە، ئارام محەمەد بچکۆل، زاهیر غەریب، بەکر عەبدوڵڵا. دوای گفتوگۆ لە گەڵیاندا گەیشـتنە ئەنجام و لەمانگی مایس ١٩٨٦ پێوەندیان بە دەزگای ناوەندی راگەیاندنـی (ی.ن.ک)وە کـرد لـە (بەرگەڵـو)، هەرچەنـد ئەندامانـی تیپەکـە دەیـان و یسـت لەگـەڵ (یەکێتـی هونەرمەندانـی کوردسـتان) کارەکانیـان

ئەنجـام بـدەن. بـەڵام کۆمیتـەی شـاخ یەکێتـی هونەرمەندانـی کوردسـتان رازی نەبـوو.

دوای جێگیـر بـوون و ئیش و کارەکانی تیپەکـە، کەوتنـە خۆ ئامادەکردن و پرۆڤەکردن، لەسـەرەتای مانگی ٨ ی سـاڵی ١٩٨٦ شـانۆیی (لـە زیندانی فاشیەکان) دا پێشکەش کرا، نوسـین و دەرهێنانـی سـۆران عوسـمان، ئەو شـانۆگەریەی لەگوندەکانـی ناوچـەی (گەرمیـان)و (دۆڵـی جافەتـی) نمایـش کرا.

(تیپـی شـانۆی کوردسـتان وەک بـە شـێک لـە دەزگای راگەیاندنـی پێشـمەرگە بایەخـی زۆریـان بـە زینـدوو راگرتنـی گیانـی بەرگـری و قارەمانێتیـدا لـە خەباتـی رەوای گەلەکەمـان).[24]

## (١)
## بەرهەمەکانی تیپی شانۆی کوردستان

١- شـانۆیی (لەزیندانـی فاشـیەکاندا) نووسـین و دەرهێنانـی سـۆران عوسـمان سـاڵی ١٩٨٦.

٢- شـانۆیی (تارمایی راسـتیەکان) نوسـینی سـۆران عوسـمان دەرهێنانی هیـوا رەئـوف ١٩٨٧.

٣- شـانۆیی (دەوڵەتـی پیـاوە نەخۆشـەکە) نوسـینی دەرهێنانـی (قـادرۆک) ساڵێ ١٩٨٧.

٤- شانۆیی (بڕیار) نوسینی و دەرهێنانی ئازاد سەوزە ١٩٨٧.

٥- شـانۆی (راگوێـز) نوسـین و دەرهێنانـی قـادرۆک (قـادر محەمـەد ئەحمـەد) ١٩٨٨.

٦- شـانۆی (مناڵـە چەوەنـدەر فرۆشـەکە) نوسـینی (صەمـەد بەهرەنگـی) ئامادەکردنـی و دەرهێنانـی زاهیـر غەریـب. سـاڵی ١٩٨٨.

---

٢٤ ئەرسەلان بابیز ئیسماعیل, راگەیاندنی شۆڕشو بزوتنەوەی شیعری کوردی

**(٢)**

## بەرهەمەکانی تیپی شانۆیی کوردستان لە دوای ئەنفال لە کوردستانی ئێران

- شانۆیی (راگوێز) لە ١٩٨٩ لە گوندی بکەلی بۆ خولی مەشقی پێشمەرگە پارتیزانەکان، لەشاری سنە بۆ ماوەی ٤ چوار رۆژ لە شاری سەقز بۆ ماوەی ١٨ رۆژ نمایش کرا.
- شانۆیی (مرۆڤ و دەنگی ویژدان) چیرۆکی کاکەوەیس، ئامادە و دەرهێنانی هیوا رەئوف ساڵی ١٩٨٩ لە شاری (سەقز) بۆ یادی کیمیابارانی هەڵەبجە.
- شانۆیی (گەورە بە گەورە) نوسینی عومەر عەلی ئەمین، دەرهێنانی هیوا ڕەووف ساڵی ١٩٨٩ لە شارەکانی بانە و سەقز.
- شانۆیی (بۆیاخچی) نوسینی ئازاد سەوز دەرهێنانی هیوا رەئوف لە ساڵی ١٩٩٠ لەسەقز.
- شانۆیی(نێرگز و مەرگی هەڵەبجە) نوسین و دەرهێنانی قادرۆک لە ساڵی ١٩٩٠.
- گروپێکی تر لە سەقز شانۆگەری (کۆتری سپی) یان پێشکەش کرد لە ئامادەکردنی عەباس عەبدولڕەزاق و دەرهێنانی عەبەی تەمە.

(لەگەڵ ئەو هەموو کەم و کوڕیانەشیدا دا تیپەکانی شانۆی شۆڕش و کوردستان بۆ ئەو رۆژانە ڕۆڵی گەورەو کاریگەریان هەبوو بۆ پاڵپشتی کردنی بزوتنەوەی رزگاریخوازی خەڵکی کوردستان و شۆڕشە چەکدارە رەواکەی).[٢٥]

---

٢٥ هیوا ڕەئوف لە چاوپێکەوتنێکدا..

(٣)

## شێوەكاری

پەیوەندیكردنی ئەو هونەرمەندە شێوەكارە شۆڕشگێرانە بە شۆڕشەوە، كاریگەریی بەرچاوی هەبوو لەسەر بوارەكانی چاپەمەنی و گۆرانكارییەكی چۆنایەتی لە شێوازی چاپەمەنی ئەمە جگە لەوەی رەوتی پۆستەری سیاسی و پۆستەری شەهیدانی فراوان كرد و كاریگەری دروست كرد لە ناو خەڵكدا.

دوای ئەوەی (مەدحەت كاكەیی) لەناوەندی كۆمەڵە و (ئەردەلان) و (گارا) لە چاپخانەی مەركەزی كاریگەرییان هەبووە بەسەر چاپخانەكاندا. هەروەها ئەم هونەرمەندانە لە(ناوزەنگ) لەرۆژی (١٩٨٢/١/١) پێشانگایەكی شێوەكاریان كردەوە، سەرنجی خەڵكی و پێشمەرگەی راكێشا، ئەوەش بوو بە سەرەتایەك بۆ دروستبیونی تەوژمێكی تر لە چالاكی شارستانی لە شاخ، دواتر هونەرمەندانی تر پەیوەندیان كرد بە شۆڕشەوە ئەوانیش زیاتر لەم بوارەدا كاریان دەكرد.

لێرەدا دەبێ ئاماژە بۆ كارەكانی كاكە عەبە بكەین كە چەندین پێشانگای كاریكاتێری لەناوزەنگ كردۆتەوە.

سەرەتای ١٩٨٣ هونەرمەند رەمزی قوتبەدین لە زیندان ئازاد كرا بە لێبوردنێكی گشتی لەلایەن رژێمەوە، پەیوەندی كرد بە دەزگای راگەیاندنی (ی.ن.ك) رەمزی یەكێك بوو لە ئەندامانی كۆمەڵە، لەلایەكی تریش كاریگەری مامۆستا (سەروەت ئەنوەر سەوز) مامۆستا (كامەران شەوقی) لە (یاخسەمەر) وای كرد لەكاتی سەردانی رەمزی بۆ ناوچەی دۆڵەڕوت بە تایبەتی لە قزلەر لەسەر رێگای سەرەكی لای مزگەوتەكە بە شێوەیەكی سەیر تابلۆكانی هەڵواسی و پێشانگایەكی گەڕۆكی كردەوە، ئەم پێشانگایە بۆ ماوەی چەند رۆژێك خەڵكی لە

شـارەوە سـەردانی دەکـردن.

کاریگەریـی ڕەمـزی لـە بـواری فۆتۆگرافـدا زۆر بـوو، چونکـە خـۆی وەک بنەماڵـە وێنەگـرن و شـارەزاییەکی چاکـی هەبـوو لـە چـاپ کردنـی وێنـەکان.

دوای گواسـتنەوەی سـەرکردایەتی بـۆ (بـاوزێ و سەرشـێو) دەزگای ڕاگەیاندنیـش لـەوی جێگیـر بـوو، (عەبـاس عەبدولـڕەزاق) و (ڕەمـزی قوتبەالدیـن) بوونـە دوو ئەندامـی ستۆدیۆی فۆتۆگرافی دەزگای ڕاگەیاندن.

بـەم گۆڕانکارییـە کاریگەریـی و ڕۆڵـی فۆتـۆ لەسـەر چاپەمەنی دەرکەوت. لـە هەڵـەدن جێگـر بـوون لەنـاو خوێندنـگای هەڵـەدن بەشـی (فۆتـۆ) لـە دەزگای ڕاگەیانـدن دانـرا، لەوێـش چەندیـن پۆسـتەری شـەهیدان چـاپ و بڵاوکرایـەوە لەلایـەن شـێوەکارەکانەوە بـە شـێوەیەکی زانسـتی دیزایـن ئەکـرا، لەڕێـی ئـەو پۆسـتەرانەوە شـێوە ڕاگەیاندنێکـی نـوێ هاتەکایـەوە، لـە شـارەکانیش هەلدەواسـران، یەکێـک لـەو پۆسـتەرە گرنگانـە کاتـی ڕاپەرینەکانـی قـەلادزێ بـوو کـە بـۆ شـەهید (سـنەوبەر) دروسـتکرا و (یـادی دووسـەد سـاڵەی شـاری سـلێمانی)یان ئـەو دوو پۆسـتەرەی بـۆ شـەهیدبوونی (مامـە ریشـە)و (سـەید کەریـم) کرابـوون لەکاتـی گفتوگـۆدا.

دوای ئـەوەی چاپخانـەی (شـەهید ئیبراهیـم عـەزۆ) گواسـتیەوە بـۆ بەرگەڵـو شـێوەکارەکانی ڕەمـزی، ئـەردەلان، (گارا) لەگـەڵ عەبـاس لـە هەڵـەدن مانـەوە لەوێـش بـەردەوام بـوون لەسـەر کارەکانـی خۆیـان. لـە هاوێنـی ١٩٨٣ (ڕەمـزی و ئـەردەلان) پێشـانگایەکی شـێوەکاریان لەنـاو مزگەوتـی (هەڵـەدن)دا کـردەوە. بـە ئامادەبونـی جەمـاوەری ناوچەکـە و میوانێکـی زۆر لـە شـارەکان و مامۆسـتا و ئیمـام و خەتیبـی مزگەوتەکـە. لێـرەدا دەبینیـن ئـەو دیاردەیـە هاتـە ئـاراوە کـە مامۆسـتای مزگەوتـەکان ڕەزامەنـدی دەربـڕن لەسـەرکردنەوەی پێشـانگا لەنـاو مزگەوتـەکان، ئامادەبوونـی ژنانـی گوندەکانـی دەوروبەریـش یەکێکـی تـر لـە گۆڕانکاریـەکان بـوو. دواتـر پێشـانگایەکیان لەسـەرگەڵو کـردەوە، هـەر هەمـان پێشـانگا لـە مالومـە نمایـش کـرا.

لەکاتی کفتۆگۆکاندا لە گەڵ رژێم لە ئاهەنگی نەورۆز لە سورداش شێوەکارەکان رەمزی قوتبەدین، ئەردەلان (ریبوار مەلا خالید) (گارا) و عوسمان قادر  و ڕیبوار سەعید و چەند هونەرمەندێکی تر لە سورداش پێشانگایەکیان کردەوە.

دواتر ئەم پێشانگایە گوێزرایەوە بۆ بالیسان و دوکان و گەرمیان دوای دەست پێکردنەوەی شەڕ ئەم هونەرمەندانە پەرتەوازە بوون لە چاپخانەکان کارەکانیان ئەنجام ئەدا...

لەگەڵ ئەویشدا بەردەوام بوون لەکاری هونەری خۆیان، هەندێ جار رەمزی قوتبەدین پێشانگای تایبەتیخۆی لە ناو بارەگاکانی دەزگای راگەیاندن نمایش دەکرد.

دوای کارەساتی ئەنفال و کیمیابارانی ناوچەکان و بەجێهێشتنی بارەگاکانی دەزگای راگەیاندن، ئەم هونەرمەندانە لە شاری سەقز جێگیربوون ریبوار لەگەڵ راگەیاندندا بوو، ئەردەڵان و ڕەمزی ژورێکیان لەبەرد بڕان کرتبوو لەوێ بۆیەکەمجار لە شاری سەقز هونەرمەند رەمزی قوتبەدین پێشانگای تایبەتی خۆی لە ژێر زەمینێکی وەرزشی بەناوی (باشگای پیرۆزی) کە دواتر بوو شێوە (گەلەرییەک) کاری هونەری تێدا پێشکەش دەکرا.  دوا بەدوای رەمزی ریبوار سەعید پێشانگای پۆستەرە شیعری پێشکەشکرد. پاشان پێشانگای هونەرمەندان و پێشانگای پۆستەری سیاسیو پێشانگای تایبەتی ئاکۆ غەریب، کە زۆربەیان بە کامێرای عەباسی ڤیدیۆ تۆمار کراون.

هەر لە ئاستی سەقز نەوەستان بەڵکو چەندین پێشانگای شێوەکاری لە (تاران)ی پایتەخت لە مۆزەخانەی مەیدانی ئازادی و خانەی سورە لە مەیدانی ئینقلاب کردەوە، لە شارەگەورەکانیش وەک سنە و بانە و مهاباد. یەکێکی تر لە کارە گرنگەکانی هونەرمەندانی شێوەکاری، کاری منداڵانی هەڵەبجەی شەهید بوە. هونەرمەند ریبوار سەعید رەمزی قوتبەدین سەردانی ئۆردوگای ئاوارەکانی هەڵەبجەیان کرد لەگەڵ خۆیان هەندێ پێداویستی وێنەکێشانیان بردبوو دوای ئەوەی

منداڵانی ئۆردوگا ئەوەی لەدلیان بوو دایان ڕشتبۆوە بە شێوەی تابلۆی جۆراوجۆر کە گوزارشت لە ناخی خۆیان و بیرەوەریەکانیان دەکرد. لە سەقز پێشانگایەکیان بۆ کرایەوە، دواتر یەکێ لە هۆڵە گەورەکانی ئێران لە تاران ئەویش (لە هۆڵەکانی مۆزەی موعاصەرە) کە لەگەڵ شاکارە گەورەکانی جیهان نمایش کرا.

لە یادی نەورۆز و هەڵەبجە یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان فیستیڤاڵێکی گەورە سازدراوە و هەموو هونەرمەندانی موزیک و گۆرانی، شێوەکار، فۆتۆگراف، فیلمی ڤیدیۆیی بەشدارییان تێدا کردو تابلۆکانیان نمایش دەکرد..

دواتر هونەرمەندەکان لەگەڵ بەرهەمەکانیان چونە دەرەوە لە پاریس پێشانگایەکیان کردەوە بۆ دژایەتی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی بەم شێوەیە هونەرمەندانی شێوەکار ڕۆڵی گرنگی خۆیان گیراوە.

(٤)

## فۆتۆگراف

دوای روخانی رژێمی پاشایەتی ئێران، بیر لە گرنگی ستودیۆی فۆتۆگرافی[٢٦] رەش و سپی کرایەوە بۆ چاپخانەکان، موبارەک حەسەن لە ئێران هەندێ کەرەسەی پێویستی هێنابوو وەک

- لار چەریکی مام ناوەند.
- ستاندێکی گەورە.
- کامێرایەکی گەورە ماميا.
- برِیکی زۆر کاغەزی پۆست کارت، فول سایز، کابنێت، شیت.
- دفلۆبەر.
- هایپۆ.

ئەم ستودیۆیە لە ماڵی کاک موبارەک لە زەڵی دانرا. سەرەتا کاتێ ویستیان (الشرارة) بگوازنەوە لە سوریاوە بۆ کوردستان لەبری مۆنتاژ بە کامێراکە وێنە دەگیراو دواتر ستێنسڵ دەکرا.. کوالێتی زۆر باش نەبوو دواتر وەک پێویست سودی لێ وەرنەگیرا، تا ئەوکاتەی کە سەرکردایەتی گواستیەوە بۆ (باوزێ)و (سەرشیو) بەرەسمی دوکەسی تر سەرپەرشتییان دەکرد ئەوانیش (عەباس عەبدولرەزاق)و (رەمزی قوتبەدین) بوون.

دواتر لە (باوزی) یش نەمانەوە بەرە و (دۆڵی جافەتی) کەوتنەرێ و لە (هەڵەدن) لە خوێندنگاکەی هەڵەدن جێگیربوون، شونێکیان بۆ ستۆدیۆکە دابین کرد، ستودیۆکە رۆڵی خۆی دەبینی لەگەشەکردنی شێوەی بەکارهێنانی وێنە لە بڵاوکراوەکاندا و هەروەها پۆستەری شەهیدان و پۆستەری سیاسی بۆ زیاد کرا.

---

٢٦ چاوپێکەوتنی لەگەڵ موبارەک حەسەن.

شـێوەی چاپەمەنیـەکان جوانتـر بـوو، بـووە هـۆی دروسـت بوونـی بەرگـی جـوان بـۆ کتێبـەکان و فۆرمـی تایبەتـی وەرگـرت. دواتـر کـە ئۆفسـێتێکی گـەورەی یەکرەنـگ و زایراکسـی نـوێ بـۆ چاپخانـەی شـەهید (ئیبراهیـم عـەزۆ) پەیـدا کـرا ئـەو سـتۆدیۆ زیاتـر گرنگـی پێداکـرد.

پێـش گفتوگـۆی شـۆڕش لەگـەڵ میـری سـاڵی ١٩٨٤ بـە مانگێـک هونەرمەنـدان (عەبـاس عەبدولـڕەزاق)و (ئـەردەڵان)[٢٧] پێشـانگایەکی فۆتۆگرافـی رەش و سـپی یـان ئامـادە کـرد کـە لـە مزگەوتەکـەی هەڵـدن نمایش کرا، لـەو پێشـانگایە زیاتر ئـەو کاغـەز و دەرمانانەییـان بەکارهێنا کە کاتی خـۆی موبـارک حەسـن لـە ئێرانـەوە هێنابونی، کە گفتوگۆ دەستی پێکرد ئـەو پێشـانگایە بـرا بـۆ بالیسـان و جەماوەریکـی زۆر لـە شـارەکانەوە دەهاتـن، ئـەو پێشـانگایە زیاتـر وێنـەی پێشـمەرگە و منـاڵ و خەڵکی ناوچـە ڕزگارکراوەکانـی لـە خـۆ گرتبـوو. دواتـر ئـەو سـتودیۆ گوێزاریـەوە بـۆ سـەرگەڵو لەنـاو گونـدی سـەرگەڵو دوکانێکـی دانـا بـۆ ئـەوەی وێنـەی پێشـمەرگە بگرێـت، ئـەو دوکانـە شـێخ جەعفـەر سـەید عەلـی بەریـوەی دەبرد، ئامانـج لـەو دوکانـە کۆکردنـەوەی فیلمـەکان و نوسـینی ناوەکانیـان بـۆ ئـەوەی وەک دوکیومێنتێـک بـەکاری بهێنـێ، پاشـان درا بـە چاپخانـەی شـەهید ئیبراهیـم عـەزۆ.

لەمانگـی ٥ / ١٩٨٤ عەبـاس عەبدولـڕەزاق پێشـانگایەکی گـەورەی فۆتۆگرافـی لـە خوێندنگاکـەی (کوتـەڵ) لەسـەر ڕێـگای سـلێمانی دوکان کـە کاتـی خـۆی سـەیرانگا بـوو، بەنـاوی پێشـانگای هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان زیاتـر لـە(٣٠٠) وێنەیفۆتۆگرافـی رەش و سـپی و رەنـگا و رەنگی تێدابوو، ئـەم پێشـانگایە جەماوەرێکـی زۆر لـە شـارەکان دەهاتن بۆ سـەیرکردنی(١٥)رۆژ مایـەوە، کاریگەریـی زۆری هەبـوو، بـە ڤیدیـۆ وێنـە گیـراوە، زۆربـەی وێنەکانـی بـە کامێـرا (TTL) وێنـە گیـراوە لـە ئەنـدازەی فولسـایز چاپکرابـوون و هەندێکیـان شـیت بـوون.

---

٢٧ ئەردەڵان؛ (ڕێبواری مەلا خالید)ی هونەرمەندی شێوەکارە.

ئـەم پێشانگایەگەشـتێکی بەناوچەکانـی گەرمیانـدا کـرد، ئـەوکات (صوبحـی کاکەیـی) پەیوەنـدی کردبـوو بەشۆڕشـەوە خـۆی وێنەگـر بـوو لەمـاوەی گفتوگـۆدا لەبەشـی فۆتـۆ مایـەوە پاشـان گەڕایـەوە.

لێرەدا دەبـێ ئامـاژە بـۆ کامێراکـەی خاتـوو (هێـرۆ ئیبراهیـم ئەحمـەد) بکەیـن، کـە وێنـەی ئەرشـیفێکی گرنگـی لایـەو پێـش هەمـوو ئەوانـەی ناویـان هاتـوە گرنگـی داوە بـە وێنـە گرتـن.



ساڵی (١٩٩١) لەیادی دامەزراندنی حیزبی شیوعی ئیتاڵیدا لە (میلانۆ) پیشانگایەکی فۆتۆگرافیی بۆ بەشی فۆتۆگرافی دەزگای ناوەندی راگەیاندن کرایەوە, کۆمەڵێک لەوێنەکان کران بەپۆسکارتو پۆستەری گەورەو نمایشکران کە ئەم وێنەیە یەکێکە لەو وێنانە.

(٥)

## فیلمی سینەمای و ڤیدیۆی

وەک ئاشکرایە لە شۆڕشەکانی پێشووی گەلەکەمان. یەکێک لە کەموکوڕییەکانمان ئەوەبوو کە دۆکۆمێنتی وێنەیی کەمی لەپاش خۆی جێ هێشتووە، ئەوەیش کە هەیە خەڵکی بیانی و ڕۆژنامە نوسان گرتویانە و بەدەگمەن کەسێکی کورد ئەو کارەی کردووە. گەر کرابێت هیچ لەوانە دیارنیە.

لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان لەناو پێشمەرگە و کادرەکانی (ی.ن.ک) کامێرای فوتۆ زۆربەی کات دەتبینی لەگەڵ تاقمی تفەنگ و رادیۆ کیفی پێداویستیەکانی، کیفێک بۆ کامیراکەیشی پێبوو.

هەر لە سەرەتاکانی دەست پێ کردنەوەی شۆڕش کامێرای سینەمای سوپەر(٨ ملم)ی کانون هاتە ناو شۆڕش، پێش (کارەساتی هەکاری)[٢٨] ئەو کامێرایە بەدەست شەهید (دکتۆر خالید)ەوە بوو لە کۆبونەوەکانی پێشمەرگەدا وێنەی گرتووە، لەچەند فیلمی دۆکۆمێنتاری بیانیەکان دا سودی لێوەرگیراوە.

دوای ئەوە هەمیشە خاتوو هێرۆ ئیبراهیم بە کامێرای فۆتۆ یان کامێرای ڤیدیۆیی وێنەی پێشمەرگەکانی گرتووە. بۆ یەکەم جاریش لە ساڵی ١٩٨٢ کامێرای ڤیدیۆی بەکار هێناوە لە ناوەزەنگ، خزمەتێکی گەورەی بەم بوارە کردووە، توانیویەتی دەیان و سەدان فیلمی دوکۆمینتاری کۆبکاتەوە کاری بەپێز و نایاب ئەنجام بدات، چەندین برگەو فیلمی لە کەناڵە جیهانیەکان بڵاوبۆتەوە، خاتوو هێرۆ وەک رابەری ئەم بوارەیە، یەکەمین کەسیش بووە هەمیشە کامێرای

٢٨ کارەساتی هەکاری لە سەرەتای هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش لە ناوچەی سێگۆشەی نێوان عێراق ئێران و تورکیا پێشمەرگەکانی (ی.ن.ک) کە بۆ هێنانی چەک بەرەو سوریا کەوتبوونە رێ لەگەڵ هێزەکانی قیادەی مۆقەتە دەرگیر بوون.

پێبووه، ئێستاش لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ی.ن.ک و کەناڵی کوردستان دەیان برگەی بە پێزی لێ دەبینین.

دوا بەدوای ئەو عەباس عەبدولڕەزاق، کامێرای سینەمای هەڵگرت (ئەودەم لە تیپی شانۆدا بو)، سەردانی کاک ئەرسەلانم کرد و کامێرای سۆپەر(٨ ملم)سینەمای مارکەی کانونم لا بینی، ئەو کامێرایە کاتی خۆی شەهید د.خالید بەکاری هێنابوو، بەڵام لەبەر ئەوەی فیلمەکانی (تحمیض) نەدەکرا بۆیە گرنگ (نەبوو) لەلایان، لەگەڵ ئەم کامێرانەدا زیاتر لە (١٠٠) ئەڵقەی فیلمی سۆپەر (٨ ملیمی) (٣) دەقەیی هەبوو، لەگەڵ تیپی شانۆی شۆڕش گەشتێکی ناوچەی باڵەکایەتی و دەشتی کۆیەمان کرد، لەوێوە بەو کامێرایە لەگەڵ پێشمەرگەکانی تیپی ٩٣ کۆیە بەشداریی چالاکییەکی ناو شارم کرد و بە کامێراکە وێنەم گرتن)[٢٩].

ئەمە بەسەرەتایەک دادەنرێت بۆ وێنەگرتنی سینەمای هەر لەوکاتدا خاتوو هێرۆ ڤیدیۆیەکی گەورە و کامێرایەکی بۆ هاتبوو وێنەی شانۆگەریی فایلی ٦٧ی گرت.

پاشان دوای گەڕانەوەی (عەباس) بۆ (ناوزەنگ) لەلایەن (نەوشیروان مستەفا)وە بانگ کرا. پێداویستیەکانی بۆ دابین کرا، دوای گواستنەوەی دەزگاکانی سەرکردایەتی بۆ (باوزێ سەرشیو) ئەو کامێرا و فیلیمانە گەیشت، کە بریتی بو لە :

١-کامێرای کانونی(٨٠٠) فول ئوتوماتیک بەو کامێرایە کارەکانی دەکرد، بەڵام لەبەر نەبونی شوێنی (تحمیض) نەختێ سارد بوونەوەی دروست کرد.

لەکاتی گفتوگۆکانی شۆڕش بەو کامێرایە وێنەی سینەمایی بۆ ئاهەنگی نەورۆز لە سورداش گیرا، ئەو فیلیمانە درا بە د.فوئاد مەعصوم، ڕەوانەی دەرەوە کرا بۆ تحمیض. بەڵام تا ئێستا بێسەرو شوێنە.. کاک (پۆلا) لە (چریکای فیدائی خلق ئیران)یش کۆمەڵێک زۆر لەو فلمانەی

---

٢٩ عەباس عەبدولڕەزاق- چاوپێکەوتنی کەناڵی کوردسات.

برد کە لەگەڵ فیلمەکان نامەیەکی عەباس ڤیدیۆو سیناریۆیەک بۆ ئەو کارانەی نوسیبو لەم دواییەدا لەناو ئەرشیفەکانی عومەر شێخ موس کە دراوە بە زانکۆی (پریسکە) بەریتانی، سیناریۆو نامەکە دۆزرایەوە، بەلاّم ئێستاش فیلمەکان بێ سەرو شوێنە.

لەو ماوەیەدا عەباس عەبدولڕەزاق سوودی لە دوو کادری حزبە ئێرانیەکان وەرگرت کە ئەوان بۆ خۆیان دەرچووی بەشی سینەما بون، یەکەمیان (زۆراب) لە حزبی رەنجبەرانی ئێران، دووەمیان (ئەرژەنگ) لە (چریکای فیدائی خەڵکی ئێران) بوون.

لەدوای ئاهەنگی نەورۆز لە(سورداش) لەرێی (ئەرسەلان بایز)ەوە کە ئەوکات لێپرسراوی دەزگای راگەیاند بوو داوای کامێرا و ڤیدیۆیەکی پورتابڵیان کرد، ئەوە بو هەڤاڵ مام جەلال رەزامەندی دەربڕی و (م.س) یش پارەکەی سەرف کرد.

ئەو کامێرا و ڤیدیۆیە مارکەی JVC بوو کاک محەمەد زەرەنگەر لە بازاڕی وەسمان پاشا کڕا پارەکەی (٥٠٠) پێنج سەد دینار بوو، لە سورداش کاک دکتۆر فوئاد پارەکەی سەرف کرد.

بەکڕینی ئەو کامێرایە گۆڕانێ کەوتە ناوکاری وێنەگرتن لە دەزگای راگەیاندن، یەکەم جار تیپی شانۆی شۆڕش بیری لە درامایەکی ڤیدیۆ کردەوە لە(کانی بەردینە) لە نوسینو وێنەگرتنی (عەباس عەبدولڕەزاق)و دەرهێنانی (حەمەعەلی خان) بوو، بڕی تێچونی فیلمەکە (١٢٠)دینار بوو. ئەو فیلمە تیپی شانۆی شۆڕش سودی لە ئەکتەرەکانی شاری سلێمانی وەرگرتووە دوا بەدوای ئەو فیلمە درامای (لەزیندانی فاشیەکانەوە) نوسینی (عەباس عەبدولڕەزاق)و دەرهێنانی (مستەفا قەسیم) بوو. بەلاّم تەواو نەکرا.

رژێمی بەعس هێرشێکی دڕندانەی کردە سەر (گۆپتەپە)و وێرانی کرد. بەکامێرای ڤیدیۆ وێنە گیراوە.

دواتر شەڕ لەنێوان رژێمو شۆڕش دەستی پێکرد، پێشمەرگە پەلاماری زنجیرە شاخەکانی (چەرماوەند)ی دا کامێرا ڤیدیۆ JVC

یەکە لەگەڵ پێشمەرگە لە قوڵی شەدەڵەوە وێنەی گرت.

لە ژمارەی (ڕێبازی نوێ) بەم شێوەیە نوسرابوو (کامێرایش لەوێ بوو) نوسەرەکەی فەرهاد سەنگاوییە، بەدەنگی خۆیشی لە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان خوێندییەوە.

ئەم کارە دادەنرێت بە سەرەتایەک بۆ بە شداریی کامێرا لە نەبەردەیەکانی پێشمەرگە، لێرەوە بیرۆکەی دامەزراندنی بەشی سینەما لەدەزگای ناوەندی راگەیاندن سەریهەڵدا.

دوا بە دوای ئەوە، ئەو بەشە کارەکانی خۆی ئەنجام دەدا، توانی لە ناو ڕیزەکانی پێشمەرگە خۆشەویست بێت، و هەمیشە لە جەولەی دورو درێژدا بێت، وردە وردە پێشمەرگە و خەڵکی ناوچە ڕزگار کراوەکان گرنگی ئەو دەزگایان دەزانی دوا بە دوای فیلمی دابان، لە مەڵبەندی یەکی شارباژێر، مۆنتاجی ئەو دوو فیلمە دۆکۆمینتاریە کراوە، فیلمی (گۆپتەپە جوانتر دروست دەکەین) و (ئەم جارەش بەفر گری گرت). ئەویش بە یەکەم کاری مۆنتاژ لە شاخ دەژمێردرێت. پاشان بەشی سینەما لە مەڵبەندی چوار لەگەڵ پێشمەرگەکانی گەرمیان بۆ چالاکی گەورە لە (سماقوڵی) بوون، ئەو ڕۆژە چوار فڕۆکە بۆردومانی سەختی گوندەکەیان کرد، زوربەی روداوەکانی بۆردومانەکە بەو کامێرایە وێنە گیراوە ئێستا یەکیکە لە دۆکومینتەکانی ئەو سەردەمەیە. لە فیلمێکی کورتدا بەناوی (بۆردومانی سماقوڵی) بڵاوکرایەوە.

کامێرا هەمیشە لەگەڵ کەرتو تیپو مەڵبەندەکاندا، هاوکاری دەکرد، دەیان نەبەردیی‌و چالاکی لەناوچە جیاجیاکاندا تۆمارکردوە، ئەمە جگە لەوەی دەیان سەعات وێنەی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ناوچە ڕزگارکراوەکان و دیاردە گرنگەکان و و شوێنە گرنگەکان، داب و نەریت و هتد.... تۆمار کراوە.

لەساڵی ١٩٨٦ (دڵشاد محەمەد عەلی) پەیوەندی کرد بە بەشەکەوە، ئەویش ڕۆڵی خۆی بینی لەکارەکانی، هەرلەهەمان ساڵدا کامێرایەکی ڤیدیۆی (پورتابڵ)ی نوێ بۆ بەشەکە زیادکرا، ئەو کامێرایە لە جۆری A2 ناشناڵ، ئەم کامێرا و ڤیدیۆیە (ئێستا لە کار کەوتوە لە ئەرشیفی نەتەوەیی وەزارەتی ڕۆشنبیری دواتر گوازرایەوە بۆ بنکەی ژین لەوێ پارێزراوە. هەر ئەم ڤیدیۆیە یەکەم ڤیدۆ بوو کە یەکەمین پەخشی ئەزمونی تەلەفیزیۆنی گەلی کوردستانی پێ کرا). لە دوای ئەوە ئیتر بەدوو کامێرای ڤیدۆ ئەم بەشە کارەکانی ئەنجام ئەدا، کامێراکان بۆ شوێنە جیاجیاکان دەڕۆیشتن. هێزی پێشمەرگەی کوردستان پەلاماری موڵگاکانی رژێمیدا لە سەری رەش. ئەو ڕوداوە خوالێخۆش بوو (دڵشاد محەمەدعلی) کاری وێنەگرتنی کردووە.

دوای ئەوەی بڕیاردرا بەشی سینەما لە هاوینی ١٩٨٦ بارە گایەک لە بەرگەڵۆ دروست بکەن لە پشتەوە ستۆدیۆیەکی بچکۆلە دروست کرا ژورێک بۆ دانیشتن و ژورێک بۆ تۆماری دەنگ، دەیان کەرەسەی پێویستی تر دابین کرا.. لەو ستۆدیۆیە چەند ین بەرهەمی فیلمی دیکۆمێنتاری مۆنتاژ کرا.

بەرهەمەکانی بەشی سینەما بریتی بوو لە:

١- (گۆپتەپە جوانتر دروست دەکەینەوە) ماوەکەی(٢٠)دەقیقەیە VHS. باس لە هێرش و وێرانکارییەکانی ڕژێم دەکات لە گوندی گۆپتەپە، وێنەگرتن و مۆنتاژی عەباسی ڤیدیۆو ریپۆرتاژی فەرهاد سەنگاوی.

٢- (ئەمجارەیان بەفر گڕی گرت) ماوەکەی(٤٠)دەقیقەVHS وێنە گیراوە، باس لە هێرش و پەلاماری هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکات بۆ سەر موڵگاکانی رژێمە لە زنجیرە چیای(چەرماوەند) ((دابان-حەلاج)). وێنەگرتن و مۆنتاژی عەباسی ڤیدیۆو ریپۆرتاژی فەرهاد سەنگاوی.

٣- (نەخۆشخانەکانی شۆڕش) ماوەکە ٢٢ دەقیقەVHS ڕۆڵی

گرنگی نەخۆشخانەی مەرکەزی و نەخۆشخانەی تری شۆڕش دەخاتە روو، وێنە گرتن و ئامادە کردن ومۆنتاج عەباس عەبدولڕەزاق.

٤- (بۆردومانی سماقولی) ماوەکەی ١٨ دەقیتەVHS باس لەڕۆژیکی گوندی سماقوڵی لە کاتی بۆردومانی دڕندانەی فڕۆکەکانی دوژمن. وێنەگرتن و ئامادەکردنی (عەباس عەبدولرەزاق). ئەم فیلمە لەلایەن (ئیشرنی ئەڵمانی) لەگەل دوو رۆژنامەنوسەکەیان (هانس یوهانان و جەی ئولان) ڕەوانە کراوە.

٥- (داستانی سەری رەش) ماوەکەی VHS باس لە هێرشی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ سەر مولگاکانی دوژمن لە سەری رەش دەکات وێنە گرتنی (دڵشاد محەمەد عەلی)و مۆنتاژی (عەباس عەبدولڕەزاق).

٦- (خەباتی مامۆستا) ماوەکەی (٢٨) دە قیقە بەVHS گیراوە ئەم فیلمەباری پەروەردەو ڕۆڵی مامۆستا یان دەخاتە روو، کەچۆن وەک پێشمەرگەیەک بەردەوامن لەسەر پەروەردەی نەوەکانی ناوچە رزگارکراوەکان ئەم فیلمە هەر لە کاتی خۆی رەوانەی دەرەوە کراوە ولە رۆژئاوا دەیان نامە بۆ سەرکردایەتی شۆڕش نێردا لەبەر گرنگی ئەو فیلمە. وێنەگرتنی عەباس عەبدولڕەزاق و دڵشاد محەمەد عەلی، ریپۆرتاژ عەبدولڕەحمان ئیسماعیل. خویندنەوەی دەق (فەرهاد سەنگاوی) ماوەکەی(٤٥) دەقیقەیە. مۆنتاژی (عەباس عەبدولڕەزاق) بەشێکی ئەم فیلمە لە فیلمە دۆکۆمینتیەکەدایە.

٧- (ڕێگای دوور) ماوەکەی (١,١٥) دە قیقە ئەم فیلمە وەک فیلمێکی دیکۆمێنتاریی باس لە ژیانی ڕۆژانەی پێشمەرگە دەکات. بەوردی مێژووی خەباتی گەلی کوردی خستۆتەروو تا بە کار هێنانی چەکی کیمیاوی لە (بالیسان)و (دۆڵی جافایەتی). وێنەگرتنی زۆربەی زۆری لەلایەن (عەباس عەبدولڕەزاق) وە گیراوە سیناریۆ و ریپۆرتاژ (فەرید ئەسەسەرد) خوێندنەوەی دەق لەلایەن (حاکم فەرهاد) هەڵبژاردنی مۆزیک لەلایەن (سۆران جەلال عەزیز)ەوە،

مونتاژ (عەباس عەبدولڕەزاق). ئەم فیلمە لە (میلانۆ) لە(ئیتاڵیا) لەگەڵ وێنە فۆفۆتۆگرافەکانی عەباس عەبدولڕەزاق نمایش کرا وە ڕۆڵی گرنگی هەبوو بۆ گەلی کورد و ناساندنی بە بینەرانی ڕۆژئاوا. (ئەم فیلمە بە هەردوو شێوەزار کرمانجیخوارووو و ژووررو تۆمار کراوە، بێژەری شێوەزاری بادینی شوان ئاکرێیە).

٨- (الجريمة) فیلمی دیکۆمنتاری ماوەکەی (٢٢) دەقیقە یە بە زمانی عەرەبی بە VHS لەسەر تاوانەکانی صەدام ئەنجامدرا، ئەم فیلمە لە کاتی خۆی لە تەلەفیزیۆنی سوریا چەند بەشێکی لێ پیشاندرا، وێنەگرتن و مۆنتاژی عەباس عەبدولڕەزاق و ریپۆرتاژی عەباس بەدری دەربارەی (تاوانەکانی کیمیابارانی کوردستان و هەڵەبجە).

٩- (پەنجەرەی یاداشتەکان) ماوەکەی (٩٧)دەقیقەیە بە VHS تۆمار کراوە، لە ڤیستیڤالی نەورۆزی هەڵەبجەی شـــەهید نمایش کرا. هەروەها لە میلانۆ لە کۆنگرەی حیزبی شیوعی ئیتاڵی بەشێکی نمایش کرا.

١٠- کلیپی (١٠)سرودی نیشتیمانی لەگەڵ وێنەی نەبەردەکانی پێشمەرگە بە VHS.

ئەم کلیپانە یەکەمین وێنەی پێشمەرگەیە لە یەکەم ڕۆژی پەخشی ئەزمونی لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان پەخش کراوە.

## دەرئەنجام

١- فیلمە دیکومێنتارییەکە وەک بیبلۆگرافیایەکی سەرچاوەکانی مێژووی شۆڕشی نوێی گەلەکەمانو (ی.ن.ک) دەخاتەڕوو.

٢- لەبەر ئەوەی لەشۆڕشەکانی پێشووی گەلەکەمان وێنەی دیکومێنتاری کەم بووە، ئەویش وایکردووە کە زانیاری تەواو لەبەردەستدا نەبێت، بەتایبەتی لەلایەنی وێنەی دیکومێنتارییەوە. ئەگەر هەندێ وێنەش هەبووبێ ئەویش لەلایەن ڕۆژنامەنووسانو گەریدە بیانیەکانەوە بەجێماوەو پارێزراوە.

٣- فیلمە دیکومێنتارەکانی ئەو سەردەمەی ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک) دەبنە بەشێک لەو وێنانەی کە لەکاتی خۆی تۆمارکراوە، هەروەها بەشێکە لە سەروەرییەکانی خەباتی گەلەکەمان، بێگومان ئەو وێنانەیش هەڵقوڵاوی کانی پڕ بەرەکەتی ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک)ە.

## پێشنیارو ڕاسپاردەکان

١- لەبەر ڕۆشنایی ئەم توێژینەوەیە، دەبێ هەوڵ بدرێت ناوەندێک بۆ کۆکردنەوەو پاراستنی ئەو وێنانەو فیلمە دیکومێنتییانە دابمەزرێت، بۆ ئەوەی بەئاسانی لەبەردەستی توێژەرەکان بێت.

٢- هەوڵ بدرێت وێنەکانی گیرفانی ئەو تێکۆشەرانە کۆبکرێتەوە، بەشێوەیەکی زانستی بپارێزرێنو وەک لەئەلبومی وێنەکاندا هاتووە. ئەو وێنانەی ئێستا لەسەر ڕاگەیاندن لەبەردەستمانە، وێنەی گیرفانی پێشمەرگەیە.

٣- پاراستنو کۆکردنەوەی ئەو دیکومێنتانە، ئەرکی سەرشانی هەموو لایەنو ئەو کەسانەیە، کە ئەکادیمیو زانستیانە کاردەکەن.

# سەرچاوەکان

## سەرچاوە کوردیەکان:


١- ئەرسەلان بایز ئیسماعیل، راگەیاندنی شۆڕشو بزووتنەوەی شیعری کوردی. ژمارەی سپاردن: (٤٢٥)ی ساڵی (٢٠٠١)ی وەزارەتی رۆشنبیری پێدراوە.

٢- ئازاد خانەقینی، مادێنا، مێژوو و بیبلۆگرافیای راگەیاندنی (ی.ن.ک)، ناوەندی چاپەمەنیو راگەیاندنی خاک، ژمارەی سپاردنی (٢٠٣)ی ساڵی (٢٠٠٠)ی وەزارەتی رۆشنبیری پێدراوە.

٣- دوکومێنتاریەکانی پرۆژەی ئەرشیفی شۆڕش.

٤- گۆڤاری (نڤار) ژمارە (١) ساڵی (١٩٩٨).

٥- نەوشیروان مستەفا، لەکەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ.

٦- رێبازی نوێ، ژمارە (٥) ساڵی (١٩٨٢).

٧- رەنگاڵە، ژمارە (٢)ی ساڵی (١٩٩٠).

٨- عادل موراد، کوردستانی نوێی ژمارە (١٨٢٦)، (١٩٩٩/٣/٢١).

٩- عادل موراد، کوردستانی نوێ، ژمارە (١٨٥١)، (١٩٩٨/٣/٢٥) دوالاپەڕە.

١٠-مام جەلال، کوردستانی نوێ، ژمارە (١٨٢٦)، (١٩٩٩/٣/٣٠) لاپەڕە(٣).

١١-مام جەلال، بیرەوەریی رۆژنامەنووسیی، دیداری؛ هاوار مستەفا خان.

١٢-نەوزاد عەلی ئەحمەد، گۆڤاری گزنگ، لێکۆڵینەوەی بیبلۆگرافیا. ژمارەی سپاردنی (٤٢٣)ی ساڵی (١٩٩٩)ی وەزارەتی رۆشنبیری پێدراوە.

١٣-نەوشیروان مستەفا، پەنجەکان یەکتر ئەشکێنن.

**سەرچاوە عەرەبیەکان:**

١٤-الفن السابع، (مجلة خاص بالسينما).
١٥-امانج كاكه سور، لمحات من تأريخ اذاعة صوت شعب كردستان.
١٦-الاتحاد، عدد (٧٤)، ١٩٩٤/٤/٩.
١٧-فى السينما، التلفزيون بين الانصار والخصوم.
١٨-مجلة السينما المعاصرة.
١٩-مجلة السينما، طبعة القاهرة.

**سەرچاوە فارسیەکان:**

٢٠-جيم هيلر، ألين لاول، پژوهشهاى در سينماى مستند، ترجمەى وازريک هاكوپييان.
٢١-كرستين متز، نشانه شناسى سينما، ترجمه روبرت صافاريان.
٢٢-داريوش ئوروزى، سيد احمد پايدارى، فيلم كوتاه، سينماى مستقل.
٢٣-فرانگ يوجين پيور، فرهنگ واژەهاى فيلم، ترجمه بيژن اشترى.

**سەرچاوە بینراوەکان:**

٢٤-تاڤگە محەمەد، پێشمەرگە.. مرۆڤ.. کوردسات.
٢٥-پرۆژەی ئەرشیفی شۆڕش (چاوپێکەوتن لەگەڵ عەباس عەبدولڕەزاق).
٢٦-PUK، بەرنامەیەکی تایبەت بە یادی دامەزراندنی (ی.ن.ک).
٢٧-عەباس عەبدولڕەزاق، ئەرشیفی بەشی سینەمای شۆڕش.
٢٨-حەمەسەعید، چاوپێکەوتنی تایبەت لەسەر راگەیاندنی PUK.
٢٩-چاوپێکەوتنەکانی فیلمی دیکۆمێنتاری عەباس عەبدولڕەزاق، سەقز، ١٩٩٠.

## سوپاسو پێزانین:

١- سوپاسی بێپایان بۆئەوانەی هاوکارییان کردم لە فیلمە دۆکۆمێنتاییەکان:


- ئازاد خانەقینی.
- شاخەوان عەبدوڵلا.
- دلێر ئیبراهیمو ئاراس ئیبراهیم.

٢- ئەوانەی هاوکارییان کردم لەتەواوبونی توێژینەوەکەم بەنووسین:

- زانا محەمەد نەجمەدین.
- سۆزانو خەباتو شەنگە.
- کاک (چاوەڕێ وتەها) بۆ هەڵەبڕیو مۆنتاژی ئەم توێژینەوەیە.

- ئەم توێژینەوەی بە چاودێری دکتۆر دڵشاد عەلی ئەنجام دراوە و زۆر هاوکاری کردم.


# وێنەکان




نوسەر لەگەڵ سەرۆک مام جەلال




نوسەر لە کۆبونەوەیەکی سەرۆک مام جەلال


نوسەر لەگەڵ نەوشیروان مستەفا


# ئەلبومی
# وێنەی بەرگەکان



بەرەو بنیاتنانی حیزبی پێشڕەوی کرێکارانی ڕەنجدەرانی کوردستان

کۆمەڵە

ئۆرگانی ناوەندی کومەڵەی مارکسی - لینینی کوردستان
ژمارە / ١ / پاییزی ١٩٧٨



ڕۆژگاری دیموکراسی سۆشیالیزم

لەپێناوی
گەشەپێدانی بەرەی
وبەدیهێنانی پێبەرەی
نیشتمانی دیموکراتی
عیراقـــــی دا

بزوتنەوە


لەپێناوی
گەشەپێدانی بەرەی
وبەدیهێنانی حیزبی
پێشڕەوی شۆڕشگێری
کوردســـتان دا

ئۆرگانی
بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان

ژمارە (٢) زستانی ١٩٨١ نرخی (١٠٠) فلس

لەم ژمارەیەدا:

x دامەزراندنی بەرەی نیشتمانی نەتەوایەتی دیموکراتی قوناغێکی نوێی خەباتمانە •
x ڕێبازی بزوتنەوە •
x شەڕی پارتیزانی •
x لەیادی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردو کوردستان • بونەبەیدی نەمر ماموستا غفور زازلەیی (ئەلیمنت) •
x لەفەرهەنگی سیاسی بەوە •



یەکێتی نیشتمانی کوردستان


عیراقێکی دیموکرات و سەربەخۆ کوردستانێکی ئۆتۆنۆم

ڕاپەڕین

لەم ژمارەیەدا:
* فاشیزم ..............
* یادی ٢٤ ساڵەی ١٤ی تەموز ...
* دوو شیعر ..............
* چیــــــروك ..............
* بەڵگــــەنامە ..............
* کاروانی شەهیــــدان ..........
* ڕاپـــــەڕین ..............


ژمارە ١ خولی ١
خەرمانان ٢٦٨٢
تەمـــــوز ١٩٨٢

ئاگشتبە کۆبیتەی سەرکردایەتی هەڵپرینەدەکات




هەلوێست


لەم ژمارەیەدا :


هەواڵنامەی
کوردستانی عێراق
ژمارە ١٢ - کانوونی یەکەم - ساڵی ١٩٨٠



رزگاری



دەنگی شۆڕشی عێراق
ژمارە ١ ئەیلول ساڵی ١٩٨٣
لەم ژمارەیەدا



ژمارە ١
٢/١ ١٩٨٣
ئەستێرە
گۆڤارێکی منداڵانە مانگی جارێک دەردەچێت



خەباتی مامۆستا
گۆڤاری یەکێتی ی مامۆستایانی کوردستان
ژمارە ٤ خولی ٢ کانونی یەکەم ساڵی ١٩٨٤



نووسەری کورد
یەکێتی
نووسەرانی
کوردستان
لقی هەولێر
ژمارە ١
ساڵی ١٩٨٣


کوردایەتی
گۆڤاری یەکیتی شۆڕشگێرانی کوردستان


گزنگی چووکان
پاشکۆیەکی تایبەتە بە منداڵان
«١»

گزنگ


1

رەنگاڵە
1
1990
RENGALE


كەلتور
KELTUR
4
1988



تەوار
ژن . خەبات . ژیان


- 5 -
الشرارة



ئالای شۆڕش
لە پیناوی پتەوی یەکیتی نیشتمانی کوردستاندا
خەباتی ئالای شۆڕش


هۆره
ژمارە (١١)
...ارتکه تایبەتە بە مۆسیقا



ڕێبازی نوێ
عمر دهلی
بەیای لالش بە
شۆڕشگێڕەکان ئاگوێزریەوە



...کێتی ی نیشتمانی ی کوردستان
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە
- ١٠ -
چەند
نامەیەك
لە زیندانی
فاشیستەکانەوە!



بقلم : آرجي روزفلت
ترجمة من الإنكليزية : طاهر محمد طاهر
جمهورية مهاباد
الكردية



بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی
یەکێتی ی نیشتمانی ی کوردستان
بەبۆنەی شەهیدکرانی
قارەمانی نەمر کاک نجم الدین بیوک کەیا و هەڤاڵەکانی





وتتوالى الأنتصارات
حصيلة النشاط العسكري
لقوات الأتحاد الوطني الكردستاني
خلال عام ١٩٨٥
يتضمن هذا الكراس ابرز المعارك التي خاضتها
قوات البيشمەركە خلال عام ١٩٨٥ ضد الحكم
الدكتاتوري الشوفيني الفاشي وثمة احصائية عامة
في آخر الكراس تتضمن محصل النشاط العسكري طوال
عام كامل .



KURDISTAN'S WRITERS
گۆڤاری یەکێتی نووسەرانی کوردستان



حَقيقة مَواقف
الأتحَاد الوَطنِي الكُردستانِي
مِن ...
▪ المعارضه الوطنيه للتظام
▪ المضمون الحقيقى لحق الشعوب فى تقرير مصيرها
▪ حق تقرير المصير والانعزاليه القوميه
▪ تبديل اسم الاذاعه ..
▪ استمرار الجود فى افترا٠اتها على ثورتنا واتحادنا
▪ المصالحه الوطنيه
▪ شعار الاسقاط
▪ حول موتمر الحزب الاشتراكى الفرنسي
▪ مهماتنا الاساسيه



الأتحاد الوطني الكردستاني
مكتب الأعلام
العراق
والمسألة الكردية


الوطني الكردستاني
المكتب العسكري
تشرين الاول
(١)
بلاغ
العمليات الفدائية
نفذتها فصائل
الكردستانية
الاعلام


الاتحاد الوطني الكردستاني
PATRIOTIC UNION OF KURDISTAN
البلاغ الختامي
لاجتماعات اللجنة القيادية
للاتحاد الوطني الكردستاني
السليمانية :٢٧ـ١٩٩٦/١١/٢٩


القيادة المؤقتة
ركيزة الامبريالية و الصهيونية في كردستان
من منشورات الاتحاد الوطني الكردستاني
رقم " ١ "


الاتحاد الوطني الكردستاني
الخليج
السنة الثالثة ـ ١٩٨٣
العدد الثالث



یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
ڕاگەیاندن
دەنگی شۆڕشی عێراق
-٥-
یەزیدییەکان
لە مێژووی نەتەوەکەیاندا


پێشمەرگە
گۆڤارێکە تایبەتە بە پێشمەرگە و کاروباری پێشمەرگەیی
کانونی دووەمی ١٩٨٣
بەفرانباری ٢٦٨٢
خولی: ١
ژمارە: ١




کۆمەڵێك چاپەمەنی و بڵاوکراوەی ناوەندە جیاجیاکانی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان)

# ئەلبومی تیپەکانی شانۆ و
# کارە شانۆییەکانیان لە شاخ




**شانۆیی**

**(دیوار و دەنگی خوێن)**

**لە فێستیڤاڵی نەورۆز ـ ١٩٨٤ ـ**

**سورداش**



**قادر ئەحمەد**

**ئازاد بەرزنجی**

**شۆڕش عەباس**

**لەکاتی نمایشی شانۆیی**

**(دیوار و دەنگی خوێن)**

**نوسینی (شێرکۆ بێکەس)**


**دەرهێنانی (مستەفا قەسیم)**




**ئەندامانی تیپی شانۆی شۆڕش لە بەرگەڵو**




**(قادر ئەحمەد)**
**لەکاتی نواندنی لە شانۆیی (دیوار و دەنگی خوێن) لە سورداش**




**(مامە ڕیشە)**
**لە بەردەم تابلۆی (تیپی**
**شانۆیی شۆڕش)**
**سورداش**




**شانۆی (ڕاگوێز) ـ تیپی**
**شانۆی کوردستان ـ سەقز**



**منداڵانی (تیپی هونەری هەڵەدن) لەکاتی نمایشی شانۆیی**
**لە هەڵەدن بە سەرپەرشتی مامۆستا (مەدحی مەندەلاوی)**



ڕاپەڕین بەرجەستەکردنی ویستی گەلەکەمان بوو لە ئازادی و دیموکراسی و مافی چارەنووسدا

Email: kawe@kawe.org

11

## تیپی شانۆی شۆڕش

**کوردستانی نوێ**
**بیرەوەری (عەباس ڤیدیۆ)**
**لەسەر**
**(تیپی شانۆیی شۆڕش)**



ئەندامانی (تیپی شانۆیی هەڵەدن)

ئەندامانی دەستەی نوسەرانی بڵاوکراوەی (ژیلوان)ی ئەنجومەنی گوندی هەڵەدن



منداڵانی هەڵەدن لەکاتی نمایشی شانۆیی



(ئارا عومەر فەتاح) لەکاتی نواندن لە نمایشی (سینەما سلاید)



(هەژان سەلاح) لەکاتی نواندن لە نمایشی (سینەما سلاید)



شانۆگەری (بێگار)
نەورۆزی ١٩٨٦
گوندی (قزلوو)ی دەشتی کۆیە
(مەلا شاخی) لەکاتی نواندن



(ڕۆشنا عەلی)
نواندن لە درامای ڤیدیۆیی
(ڕووەو قەندیل)



(دەوەن مەعروف ) لەکاتی نمایشی شانۆگەرییەك



شانۆیی (کۆتری سپی) لەلایەن (تیپی شانۆی ئاوارەکان) لە (سەقز) پێشکەشکرا .
ئامادە کردنی (عەباس عەبدولرەزاق) ـ دەرهێنانی (عەبدولا محەمەد ساڵح)




(حەمە عەلی خان)
نواندن لە درامای ڤیدیۆیی
(ڕووەو قەندیل)



(هەژان سەلام)

لەناو ئاوارەبواندا لە نمایشی (سینەما سلاید) ـ (باشگای پیرۆزی / سەقز)



پیشانگای فۆتۆگرافی عەباسی ڤیدیۆ  لە گۆپتەپە ئەم پیشانگایە لە کاتی دانوستانەکانی شورش لەگەڵ رژێم لە چەند شوێنێک نەمایش کراوە وەک
(کۆتەڵ سەر رێگای سلێمانی دوکان  و بالیسان و گەرمیان )

# ئەلبومی
# تیپی مۆسیقای شەهید کارزان




**ئازاد خانەقینی لەگەڵ هونەرمەندان ـ فێستیڤاڵی نەورۆز ١٩٨٤ ـ سورداش**



**جەماوەری ئامادەبوونی فێستیڤاڵی نەورۆز ـ سورداش**



**تیپی مۆسیقای شەهید کارزان ـ فێستیڤاڵی نەورۆز ١٩٨٤ ـ سورداش**



**کاتی ئامادەکردنی خواردن ـ ئەندامانی تیپی مۆسیقای شەهید کارزان**



**کۆراڵی هەڵەبجە / تیپی مۆسیقای شەهید کارزان ـ فێستیڤاڵی (نەورۆز و هەڵەبجە) ـ شاری سەقز**




**شوان کابان ـ فێستیڤاڵی (نەورۆز و هەڵەبجە) ـ شاری سەقز**



تیپی مۆسیقای شەهید کارزان ـ فێستیڤاڵی نەورۆز ـ سورداش



کۆڕاڵی هەڵەبجە بە رابەرێ مامۆستا دلێر ئیبراهیم ـ فێستیڤاڵی (نەورۆز و هەڵەبجە) ـ شاری سەقز



(ئاراس ئیبراهیم)
كاتی پێشكەش كردنی موزیك لە پێشانگای هونەرمەندانی
شێوەكاری ـ شاری سەقز / باشگای پیرۆزی



ئاراس ئیبراهیم لە پێشانگای هونەرمەندانی پێشمەرگە ـ شاری سەقز



**تیپی مۆسیقای شەهید کارزان ـ سورداش**



**کۆراڵی هەڵەبجە / تیپی مۆسیقای شەهید کارزان ـ فێستیڤاڵی (نەورۆز و هەڵەبجە) ـ شاری سەقز**




**هونەرمەند (حەمە جەزا) ـ فێستیڤاڵی (نەورۆز و هەڵە بجە) ـ شاری سەقز**



**تیپی مۆسیقای شەهید کارزان ـ شاری سەقز**

# ئەلبومی
# چاپخانەو چاپەمەنییەکان





(ڕێبازی نوێ) ئۆرگانی ی . ن . ك له چاپخانەی (ئیبراهیم عەزۆ) لەچاپ ئەدرا




شەهید (عیدان خانەقینی) لەکاتی کارکردن لەسەر (ئۆفسێت)ی چاپی دوو ڕەنگ ـ
چاپخانەی (ئیبراهیم عەزۆ)



**ئامێری (فۆتۆسێڵ)ی چاپخانەی (ئیبراهیم عەزۆ)**



**کادیرەکان لەکاتی (تصحیف)ی ڕێبازی نوێ ـ چاپخانەی (ئیبراهیم عەزۆ)**



**کادیرەکان لەکاتی ( کۆکردنەوی ) ( تصحیف ) ریبازی نوێ**
**چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ**



**(ئۆفسێتی) دوو رەنگ**
**چاپخانەی (ئیبراهیم عەزۆ) بەرگەڵو**



(مەهدی فەیلی) و شەهید (عیدان خانەقینی) لەکاتی کارکردن



(سەعدون فەیلی) لەکاتی مۆنتاژی بڵاوکراوەیەك



(ئۆفسێتی) دوو ڕەنگ لەکاتی کارکردندا



پێشمەرگەکان لەکاتی چاپکردنی نامیلکەکان



پێشمەرگەکانی ڕاگەیاندن کاتی چاپکردنی بڵاوکراوە بە (ڕۆنیۆ) ـ تۆژەڵە



کادیرەکانی ڕاگەیاندن کاتی چاپ کردن بە (ڕۆنیۆ) ـ تۆژەڵە



(كاروان خاليد) لەكاتی چاپكردن بە ئامێری (ئۆفسێت) ـ بەرگەڵو



عەباسی ڤیدیۆ  لە مەعەسكەر خالید لە كاتی رزگار كردنی كەركوك



پێشمەرگەی ڕاگەیاندن لەناو چادرەکەی ـ توژەڵە




پێشمەرگەکان لەکاتی چاپ کردنی نامیلکەکان



شەهید مامۆستا حەیدەر و شەهید خەسرەو فەیلی
لەکاتی سەیرکردنی ( ستێنسل)یک بۆ ئامادەکردن و دڤلوبەر کردن بەرگەلۆ
چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عزۆ



شەهید (خەسرەو فەیلی) لەکاتی کارکردن
لەسەر ئامێری (فۆتۆستێنسڵ) ـ بەرگەڵو



**کادیرانی ڕاگەیاندن لە چواردەوری ڕۆژنامەنوسی ئەڵمانی (هانس یوهانان) لە ڕۆژنامەی (ئشتێرن)**



**کاروانی ڕاگەیاندن کاتی گواستنەوەی (ئۆفسێتەکە) ـ بەرگەڵو**








**بەرگی نوێ و دوو**
**پەڕەی گۆڤاری**
**(ڕەنگاڵە)**
**چۆنیەتی**
**بەکارهێنانی**
**وێنەکان تێیدا**



**(سەعدون فەیلی) و (هاورێ) لەکاتی دیزاین کردنی نامیلکەیەك ـ چایخانەی (ئیبراهیم عەزۆ) ـ بەرگەلو**



كادیرانی ڕاگەیاندن لەکاتی نانخواردنی نیوەڕۆ



چەند پۆستەرێك كە لە چاپخانەی (ئیبراهیم عەزۆ) لەچاپدراوە




**(کاروان خالید) کادری چالاکی چاپخانە لەکاتی کارکردن لەسەر (فۆتۆستێنسڵ) ـ چاپخانەی (ئیبراهیم عەزۆ)**

# ئەلبومی
# ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان



**دانیشتوو : (باست حەمە غەریب) کاتی خوێندنەوەی وتار بە زاراوەی سۆرانی**
**وەستاو : (رێدار) کادیری تەکنیکی**
**ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان لە راپەڕین**



**باست حەمە غەریب**



**ژمارەیەک لە هەڤاڵانی ئیزگەو چەند میوانێک ، سلێمانی گردی عەلی ناجی ، بارەگای ئێزگە ، رۆژانی راپەڕین . راوەستاوەکان لەراستەوە : نەناسراوەتەوە ، شوان کەریم کابان ، ئازاد چالاک ، بەختیار ، قادر ئەحمەد ، قادر حاجی عەلی، عەتا حاجی عەلی ، پشتیوان عەبدولرەحمان، عومەری حاجی عەلی ، حەداد . دانیشتوەکان لەراستەوە : نەناسراوە ، نەناسراوە ، ئاری چالاک، دلۆڤان ، مامۆستا ئیکرام ، سەیدا کاروان یوسف ، سەربەست فەتاح .**




**زیریڤان بێژەری بەشی بادینی**
**ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان لە کاتی تۆمارکردنی وتاریک**



کادرێکی راگەیاندن لە کاتی نوسین لە چادرەکەیدا



ژووری تۆمارکردن و مۆنتاژ ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان



ئامێرێکی پەخشی ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان



ژووری پەخش ، کادیرێکی تەکنیکی
لەکاتی پەخش چاودێری ئێزگە دەکات




(ڕێباز بابان) و (هۆشیار ئەحمەد) لەکاتی
ئامادە کردنی بابەتەکان لەسەر کاسێت



(هۆشیار ئەحمەد) و (ڕێباز بابان)



**ڕێباز بابان**
**لە کاتی مۆنتاژی بەرنامەکان ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان**



**ڕیکۆردەرێکی پەخش**



**ئامێرەکانی پەخش**




ئامێرەکانی پەخش



کادیرێکی تەکنیکی لەگەڵ ئامێرەکاندا لەکاتی پەخش



ئامێری پەخشی نوێ لە ئێزگەی چوارتا




(ڕێباز بابان)
کاتی پەخش و مۆنتاژ لە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان

# ئەلبومی
# هونەرمەندان و نوسەران



**عەباسی ڤیدیۆ لەکاتی چاوپێکەوتنێک لەگەڵ نەوشیروان مستەفا بۆ ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان**



Iraq 1986 .Near Sergalou,2nd right, Jabar Fermand, on his left, Cherko Bekass, Haven Kvestani, Arsalan Baez,Rebwar Ali,Abbas Video .Irak 1986 .A Haladen pres de Sergalou,assis de face, Jabar Fermand, a gauche, Cherko Bekass, Haven Kvestani, Arsalan Baez, Rebwar Ali,Abbas Video

**گۆڕەپانی بەردەم ئێزگە لە بەرگەڵو**
**بە کامێرای رۆژنامەنوسێکی بیانی چرکێندراوە و بڵاوکراوەتەوە**



(شێركۆ بێكەس)
لەكاتی خوێندنەوەی شیعر لە كۆڕی شیعری ـ سەرگەڵو



(فریاد ڕەواندزی) لەكاتی چاوپێكەوتن لەگەڵ هونەرمەند
(هادی ضیائەدینی)
پێشانگای تایبەتی (ڕەمزی قوتبەدین) ـ (باشگای پیرۆزی / سەقز



(بۆردمانی سماقوڵی) ـ فیلمی دیکۆمێنتاری



خیزانێک لە ئەشکەوتەکانی وەرتێ
فیلمی دیکۆمێنتاری بۆردمانی سماقوڵی



**پیشمەرگەیەکی بەرکەوتوی چەکی کیمیاوی بە ناوی ( شەمسەدین ) لە نەخۆشخانەکانی شۆرش گرتەیەکی فیلمی دیکۆمێنتاری( الجریمة )**



یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

شەهیدی نەمر

محمد سعید عبدالله

ناسراو بە . محەمەدی حاجی سعید

ساڵی ١٩٦٣ لە هاوینە هەواری سەرسیری سەر بە قەزای چوارتا هاتۆتە دنیاوە .

هەر لەوێش خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی تەواو کردووە ، تا پۆلی پێنجی دواناوەندی لە شاری سلێمانی تەواو کردووە ، ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی کردووە بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە ، ساڵی ١٩٨١ لەکاتی ئەنجامدانی کاری شۆڕشدا دەست ئیشیان دەکرێت و هەندێ لە هاوڕێکانی دەستگیر دەکرێن بەڵام شەهید محمد خۆی دەرباز دەکات و دەچێتە سەرکردایەتی و لەوێ دەبێتە پ م ، پاشان دەگوازرێتەوە بۆ کەرتی ٣ی تیپی ٢٣ی سلێمانی ساڵی ١٩٨٢ دەچێتە سەفەرەی مەکتەبی عەسکەری ، ساڵی ١٩٨٣ دەگوازرێتەوە تیپی ٥٧ی سەرگرمە ، ساڵی ١٩٨٥ دەگوازرێتەوە کەرتی ڕێکخستنی چوارتا . ساڵی ١٩٨٦ دەبێتە یاریدەدەری فەرماندەی کەرتی ١ی تیپی ٢٧ی شارباژێر ، ساڵی ١٩٨٧ دەکرێتە فەرماندەی کەرت ساڵی ١٩٨٨ دەکرێتە یاریدەدەری فەرماندەی تیپ ، ٨ جار بە سەختی بریندار کراوە .

بەرواری ١٦/٣/١٩٨٨ لەدەوی هاواری سەر بە هەڵەبجەی شەهید دەچێتە کاروانی شەهیدان و تاجی سەروەری لە سەر دەکات .

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهید محمد و گشت شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان


**نمونەی پۆستەرێك کە لە چاپخانەی (ئیبراهیم عەزۆ) لەچاپدراوە**



ئاوارەبوونی خەڵك کاتی ئەنفال ـ
وێنەگر (عەباس عەبدولڕەزاق)
ئەم وێنە لە پێشانگای تایبەتی
فۆتۆگرافی لە (پاریس و ئیتاڵیا)
نمایش کراوە




دوو کچی منداڵ
لە قەندیل ئەم وێنە
لە پێشانگای تایبەتی فۆتۆگرافی
(عەباس ڤیدیۆ)
لە (پاریس و ئیتاڵیا) نمایش کراوە



(عەباس ڤیدیۆ)
لە ستۆدیۆی (بەرگەڵو)
بە کامێرای رەمەزان ئۆز تورک رۆژنامەنوسی  رۆژنامەی ( الصباح )
تورکی چرکێندراوە



(عەباس ڤیدیۆ) و (دڵشاد محەمەد عەلی) لەکاتی وێنەگرتنی راپەڕین
ـ (ئەمنە سوورەکە / سلێمانی)



(عەباس ڤیدیۆ)

لەکاتی وێنەگرتن لە

پێشانگای هونەرمەند (هادی ضیائەدین)

لە تاران .

وێنەکە بە کامێرای هونەرمەند

(ماشاءاللە مەحمودی)

چرکێندراوە




عباسی ڤیدیۆ و رەمەزان ئویزتورک
رۆژنامەنوس رۆژنامەی (الصباح )



(شێرکۆ بێکەس) لەکاتی خوێندنەوەی شیعر لە کۆڕی شیعری



لافیتەی (ڕیکلامی) (پێشانگای هونەرمەندانی پێشمەرگە) لە بەردەم
(باشگای پیرۆزی / سەقز)



**تابلۆی مۆزەخانەی هاوچەرخی ئێران ( موزێ معاصر ) بۆ پێشانگای وێنەکێشانی منداڵانی هەڵەبجە**



**کاری منداڵانی هەڵەبجە لە ئۆردوگاکانی ئێران بە سەرپەرشتی هونەرمەند (ڕێبوار سەعید) مۆزەخانەی هاوچەرخ ـ تاران**





گواستنەوەی نەخۆش بۆ نەخۆشخانەی
(بەرگەڵو) ـ وێنەگر (عەباس ڤیدیۆ)



هونەرمەندان (هادی غوڵام) و (ڕێبوار خالید) ـ
پێشانگای (مەیدان ئازادی / تاران)



مامۆستا (ئەحمەد هەردی) لەگەڵ (ڕێبوار سەعید)
لە پێشانگای شیعر و پۆستەر ـ سەقز




پێشانگای هونەرمەندانی پێشمەرگە ـ هۆڵی
(مەیدان شەهریار / تاران)



**لافیتەی پێشانگای تایبەتی (ڕەمزی قوتبەدین)**



**هونەرمەند (ڕەمزی قوتبەدین) لە ستۆدیۆکەی خۆی لەکاتی چاوپێکەوتن بۆ فیلمی دیکۆمێنتاری ـ سەقز**




**هێڵکاری نامەیەکی**
**(ڕەمـــزی قوتبەدین)**



**پەیکەری سەرەتا ـ چوغماخ**
**پەیکەرساز : هونەرمەند**
**(زاهیر سدیق)**



کـــــــۆڕەو



منداڵێك
لەناو كـــانی
وێنەگر : عەباس
ڤیدیۆ